

کاتی ئەوە هاتووە بڵێین ئیتر بەســە، عێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت، خەریکە چەند کەسێک حوکمی عێراق بەرەو دیکتاتۆریــەت ببەن، عێراق لە قەیرانێکی جددی دایە. بە نســبەتی ئێمە بە هیچ شــێوەیەک قابلی قەبوڵ نییە بــەردەوام بوونی ئەم وەزعە، بۆیە داوا لە ڕابەرانی هەموو حزب و لایەنە سیاســیەکانی عێراق و تێکڕای عێراق دەکەم هەرچی زووترە دانیشــن و بەپەلە چارەسەرێک بۆ ئەم وەزعە بدۆزنەوە و ئالیەتی بۆ دابنێن و لە کاتێکی کورت چارەسەری ئەم وەزعە بکرێت، ئەگینا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ میللەتی خۆمان و بڕیاری کۆتایی میللەتی ئێمە دەیدات، پاشان با کەس گلەیی نەکات.

سەرۆکی کوردستان

# نەتەوەیەک بتوانێت بڕیار بدات ڕێز لەئیرادەشی دەگیرێت



لەرۆژانـــی ١٧-١٨ ی ســـاڵی ٢٠٠٠ کۆنگـــرەی کـــورد و گـــەڕان بەدوای ناســـنامەدا (The Kurds: Search for Identity)، لەمەڵبەندی مستەفا بارزانی لەزانکۆی ئەمریـــکا لەواشـــنتۆن بەڕێوەچوو، ئەم کۆنفرانسە کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند، یەکەم هەوڵی ئەکادیمی بوو لەسەر ئاستی جیهان بۆئـــەوەی بایەخ بەناســـنامەی کورد بدرێـــت، وەك نەتەوەیەکی جیاواز لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆنفرانسەکە بێجگە لەوتاری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆربەی لایەنەکانی پێوەندار بەناسنامەی کوردی لەخۆ گرتبـــوو کە گرنگترینان ئەمانەبوونە: (وڵاتانـــی عەرەبی چۆن ســـەیری کورد دەکـــەن، دیپلۆماتیەتی ئەمریکی چۆن مامەڵـــە لەگەڵ کورد دەکات، بۆچوونـــی یەکێتی ئەورووپا بۆ کورد، باروودۆخی کورد لەعێراق و تورکیا و ئێـــران، فیدرالیزم وەك شـــێوازیك بۆ دیموکراتی عێراق، دەوڵەت و کێشـــەی کـــورد)، لـــەم کۆنفرانســـەدا نێچیرڤان بارزانـــی لەوتارەکەیـــدا بەئامادەبووانی ڕاگەیانـــد، کوردســـتان خاوەنـــی دوو ســـەرچاوەی سروشـــتی گەورەیـــە کە یەکەمیان پەترۆڵەو دووەمیان ئاوە، بەڵام جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئێمە وەك کورد پێشـــتر بەئاگری پەترۆڵەکە ســـووتاوین و ترســـمان هەیە لەئایینـــدەش بەئاوەکە بخنکێین، مەبەستی ئەو لەئاماژەکردنی بۆ ئەو دوو حاڵەتە ئەوەبوو کە کورد هەتا ئێستا بێ ناسنامەو بێ کیان بووە، ئێستا کورد لەقۆناخی بونیادنانی ئەزموونێکی دیموکراتیـــە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا و دەیەوێـــت وەك نەتەوەیەکـــی خـــاوەن ئیرادەیەکی دیموکراتی و ئاشـــتیخوازانە بەم کلتورەوە لەناو جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پێگەی خۆی دیاری بکات، کەواتە دامەزراندنی ســـەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لەزانکۆی ئەمریکا، هەوڵێکـــی ســـەردەمیانەبوو بۆ وەڵامی ئـــەو پرســـیارەی هنتگتن کـــە پێیوایە دەبێت هەموو نەتەوەکان لەخۆیان بپرسن: (ئێمە کێین؟)، بێگومان کۆنفرانسەکەی

**دامەزراندنی سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لەزانكۆی ئەمریكا، هەوڵێكی سەردەمیانەبوو بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی هەنتگتن كە پێیوایە دەبێت هەموو نەتەوەكان لەخۆیان بپرسن: (ئێمە كێین؟)**

سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەدوای ناسنامە دەگەڕێت، كە بێگومان ناسنامەش بەكیانی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆیی نەتەوەیی دیاری دەكرێت.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا گەڕان بەدوای ناسنامە یان پرسیاری ئێمە كێین؟ كە لەخۆمانی دەكەین، ئایا وەڵامەكەی ئاراستەی كێ دەكەین؟ بێگومان وەڵامەكەی ئاراستەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو دەوڵەتانە دەكرێت كە ئێمە وەك كورد لەگەڵیان دەژین، بۆیە وەك هنتگتن دەڵێت دەبێت پرسیاری ئەوەی (تۆ سەر بەكێیت؟) دەبێت بگۆڕێت بۆ پرسیاری (تۆ كێیت؟) ڕاشكاوانتر دەبێت وەڵامی ئێمە وەك كوردستانی لەبری ئەوەی بڵێین سەر بەفلان دەوڵەتین دەبێت ببێتە ئەوەی بڵێین خاوەنی دەوڵەتی خۆمانین، پرسیاری دیكە لێرەدا ئەوەیە ئایا دروستكردنی ناسنامە یان بونیادنانی دەوڵەت بەدیالۆگ و تێگەیشتن لەگەڵ جیهان و ئەو نەتەوانەی لەگەڵیان دەژین، دەكرێت؟ بێگومان كۆنفرانسەكەی سەنتەری مستەفا بارزانی پێمان دەڵێت بەڵێ دەكرێت، بەڵام ئەم هەنگاوە پێویستی بەدەستپێشخەری خۆمان هەیە، واتە ئێمە دەبێت پرسیاری ئەوە ڕووبەڕووی خۆمان بكەینەوە و دەبێت خۆشمان بەدوای وەڵامەكەی بكەوین، بەجۆرێكی دیكە پێویستە ڕاشكاوانە بەجیهان بڵێین ئەگەر هەتا ئێستا ئێوە بەوجۆرە سەیری بونیادی دەوڵەتی كوردستانتان كردووە، كە دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و تەناهی جیهان، ئەوا ئێستا ئێمە ئەو ڕاستییە بەجیهان دەڵێین كە ئێمە هۆكارێكین بۆ ئاشتی و سەقامگیری هەرێمی و جیهان و دەوڵەتانی دراوسێ نەك هەر زیانیان لەو كیانە نەكردووە كە ئێستا لەهەرێمی كوردستان دروست بووە، بەڵكو ئەم هەرێمە بۆتە پێگەیەك بۆ كۆكردنەوەی بەرژەوەندی هاوبەشی بازرگانی و ئابووری دەوڵەتانی دراوسێ و هەروەها دەرگای واڵا كردووە بۆئەوەی پێوەندی بازرگانی و ئابووری و دۆستایەتی لەگەڵ هەموو جیهاندا هەبێت، هەربۆیە ئەگەر ئەم هەرێمە ببێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆ، ئەوا ڕۆڵی گرنگتر لەئاشتی و سەقامگیری ناوچەكە دەگێڕێت، لەمەش گرنگتر ئێمە وەك نەتەوەیەكی ئاشتیخواز و دیموكراتیخواز، ڕاشكاوانە پەیامی خۆمان ئاراستەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەكەین و پێیان دەڵێین، ئێمە هاوكاری عێراق بووین بۆئەوەی هەنگاو بەرەو سەقامگیری و دیموكراتی هەڵبگرێت، نەخشەی ڕێگەمان بۆ داڕشتوون بۆئەوەی عێراق وەك دەوڵەتێكی فیدرالی و دیموكراتی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام كاتێك حكومەتی بەغدا دەستوور پێشێل دەكات و لەسەر نەخشەی ڕێگە ناڕوات، ئەوا كاتی ئەوە هاتووە لەكورد تێبگەن، كە هەرێمێكی دیموكراتی ناتوانێت لەناو دەوڵەتێكی سەنترالی تاكرەو بمێنێتەوە، یان ئەوەتا

**پێویستە ڕاشكاوانە بەجیهان بڵێین ئەگەر هەتا ئێستا ئێوە بەوجۆرە سەیری بونیادی دەوڵەتی كوردستانتان كردووە، كە دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و تەناهی جیهان، ئەوا ئێستا ئێمە ئەو ڕاستییە بەجیهان دەڵێین كە ئێمە هۆكارێكین بۆ ئاشتی و سەقامگیری هەرێمی و جیهان و دەوڵەتانی دراوسێ**

**ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە گرووپ و لایەنە جیاوازەكانی عێراق ناتوانن لەچوارچێوەی عێراقێكی یەكگرتوودا جیاوازییەكانیان چارەسەربكەن**

هاوكارمان بن بۆ ئەوەی عێراق بكەینە دەوڵەتێكی فیدرالی و دیموكراتی یان ئەوەتا ناكرێت ڕێگە لەگەڵی كوردستان بگرن كاتێك بەدیكتاتۆریەت و تاكرەوی ڕازی نابێت.

## ئەقڵیەتی كۆن كێشەی بێ چارەسەر ناكرێت

كینس پۆلاك سەرۆكی سەنتەر سابان لەئامۆژگای برۆكینگز مانگێك پێش وادەی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراق، بۆچوونەكانی خۆی بەناونیشانی (سیناریۆ تاریكەكانی عێراق) بەكۆنگرێس ڕاگەیاند، كە سەرۆك وەزیرانی عێراق هەنگاو بەرەو تاكرەوی و دیكتاتۆری هەڵدەگرێت، هۆشداری پۆلاك لەسەر ئەم پرسە لەچەند ڕوویەكەوە بوو:

١- لەوانەیە هەندێك لەئەمریكیەكان بەو جۆرە بیر بكەنەوە و بڵێن با سەرۆك وەزیرانی عێراق ببێتە دیكتاتۆر ئەی ئەوەنییە ماوەی نزیكەی ٣٠- ٤٠ ساڵە دیكتاتۆرەكانی هاوشێوەی ئەسەد و موبارەك سەقامگیریان ڕاگرتووە.


٢- لەوانەیە هەندێكی تر لەئەمریكیەكان پێیانوابێت، بۆئەوەی ڕێگە لەهەڵوەشانەوەی عێراق بگیرێت، ئەوا پێویستە حكومەتی بەغدا حكومەتێكی بەهێز و سەنترالی بێت.

پۆلاك لەپێشبینی بۆ ئەم دوو پرسیارە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە پێویستە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خۆمان بكەینەوە، ئایا حكومی دیكتاتۆری سەدام حوسێن چۆن عێراقی ڕاگرتبوو یان سەقامگیری كردبوو؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێت، سەدام حوسێن بەسەركوتكاری و

دامەزراندنی سوپایەکی یەك ملیۆنی کە لەدژی گەلەکەی خۆی بەکاری دەهێنا، کورد و شیعەی کۆمەڵکوژ دەکرد توانیبووی ئەو بارە ڕابگرێت، بۆیە کۆنگرێس دڵنیا دەکاتەوە، هەتا ئەگەر بۆ سەقامگیری عێراقیش چاو لەدیکتاتۆریەت بپۆشین، ئەوا ئەمجارە دیکتاتۆریەت دەبێتە هۆکاری ئەوەی عێراق ببێتە گۆمی خۆین و شەڕی مەزهەبی و نەتەوەیی، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکات ئەمریکا بەشێوەیەکی دیکە بێتە ناو بارودۆخەکەو هەوڵبدات سیاسەتی ناوخۆی عێراق ڕاستبکاتەوە، لەبەر ئەوەی تەنیا سیاسەتی ناوخۆی عێراق دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەعێراقدا بپارێزت، مەبەستیشی لەسیاسەتی ناوخۆی عێراق ئەوەیە کە حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینەی پێکهاتە سەرەکیەکان دابمەزرێتەوەو هەموو ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێم و بەغدا هەن لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراق بەم بیرکردنەوەیەی ئێستا توانای ئەوەی هەیە کێشەکان چارەسەر بکات؟ یان ئامادەباشیی تێدایە کێشەکان چارەسەر بکات؟ ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕووی پرۆفیسۆر جۆن تۆربی ئوستادی سیسیۆلۆژی لەزانکۆی نیویۆرك کردەوە، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (ماوەیەکی زۆرە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێشبینیی ئەم ئەنجامەیان بۆ عێراق دەکرد، لەبەرئەوەی

**مەترسی گەورە لەوەدایە کە سەرۆك وەزیران پابەندی بنەما دیموکراتیەکان نەبێت. لەم حاڵەتەشدا دەبێت هەموو بگەڕێنەوە بۆ پشتگیری پەیامەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و چاوەڕێ بین گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات**

**((لەجیهانی دوای شەڕی ساردا چیدیکە جیاوازی نێوان گەلان، جیاوازی ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابووری نییە، بەڵکو جیاوازی کەلتورییە، هەربۆیە دەبێت گەلان و نەتەوەکانیش لەسەر ئەم بنەمایە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە: ئێمە کێین؟ دەبێت ئەو پرسیارەی دەڵێت ئێوە سەر بە کێن؟ بگۆڕێت بۆئەو پرسیارەی: ئێوە کێن؟ پێویستە هەموو نەتەوەیەک وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە، ئەو وەڵامەش ناسنامەی کەلتوری ئەو نەتەوەیە دەبێت، هەر ئەو ناسنامەیەش پێگەی دەوڵەت لەسیاسەتی جیهانی دیاری دەکات، جیهان لەدوای نەوەدەکانەوە تەقینەوەی تەنگژەی ناسنامەی گەردوونی بەخۆیەوە بینیووە، هەر چۆنێک سەیری بکەین، دەبینین هەموو گەلان دەپرسن: ئێمە کێین؟ سەر بەکێین؟ ئەوی دی کێیە؟ ئەمانە پرسیاری سەرەکین نەک بۆ ئەو نەتەوەو گەلانەی دەیانەوێت دەوڵەتی تازەی نەتەوەیی بۆخۆیان دروست بکەن، بەڵکو لەسەر ئاستی گشتیش)).**



هنتگتن

گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە گرووپ و لایەنە جیاوازەکانی عێراق ناتوانن لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا جیاوازییەکانیان چارەسەربکەن).

کەواتە وەك پرۆفیسۆر تۆپی ئاماژەی پێکرد، ئێستا ئەمریکا و هاوپەیمانانیش دەزانن لایەنە عێراقییەکان ناتوانن کێشەکانیان لەچوارچێوەی عێراقدا چارەسەر بکەن، بۆیە لەم لایەنەوە و پرۆفیسۆر تۆربی پێیوایە بۆ کورد دوای ئەو نەهامەتیەی بەسەری هاتووە باشترین ڕێگە ئەوەیە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی



دینس چارلس سمیس بۆ گوڵان:

**چارەسەر کردنی کێشەکان بەئاشتی بەهۆی پابەندبوون بە پرانسیپەکان و دادپەروەری دێتەدی**

خۆی بێت، هەروەها ئاماژەش بەوەدەکات، دەوڵەتی سەربەخۆ یەکێکە لەخەونەکانی هەموو نەتەوەیەك، لەمبارەوەو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (هۆشیاربوونەوە و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی وا لەنەتەوەکان دەکات لەئامانج و خەون و ناسنامەی نەتەوەییان تێبگەن و هاوکات لەوە تێدەگەن کە دامەزراندنی دەوڵەت دەرفەتیان بۆ فەراهەم دەکات ببنە خاوەن پێگە و سەنگ لەجیهان و دەرگایان بۆ دەکرێتەوە بۆئەوەی ببنە ئەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەك ئێویش ئاماژەتان پێکرد نەتەوەکان خوازیاران گوزارشت لەناسنامەکانیان بکەن لەڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەت، هەربۆیە ئەوە خەونی هەموو نەتەوەیەکە کە ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەگەر باسی کورد بکەین، ئەوا کورد بەدرێژایی مێژوودا لەسەر دابەشکردنی لەنێوان تورکیا و عێراق و سوریا و ئێراندا نارەزایی بووە و تاکو ئێستا خاوەن دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان نین، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆرە پرسی دەوڵەتی کوردستان لەئارادە هەبووە و ڕەتکراوەتەوە هەر لەپێش ڕێککەوتنامەی سیڤەر و دوای ئەویش ئەم پرسە باسکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەتوانراوە دەوڵەت بۆ کورد دروست بکرێت، کورد دڵخۆش نییە بەو وڵاتانەی ئێستا تیایدا دەژی، کورد بەدرێژایی دەیان ساڵ مەینەتیی زۆری چەشتووە، بۆیە لەوانەیە گرێمانەی ئەوە بکرێت کە واباشتر و ئارامترە بۆ کورد کە ببن بەخاوەن دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان، من بەئاگام لەبارودۆخی کورد لەتورکیا و پێموایە لەبارودۆخێکی زۆر باشدا نین و ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت لەوانەیە بارودۆخیان باشتر بێت، بەڵام یەکێك لەکێشەکان بریتییە لەتوانای بەردەوامبوونی دەوڵەتی بچووك و هەر لەمڕووەیشەوە بۆنموونە وڵاتی ئەرمینیا کێشەی زۆری لەپێوەندییەکانی هەبوو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەربۆیە مەرج نییە بەم شێوەیە بێت، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە وا باشترە بۆ کورد کە ببنە خاوەن دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەوە بۆ کورد ئارامتر بێت)).

**یەکێتی ئارەزومەندانە پێوەلکاندن نییە**

هەتا ئێستاش زۆر لەپسپۆران پێیانوایە، کە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا دەبوو وەك دەستووری ئەمریکا مولیزم بوایە، لەبەر ئەوەی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا داوا دەکات هەموو ئەمریکییەکان(ژن و پیاو) بێ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز ئازاد بن، بەڵام پابەند نەبوون بەناوەڕۆکی ئەم بەیانە بووە هۆکاری ئەوەی کە شەڕی ناوخۆ بەرپا بێت، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا دەستووری عێراق وەك بەیانی ئازادکردنی عێراقی نوێ بەراورد بکەین، ئەوا هەموو لادانێك یان پێشێلکردنی ئەم دەستوورە دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەعێراقدا شەڕی ناوخۆ بەرپا بێت، یان عێراق لەبەریەك هەڵبوەشێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر دینس چارلس سمیس ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئینندیانا کردو لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: (چارەسەر کردنی کێشەکان بەئاشتی بەهۆی پابەندبوون بەپرانسیپەکان و دادپەروەری دێتەدی، بەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان



جۆن تۆربی بۆ گوڵان:

**بۆ کورد دوای ئەو نەهامەتیەی بەسەری هاتووە باشترین ڕێگە ئەوەیە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت**

پێکهاتە جیاوازەکان، من لەئێوە تێدەگەم، بەڵام من ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئەمە هەموو چارەسەرەکە نییە، ڕەنگە لەبری تەرکیزکردن لەسەر ئەو پرسە، باشتر بێت تەرکیز بکرێتەسەر هێنانەدی عەدالەت و سیستەمێکی نوێنەرایەتی بکرێتە ئەولەویەتێکی باڵا، پێموایە لەهەندێ ڕووەوە کەمتر گرنگە بە بەراورد بەرابردوو، لەبەر ئەوەی بەجیهانی بوون هەموومان دەکاتە هاووڵاتی جیهان. ڕاستە هەموومان لەسایەی یەك دەوڵەتدا ناژین، بەڵام کەمتر گرنگە بە بەراورد

بەرابردوو، ئێمە کەوتینە ژێر کاریگەری ئەوەی لەیۆنان ڕوویدا، ئەوەی لەئیتالیا و هەروەها ئەوەی لەئەمریکا، لەڕووی ئابووری و لەچەندین ڕووی دیکەوە، گرنگە خاوەنی حکومەتێکی نوێنەرایەتی بین. ئێمە لەئەمریکا بۆ ماوەیەکی دووروردرێژ لەسایەی حکومەتێکی نوێنەرایەتی ژیاوین کە چەند ئاستێکی هەیە، من خەڵکی نیویۆرکم و ئەمەش بەشێکی گرنگی ناسنامەی من پێکدەهێنێت، کە من پێوەندیم هەیە بەحکومەتی شارەکەو ویلایەتەکە و هەروەها بەحکومەتی فیدراڵیشەوە، هەروەها باوەڕم وایە کە هیچ وڵات و دەوڵەتێك نییە لەجیهاندا خۆی بەخۆی دورگەیەك بێت، ئەوجا ئەگەر لێرەوە بێمەوە سەر بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا، دەبێت ئەوەتان لەیاد بێت کە بەیانی سەربەخۆیی هێندەی دەستوور مولزیم نەبوو، ئەگەر بە بەیانی سەربەخۆییەوە پابەند بوینایە، شەڕی ناوخۆ ڕوویندەدا. لەبەر ئەوەی بەیانی سەربەخۆیی دەڵێت ئێمە هەموومان کۆمەڵێك مافمان هەیە کە ناکرێت لێمان زەوت بکرێت، بەڵام بەشێکی کێشەکە کە بووە هۆی ئەوەی شەڕی ناوخۆ لەنێوان باشوور و باکووردا ڕووبدات بە بەیانی سەربەخۆییەوە پابەند نەبووین، لەبەر ئەوەی هەندێ گروپ و لەهەندێ ویلایەت زۆرینەی خەڵك بەنایەکسان دانران، کەواتە بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە شەڕ ڕوویدا و چەندین شتی دیکە ڕوویاندا. ئێمە شەڕمان لەدژی بەریتانیەکان کرد بۆ ئەوەی لێیان ڕزگاربین و ئازاد بین، بەڵام دواتر بەتەواوی پێوەی پابەند نەبووین، هەربۆیە ئێمە لەئەمریکا جیاوازی دەکەین لەنێوان بەیانی سەربەخۆیی کە بنەما سەرەکیەکان لەخۆدەگرێت، لەبارەی ئەوەی چۆن مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ مرۆڤەکاندا بکرێت و هەروەها لەبارەی عەدالەتەوە)).

پرۆفیسۆر دیڤید کالیۆ سەرۆکی دیراساتی پرۆگرامەکانی ئەوروپا لەزانکۆی جۆنس هۆپکین حاڵەتی ئێستای عێراق بەحاڵەتی دوای سەربەخۆی ئەمریکا دەچوێنێ و پێیوایە ئەگەر باروودۆخەکە بەمجۆرە بڕوات، ئەوا مەترسی شەڕی ناوخۆ لەئارادا هەیە، لەم چوارچێوەیەدا لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (من خۆشحاڵم کە ئێوە داوای بۆچوونی منتان کردووە لەبارەی هەلومەرجی گشتی عێراقەوە، بەڵام من دەتوانم ڕاسپاردەم هەبێت بۆ کەسانێکی وەك ئێوە کە لەدۆخێکی توندوتیژیدا دەژین، ئەوەی ڕوونە کە وڵاتەکەتان دابەشبوونی قووڵی تێدایە و لایەنەکان- مێژوویەکی دووروردرێژیان



دیڤید کالیۆ بۆ گوڵان:

**ئەوروپا بەدوو شەڕی سەختدا گوزەری کرد و دوای نیو سەدە لەبنیاتنانی دامەزراوەکان ئینجا گەیشتە ئەو دۆخەی کە ئێستا لەناوخۆدا ئاشتی بەرپا بێت**

لەستەمکردن لەیەکتری هەیە. ئێمە لەمێژووی خۆماندا دۆخی هاوشێوەمان هەیە کە بەشەڕێکی بەربڵاوی ناوخۆیی کۆتایی هات کە برینی بەجێهێشت و دوای سەدە و نیویك هێشتا ساڕێژ نەبوونە. هەروەك ئێوە دەزانن، ئەوروپا مێژوویەکی پڕ توندوتیژی هەبوو، پێدەچێت ئەوان چارەسەرەکەیان لەیەکێتییەکی فیدراڵیدا بینیبێتەوە، کە ڕێز لەمافی تاکەکەسەکان، دەوڵەت و ئایینەکان دەگرێت. ئەوروپا بەدوو شەڕی سەختدا گوزەری کرد و دوای نیو سەدە لەبنیاتنانی دامەزراوەکان ئینجا گەیشتە ئەو دۆخەی کە ئێستا لەناوخۆدا ئاشتی بەرپا بێت. نابێت هیچ یەکێك لەم دەستکەوتانە بەکەم وەربگیرێن- هەروەك ئەوەی لەمێژووی ئەم دواییەی بەلقانەوە دەرکەوت. وەك کەسێك لەدەرەوە تەنیا دەتوانم ئومێدی ئەوە بخوازم خەڵکی عێراق و ناوچەکە بەگشتی، بگەنە ڕێگاچارەیەك بۆ هێنانەدی ئاشتی و بواردان بەگەشەکردنی توانا مەزنەکانی ناوچەکە. لەڕوانگەی مێژووی ئێمەوە ئەمە کارێکی ئاسان نییە)).

### ئاییندەی عێراق و پرۆسەی سیاسیی

عێراق ئێستا لەدووڕیانێکدایە و دەبێت ئەو دووڕیانە تێپەڕێنێت، لەبەر ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەڵك بێ تاقەت و بێزار دەبێت و حکومەتیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر کارە خزمەتگوزارییەکانی بەسەردا کەڵەکە دەبێت و لەبەر بیرکردنەوەی تاکڕەوی پاوانکردنی دەسەڵات ژیان و پێداویستیی عێراقیەکانی فەرامۆشکردووە، بۆیە یان ئەوەتا دەبێت باروودۆخەکە زیاتر بەرەو تاکڕەوی مل بنێت و چاوەڕێی کاردانەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بین، چونکە زۆر زەحمەتە هیچ پێکهاتەیەك جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت قبوڵ بکاتەوە، یان ئەوەتا دەبێت سنوورێك بۆ حکومەتی ئێستای مالیکی دابنرێت و تەواو ئەو ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ بکات و حکومەتی عێراق ببێتە حکومەتی هاوبەشی ڕاستەقینەی هەموو پێکهاتەکان، یان دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە بەشێوازی دیموکراتیانە ئەم حکومەتە بگۆڕدرێت، بەڵام مەترسی گەورە لەوەدایە کە سەرۆك وەزیران پابەندی بنەما دیموکراتیەکان نەبێت، لەم حاڵەتەشدا دەرگا بەڕووی هەموو مەترسیەکان دەکرێتەوە و دەبێت هەموو بگەڕێینەوە بۆ پشتگیری پەیامەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و چاوەڕێ بین گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات.



# سەردانی بارزانی بۆ واشنتۆن وەرچەرخانێکە

داوەتی فەرمی باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەك داڤید فلیپس ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئەم سەردانە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پەرۆشە بۆ پێشوازیکردنی سەرۆك بارزانی لەواشنتۆن، سەردانەکەی بەڕێزی دەبێتە ئاهەنگ و وەرچەرخانێك لەپێوەندییەکانی ئەمریکی و کورددا، هەروەها دەرفەتێکە بۆ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دووپاتکردنەوەی پاڵپشتیی دیپلۆماتی و هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی کە کوردەکانی عێراق چەندین ساڵە لەپێناویاندا تێدەکۆشن، هەربۆیە بانگێشت کردنەکە نیشانەیەکە بۆ گرنگیی هەرێمی کوردستان لەڕووی ستراتیژی و هەروەها ئامادەباشیی ئیدارەی ئۆباما بۆ پێکەوەکارکردن لەگەڵ بارزانی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان و چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لەعێراقدا)). ئەمە گوتەی ئەو دیپلۆماتەی ئەمریکایە کە ماوەیەکی زۆر کاری ڕاوێژکاری بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کردووە و هەروەها یەکێکە لەو تۆژەرانەشی زیاتر لە١٠-١٥ ساڵە بەوردی دیراسەتی بارودۆخی کورد و عێراق و تورکیا دەکات، هەربۆیە ئەم بۆچوونەی پرۆفیسۆر فلیپس بۆچوونێکی سادە نییە و ئاگاداری



فۆتۆ: ئەرشیف

# لە پێوەندی نێوان کوردستان و ئەمریکادا

ئاستی تێڕوانینی دیپلۆماتیەتی ئەمریکایە بەرامبەر بەکورد، هەروەها پرۆفیسۆر مایکل ئۆهالۆن کە یەکێکە لەگەورە تۆژەرانی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کورد و عێراق، ئەویش سەبارەت بەم سەردانە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(بەدڵنیاییەوە سەردانی بەڕێز بارزانی بۆ واشنتۆن ئەمە تا ئاستێك بریتییە لەپیشاندانی پشتیوانی ئەمریکا بۆ هەرێمەکەتان، هەروەها ڕەنگە فۆرمێکی نەرمی فشارکردن بێت لەسەر سەرۆك وەزیران مالیکی. بۆئەوەی چارەسەری کێشەکان لەگەڵ هەرێمدا بکات، بەڵام متمانەم بەوە هەیە کە تاوەکو مالیکی زیاتر دیکتاتۆرانە ڕەفتار بکات، ئەوا مەترسیەکان زیاتر دەبن، سەبارەت بەشێوازی ڕەفتاری دیکتاتۆریانەی مالکیش، پێم وانییە بەچەشنی سەددام بێت. بەڵکو پتر وەك موبارەك ڕەنگە یان وەك ئەسەدبێت. بەڵام بەدڵنیاییەوە سەرەنجامی دوو لەو سەرکردانە زۆر خراپ بوو. بۆیە ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، هۆکارگەلێك هەن نیگەرانمان دەکەن. بەڵام دەبێت کوردەکان ئارامبگرن. ڕێگایەکی باشتر نییە. شەڕ زۆر خراپترە لەو دۆخەی ئێستا ئێمە دەیبینین-هەروەها من باوەڕم نییە ئەمریکا دەستێوەردانی سەربازی بکات. ئێمە زۆر لەوە شەکەتترین شەڕ بکەین)).

پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوا بەڕێوەبەری

پرۆگرامەکانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەر سەبارەت بەم سەردانەی سەرۆك بارزانی بۆ واشنتۆن لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی:(بەڕای من واشنتۆن زۆر نیگەرانە لەبارەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی «عێراق» و ئەو گرژییەی کە ئەمڕۆ لەئارادا هەیە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیەیش کۆشکی سپی دەیەوێ لەگەڵ سەرۆك بارزانی قسە بکات بەهیوای هێورکردنەوەی بارودۆخەکە. پێموایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بەئاگایە لەو ڕۆڵەی کوردستان گێڕاویەتی و کورد هاوپەیمانێکی باشی ئەمریکا بووە، کوردستان کەمترین کێشە و گرفتی هەبووە، لەکاتێکدا پارچەکانی دیکەی عێراق زۆر نالەباربوونە، لەبەرامبەر ئەمەدا زۆر گرنگە کورد دەبێت ئەوە بزانێت کە ئەمریکا حەز دەکات کوردستان لەچوارچێوەی عێراق بمێنێتەوە، بەواتایەکی دیکە کاتێك کە سەرۆك بارزانی لەئاماژەی بەسەربەخۆیی کوردستان کرد، ئەمریکا هەستی بەنیگەرانی کرد لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندیی ئەمریکا-دا نییە کە کوردستان خۆی لەعێراق جیابکاتەوە)).

پرۆفیسۆر ستیڤن زۆنزس ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی سانفرانسیسکۆ و شرۆڤەوانی نێودەوڵەتی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەبارەت بەبایەخ و گرنگی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا لەلێدوانیکی تایبەتدا بەگوڵانی ڕاگەیاند:(ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی نیشانەی ئەوەیە کە ئیدارەی «ئۆباما» گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێ



**مایکل ئۆهالۆن بۆ گوڵان:**

**شێوازی ڕەفتاری دیکتاتۆریانەی مالیکی وەک موبارەک ڕەنگە یان وەک ئەسەد بێت**

**کوردەکانی عێراق باشترین دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکان لەعێراقدا. کورد دەستووری عێراقی وەکو ستراتیژییەتێکی یەکلاکەرەوە داناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکانی لەعێراقدا**

نیگەرانییەکانی کورد و عێراق فەرامۆشبکرێت و دەیەوێ جەخت لەوە بکاتەوە کە ئەو نیگەرانییانە لەڕووی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-وە لەبەرچاودەگرێت، لەهەمان کاتیشدا پێموایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو جاران نفوزی نییە لەبارەی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق، هەروەها مەسەلەکە پەیوەستە بەپاراستنی بەرژەوەندییە هەرێمییەکان و لەبەرچاوگرتنی نیگەرانییەکی سەرکردایەتیی کورد. هەڵبەتە ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوازیاری سەقامگیرییە بۆ ناوچەکە لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوودا هەموو وڵاتە زلهێزەکان سەقامگیرییان بۆ ناوچەکە ویستووە، هەربۆیە سەرهەڵدانی شەڕێکی ناوخۆیی نوێ دەبێت بەهەواڵێکی زۆر ناخۆش بۆ بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق و هەروەها لەتەواوی ناوچەکە، بەداخەوە ئەوەی کە لەتوانای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-دایە بیکات تەنیا میانڕۆییە بۆئەوەی لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتن و سازش بکەن — لەوانەیە سەرکەوتوو بێت و لەوانەشە شکست بێنێت — هاوکات بارودۆخەکان هەتا هەتا هەر بەم شێوەیە نابێت، بەڵام بۆحاڵی حازر بارودۆخەکە ناسەقامگیرە و مەترسی هەیە توندوتیژیی زیاتری تێکەوێت، هەروەها ئەمریکا دژی هەموو هەوڵێکی تاکڕەوی و دیکتاتۆرانە دەبێت و هەڵوێستی زۆر توندی لەبەرامبەر ئەم جۆرە ئاڕاستانە دەبێت، بەتایبەتی ئاڕاستەی عەسکەرتاری و دیکتاتۆری.))

### گوشاری ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و دووركەوتنەوە لەتاکڕەوی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامەکەی نەورۆزدا ڕاشکاوانە ئەو کێشانەی دەستنیشانکرد کە بوونە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی سیاسی عێراق و هەروەها هەوڵدان بۆ تاکڕەوی، بۆیە لەکاتێکدا حکومەتی عێراق ئامادە نەبێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات، ئەوا سەرۆك بارزانی دەبێت هەموو بڕیارێك ڕووبەڕووی گەلی کوردستان بکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پسپۆران پێیانوایە ئەم کێشانەی عێراق تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکانی سەرۆك بارزانی دەبن لەگەڵ سەرۆك ئۆباما، لەمبارەوەو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر دەیڤید فلیپس وتی:(کوردەکانی عێراق باشترین دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکان لەعێراقدا، سەنگی کورد لەبیرناکرێت و هاوکات ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی عێراقیش لەبەرچاودەگرێت بۆئەوەی ئازادی و سەقامگیری لەوڵاتەکە بچەسپێت. هەروەها هەرێمی کوردستان خاوەن سیاسەتی فەرمی و سەربەخۆیە، کورد دەستووری عێراقی وەکو ستراتیژییەتێکی یەکلاکەرەوە داناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکانی لەعێراقدا، ئەو دەستوورە تاکو ئەمڕۆیش بناغەیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکانی «عێراق» پێکەوە کاربکەن لەسەر بنەمای پابەندبوون بەدەستوور و لەڕێگەی پاڵپشتی و هاندان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-وە لەپێناو بەرەوپێشەوەچوونی وڵات لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن. هەر بۆیە کەس ئەوە پەسەند ناکات کە عێراق ڕێگەی دیکە بگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، دەستوور بریتییە لەیەکلاکەرەوەیەکی پەسەندکراو لەلایەن هەموانەوە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو پێشەوە، من لەنیگەرانییەکانتان تێدەگەم



**مارینا ئۆتاوا بۆ گوڵان:**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بەئاگایە لەو ڕۆڵەی کوردستان گێڕاویەتی و کورد هاوپەیمانێکی باشی ئەمریکا بووە**

لەبەرئەوەی سەرۆك وەزیران «مالیكی» و حكومەتی ناوەندی نییەتی باشیان لەبەرامبەر هەرێمی كوردستان پیشان نەداوە و هەروەها پابەند نەبوونە بەو ڕێككەوتنانەی كە پێشتر لەسەریان ڕەزامەند بوونە، زۆر گرنگە سەرۆك بارزانی نیگەرانییەكانی لەبەردەم سەرۆك ئۆباما بخاتەروو و پابەندبوونی هەرێمی كوردستان دووپاتبكاتەوە لەبارەی گرتنەبەری ڕێگەچارەی ناتوندوتیژ بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشە و گرفتانەی كە عێراقییەكانی دابەشكردووە)).

سەبارەت بەمەترسی دووبارە هەنگاو هەڵگرتنی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ تاكڕەوی و هەوڵدان بۆ ڕاستكردنەوەی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا، دەڤید فلیپس پێی وتین:(هەڵبەتە ئێوە هەقی خۆتانە هەست بەنائومێدی بكەن، لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی مالیكی ئامادەباشی تێدانییە بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكان، كورد بەدرێژایی دەیان ساڵ و چەندین نەوە مەینەتیی چەشتووە لەپێناو هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەكانیان، ئەمڕۆیش ئەو ئامانجانە لەدەستوور-دا ئاماژەیان پێكراوە، ئەگەر بێت و عێراق پابەندبێت بەسەروەری یاسا، ئەوكات بەندەكانی دەستوور جێبەجێ دەكات،



**ستیڤن زۆنزس بۆ گوڵان:**

**ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی نیشانەی ئەوەیە كە ئیدارەی «ئۆباما» گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی كە ناكرێ نیگەرانییەكانی كورد و عێراق فەرامۆشبكرێت**

**سەرۆك وەزیران «مالیكی» و حكومەتی ناوەندی نییەتی باشیان لەبەرامبەر هەرێمی كوردستان پیشان نەداوە و هەروەها پابەند نەبوونە بەو ڕێككەوتنانەی كە پێشتر لەسەریان ڕەزامەند بوونە**

بەڵام ئەگەر هات و حكومەتی ناوەندی ئامادەنەبوو بۆ جێبەجێكردنی پابەندبوونەكانی لەسەریەتی، ئەوا ئەوكات پێویستە هەرێمی كوردستان هەوڵەكانی بخاتەگەڕ لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ناتوندوتیژ لەپێناو هێنانەدیی ئامانجەكانی كورد لەچوارچێوەی كۆمارێكی عێراقیی فیدراڵی و دیموكراسی بەدەسەڵاتێكی نامەركەزی بۆ ناوەند و هەرێمیش لەسەر ئاستی لۆكاڵ حوكمڕانی بكات. بۆ ئەمەش من پێموایە ئەمریكا نفوز و فشارەكانی دەخاتەگەڕ بۆئەوەی عێراقییەكان پابەندبن بەڕێككەوتنەكانیان، پابەندبوونیش بەڕێككەوتنەكان شتێكە كە پەیوەستە بەخودی عێراقییەكان كە پێویستە لەلایەن و لەنێو خودی عێراقییەكاندا جێبەجێ بكرێت، بۆیە ڕێككەوتنێك لەنێو عێراقییەكان ئەنجامبدرێت بۆ پابەندبوون بەدەستوور. عێراقی نوێ لەرێگەی دیالۆگ كێشەكانی چارەسەردەكات، عێراقی پێشوو كێشەكانی بەتوندوتیژی چارەسەردەكرد، پێشتر كورد لەپرۆسەی عێراقدا ڕۆڵێكی كاریگەر و گەورەی گێڕاوە، بۆیە پێویستە بەردەوام بن لەپاپەندبوون بەدانوستان بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، بۆیە من دووپاتی دەكەمەوە ئەمریكا پابەند دەبێت بەجێبەجێكردنی دەستووری عێراق و لەئاییندەشدا ئەم پابەندبوونە دووبارە دەكاتەوە)).

### هیچ لایەك تاكڕەوی قبووڵ ناكات

كێشەی سەرەكی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەوەیە كە هەوڵدەدات عێراق بگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتێكی سەنترالی و هەموو دەسەڵاتەكان لەدەستی خۆیدا قۆرخ بكات، بەرامبەر بەهەرێمی كوردستانیش بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایە كە دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان كەمبكاتەوە، یان كێشەو ئاستەنگ بۆ پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەسەندنی كوردستان دروست بكات، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوا لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە كردەوە ئەگەر مالیكی لەسەر ئەم ڕەفتارانەی بەرامبەر هەرێمی كوردستان بەردەوام بێت ئەوە هیچ لایەك لێی قبووڵ ناكات و لەمبارەوە وتی:(بەڕای من ئەمریكا ئەوەی لەتوانایدا هەبێت دەیكات بۆ ڕێگری لەجیابوونەوەی كوردستان لەعێراق، ئەگەر هات و ئەمەش ڕوویدا ئەوە پێموایە لەمەودایەكی دووردا زۆربەی وڵاتان بەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا-شەوە واقیعەكە هەرسدەكەن، بەڵام پێموایە هەوڵ و كۆششی دیپلۆماسیی زۆر دەخرێتەگەڕ لەپێناو قەناعەتپێكردنی كورد بۆئەوەی جیانەبنەوە لە عێراق، بۆیە من پێموایە لەم سەردانەی سەرۆك بارزانی بۆ واشنتۆن سەرۆك ئۆباما هەوڵدەدات كە قەناعەت بە بارزانی بكات بڕیاری سەربەخۆیی نەدات و گوشاریش دەخاتە سەر مالیكی بۆ ئەوەی پابەند بێت بەدەستورەوە)).



**داڤید فلیپس بۆ گوڵان:**

**ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە پەرۆشە بۆ پێشوازیكردنی سەرۆك بارزانی لەواشنتۆن، بۆ دووپاتكردنەوەی پاڵپشتیی دیپلۆماتی و هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی كە كوردەكانی عێراق چەندین ساڵە لە پێناویاندا تێدەكۆشن**



## ئەمازیا بارام بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی بارزانی بۆ واشنتۆن زۆر گرنگە و کاتەکەشی گونجاوە

**پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام کە یەکێك بووە لەتوێژە بەناوبانگ و جیهانیەکانی سەنتەری سابان بۆ دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز و بەدیارترین شرۆڤەوانی عێراق لەسەر ئاستی سینك تاکسەکانی ئەمریکا ناسراو بووە، تەنانەت یەکێك بووە لەو پسپۆرانەی پێش شەڕی ڕزگارکردنی عێراق لەلایەن ئیدارەی ئەمریکی و سەرۆك بوشەوە ڕاوێژی لەگەڵ کراوە. سەبارەت بەبارودۆخی ئاڵۆزی ئێستای عێراق و تەنگژەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغداو هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکی لەسەر ڕووداوەکان، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بارودۆخی عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەرەو قەیرانێکی خراپ دەڕوات، کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا تادێت ئاڵۆزتر دەبن، لەم بارودۆخەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی واشنتۆن دەکات، ئایا چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێنیتەوە؟**

- من چەند دووڕیانێکی کەمی ستراتیجی بەدی دەکەم، هەم بۆ ئەمریکا و هەم بۆ کوردستانی عێراق. سەرەتا، هەموو ئەو ڕاستیە دەزانن، ئەمریکا و ئێوەش دەزانن کە سوننەکانی عێراق و لیستی ئەلعێراقیە کێشەیان هەیە لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆك وەزیراندا، من نامەوێت لەدژی ئەو قسە بکەم، لەبەر ئەوەی دەزانم لەدۆخێکی دژواردایە، بەڵام باوەڕم وایە کە هەوڵدەدات ببێتە کەسێکی نادیموکراتی، ئەمە هەواڵێکی خراپە. باوەڕم وایە بارزانی و ئەمریکا دەتوانن فشاری بخەنەسەر بۆ ئەوەی دووبارە دەست بەگفتوگۆی جددی بکاتەوە لەگەڵ سوننەکاندا. من ئەوە دەزانم کە کوردەکان متمانە بەسوننەکان ناکەن. من باس لەئەلعێراقیە دەکەم، بەڵام لە ئەلعێراقیەشەدا شیعە هەیە، بەڵام من لەبنەڕەتدا باس لەلیستی عێراقیە دەکەم، ئەم لیستە هاوپەیمانێکی سروشتی کوردەکانە، ئەگەر بەسادەیی بدوێین، ئەوا لەبەر ئەوەی مالیکی هەنگاو بەرەو ئەوە دەنێت ببێتە کەسێکی نادیموکرات. ئەمە یەکێکە لەو پرسانەی دەبێت باسی لێوە بکەن و دەبێت ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆئەوەی بتوانن کاریگەربن لەسەر مالیکی تاوەکو ئەو ڕێککەوتنە دیموکراتیە جێبەجێ بکات کە ساڵێك پێش ئێستا کرا، کە-لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە- حکومەتەکەی پێکهێنرا، ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەمریکا و ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئێوەش، چونکە ئێوەش سەرۆك وەزیرانێکتان دەوێت کە هەم گوێ بۆ ئەلعێراقیە بگرێت و هەم بۆ ئێوەش. ئەگەر ئێستا بتوانێت-مالیکی- درز و کەلێنێك بخاتە نێوان ئێوە و ئەلعێراقیە، ئەوا هەر کارێك بیەوێت بەهەردوولاتانی بکات پێتان دەکات. ئەمە مایەی کێشەیە. بەتێڕوانینی من و پێدەچێت ئەمە یەکێك بێت لەو پرسانەی کە ئەمریکا بیەوێت قسەی لەبارەوە بکات لەگەڵتاندا، پێویستە بیر لەوە بکەنەوە کە دەتانەوێت چی بکەن. یەکێکی دیکە لەمەسەلەکان ئەوەیە، کە مەسەلەیەکی جیاوازە، بەڵام زۆر زۆر گرنگە

ئەوەیە کە مالیکی هاوکاریەکی زۆری بەشار ئەلئەسەد دەکات، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی خۆی کارێکی لەم چەشنەی پێخۆشە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئێران فشاری لەسەر دروست دەکات. دووبارەی دەکەمەوە، ئەمریکا و کورد دەتوانن هەرچۆنێك بێت ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ قەناعەتپێهێنانی مالیکی بۆ وەستاندنی ئەو کارە. پێموایە ئەمە بۆ ئەمریکا گرنگە، هەروەها بۆ ئێوەش گرنگە، لەبەر ئەوەی ئێوە ناتانەوێت یارمەتی ئەسەد بدەن. لێرەوە دێینە سەر کێشەکانی کورد، چونکە ئەوانەی پێشوو بەشێوەیەکی گشتی کێشەی عێراقی بوون. شیکردنەوەی من ئەوەیە ئەگەرێکی باش هەیە، کە من ڕێژەی زیاتر لە٪٥٠ی دەدەمێ، کە لەماوەی ساڵێك بۆ دوو ساڵ یان سێ ساڵدا، سوریا لەبەریەك هەڵدەوەشێت، مەبەستم لەبەریەك هەڵوەشان ئەوەنییە دەبێتە وڵاتێکی دیموکراتی، بەڵکو ناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە ئۆتۆنۆمی بەهێزیان دەبێت، واتە ڕەنگە سنوورەکانی سوریا وەك خۆیان بمێننەوە، بەڵام چیتر سوریا وەك وڵاتێك نامێنێتەوە کە مەرکەزیەکی توندی هەبێت و کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریاش پەیوەندیگەلێکی بەهێزتریان دەبێت، لەوەی ئێستا هەیانە، لەگەڵ کوردستانی عێراقدا. پێموایە پێویستە بارزانی لەبارەی ئەو ڕۆژەوە قسە لەگەڵ ئەمریکا بکات، بەدەربڕینێکی دیکە، پێموایە شتێکی سوودمەند دەبێت ئەگەر بارزانی قەناعەت بەئەمریکا بکات، کە کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، کەمتر یان زۆرتر، ئۆتۆنۆمیەکی هاوشێوەی ئۆتۆنۆمی کوردەکانی عێراقیان هەبێت. کوردەکانی سوریا و عێراق لەڕووی سیاسیەوە یەك ناگرن، بەڵام پەیوەندی نزیکتریان دەبێت لەگەڵ یەك. شتێکی هەڵەش لەمەدا نییە، من پشتیوانی لەبەریەك هەڵوەشانی سوریا ناکەم، بەڵام پێموایە لەهەر حاڵەتێکدا بەنامەرکەزی دەبێت، واتە لەبەریەك هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو بەنامەرکەزی دەبێت، ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، ئەوا بیرۆکەیەکی باشە کە کوردەکان پەیوەندیەکی بەهێزتریان هەبێت لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی سوریادا. لەئێستادا ئەمریکا کارێکی زۆری پێناکرێت لەم ڕووەوە، بەڵام من بم لەجێی ئێوە قسە لەگەڵ ئەمریکا دەکەم لەم بارەیەوە، پێیان دەڵێم دۆخەکە چۆن دەبینن؟ پێتانوایە باشترین شت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیە؟ هەروەها لەڕاستیدا باشترین شت بۆ ئەمریکاش، ئەوەیە سوریا ببێتە دەوڵەتێکی نامەرکەزی، ئەمە شتێکی قبوڵکراوە و ئەگەری زیاتر ئەوەیە هەرچۆنێك بێت هەر ڕوودەدات. هەندێ جار

> **ئەگەر مالیکی هەنگاو بەرەو ئەوە دەنێت ببێتە کەسێکی نادیموکرات دەبێت ڕێگایەك بدۆزنەوە لەگەڵ لیستی عێراقیە کە هاوپەیمانێکی سروشتی کوردەکانە. بۆئەوەی بتوانن کاریگەربن لەسەری تاوەکو ئەو ڕێککەوتنە دیموکراتیە جێبەجێ بکات کە ساڵێك پێش ئێستا ئیمزا کرا**

کە من چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە و گۆڤاری دیکەی کوردیدا دەکەم، بەڵام من هەندێ جار ڕەخنە لەبارزانی دەگرم، من بارزانیم خۆش دەوێت و ئەو کەسێکی جێی ئیعجابەو پێموایە سەرکردەیەکی مەزنە و من باوکیشم خۆشدەویست، بەڵام شتێك هەیە کە دەبێت هەم بارزانی و هەم تاڵەبانی لێی تێبگەن، حاڵی حازر کوردستان سیستمێکی نیمچە دیموکراتی حوکمی دەکات، دیکتاتۆری نییە، تاکڕەو نییە، بەڵام دیموکراتیش نییە، بەڵکو نیمچە دیموکراسیە، کەواتە کاتێك قسە لەگەڵ ئۆباما و ئیدارەکەیدا دەکات، پێم وایە پێی دەڵێن کە لەماوەی پێنج ساڵ تەنانەت دە ساڵی داهاتوودا هەنگاو بەهەنگاو دیموکراسیەتێکی زیاتر پیادە بکەیت، لەبەر ئەوەی دەبینێت کە بەهاری عەرەب سەریهەڵداوە و بەرهەڵستیی تاکڕەوی دەکرێت، من یەکەم کەس دەبم کە بڵێم بارزانی و تاڵەبانی زۆر دیموکراتیترن لەسەرۆکی وڵاتە عەرەبیەکان، دەبێت هەنگاو بەهەنگاو-کە دەبێت هەموو شتێك هەنگاو بەهەنگاو بێت- بەرەو دیموکراسی زیاتر بڕۆن، هەروەها من دەڵێم تاوەکو ئێستا کوردستان ڕێگەی بەعێراقیەکان پێشانداوە، دۆخی ئابووریتان باشە، بەباشی کاروبارەکان هەڵدەسوڕێنن، ئاشتی هەیە لەهەرێمەکەتاندا، خەڵك دەتوانێت بێت و بچێت، هەروەها

> **مالیکی هاوکاریەکی زۆری بەشار ئەلئەسەد دەکات. ئەویش نەك لەبەر ئەوەی خۆی کارێکی لەم چەشنەی پێخۆشە. بەڵکو لەبەر ئەوەی ئێران فشاری لەسەر دروست دەکات**

وەبەرهێنانێکی دەرەکی زۆریش هەیە، ئێوە ڕێگەتان بەبەشەکانی دیکەی عێراق پیشانداوە کە چۆن کارەکان ئەنجام دەدرێن. ئێستاش دەتوانن پێشانی مالیکی بدەن کە ئێوە دەتوانن لەو دیموکراتیتر بن، ئەمە زۆر گرنگە، ئەمە لەمەودای دووردا، واتە نەك لەمانگی داهاتوودا، بەڵکو لەماوەی پێنج بۆ حەوت و بۆ دە ساڵی داهاتوودا، بەڵام دەبێت ئەمە ئاراستەکەبێت. پێموایە ئەمە مەسەلەکەیە، ئێوە چەندین مەسەلەی دیکەتان هەیە کە ئەمریکا ناتوانێت هاوکاریتان بکەن، ئێوە ناکۆکیتان هەیە لەگەڵ بەغدا لەبارەی پرسی نەوتەوە، پێموایە ئەمریکا ناتوانێت لەو بوارەدا کاری زۆر بکات، دەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بکەن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی ئەلعێراقیە، ئەگەر بزانن چۆن کار لەگەڵ عێراقیەدا دەکەن، دەتوانن هاوکاریان بن لەبەدەستهێنانی ئەوەی دەیانەوێت، لەبەرامبەریشدا ئەوان لەمەسەلەی نەوتدا هاوکاریتان دەکەن. کە ئەمە شتێکی باش دەبێت بۆ ئێوە و بۆ ئەوانیش، کەواتە دەبێت ئێوە گەمەیەکی ژیرانە بکەن لەنێوان مالیکی و ئەلعێراقیەدا. بەڵام ئەوە گرنگە، کە چۆن ئەو کارە دەکەن، ئێستا تاریق ئەلهاشمی، لەکوردستانە، من دڵنیانیم ئایا لەسلێمانی-یە یان لەهەولێر، بەڵام ئێوە پێی ناڵێن کوردستان جێبهێڵە بۆ ئەوەی مالیکی بتخاتە زیندانەوە. ئەمە شتێکی باشە و پێویستە ئێوە بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن. من دەگەڕێمەوە بۆ مەسەلەی هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ ئەلعێراقیەدا، ئەمانە ئەو پرسانەن کە پێموایە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت. دەزانم کە بارزانی چی بەئەمریکا دەڵێت و من کێشەم لەگەڵ ئەمەدا نییە و من ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، بەڵام دەبێت بزانێت کە داوای پشتیوانی لەئەمریکا دەکات بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان، لەم قۆناغەدا ئەمریکا پشتگیری ئەمە ناکات، گرفت نییە کە ئەو داوای دەکات، بەڵام دەبێت بزانێت کە وەڵامی ئەمریکا نەخێرە، پێی دەڵێن ئێمە پشتیوانیت ناکەین، پێموایە داوای دەکات، بەڵام پێموایە پێی دەڵێن نەخێر، ئێمە ناتوانین ئەم کارەت بۆ بکەین، بەڵام دەتوانین کاری دیکەت بۆ بکەین.

*** سەرۆك بارزانی کە داوای کردووە بگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات، لەهەمانکاتدا کێشەکانی دیاری کردووە، بارزانی ترسی ئەوەی هەیە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری، ئایا لەگەڵ دیکتاتۆر دەتوانرێت جارێکی دیکە بژین؟**

- من ئەوە دەزانم و هاوڕاشم، کێشەکە ئەوەیە، ئەمریکا دەتوانێت هاوکاریتان بکات، لەگەڕانەوەدا بۆ دەستوور، بەڵام ئەمریکا ناتوانێت ئەم کارە لەبری ئێوە بکات، دەبێت ئێوە هاوپەیمانێتی بنیات بنێن لەعێراقدا، لەنێویاندا کارکردن لەگەڵ ئەلعێراقیە، کە واتان لێدەکات بتوانن فشار لەسەر مالیکی بکەن بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەستوور، ئەگەر ئێوە هاوکاری ئەلعێراقیە بکەن لەمەسەلەیەکدا کە گرنگە بۆیان، ئەوا ئەوانیش هاوکاریتان دەکەن لەمەدا. کەواتە ئەمە زۆر گرنگە، من هاوڕام لەگەڵتاندا کە دەتوانن لەبارەی دەستوورەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکادا بکەن، بەڵام ئەمریکا ناتوانێت مالیکی ناچار بەم کارە بکات، ئەوەی پێویستە ئەوەیە ئێوە هاوپەیمانێتی ببەستن لەناو عێراقدا. من دەتوانم بڵێم مالیکی لەژێر گوشاردا دەبێت بگۆڕدرێت، لەبەر ئەوەی

**شتێکی سوودمەند دەبێت ئەگەر بارزانی قەناعەت بەئەمریکا بکات، کە کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، کەمتر یان زۆرتر، ئۆتۆنۆمیەکی هاوشێوەی ئۆتۆنۆمی کوردەکانی عێراقیان هەبێت**

ئەگەر زۆرینەی نەبێت لەپەرلەماندا، لەبەر ئەوەی لەپێگەیەکی سەختدا دەبێت، بەلای کەمەوە ئەمە یەکێکە لەو مەسەلانەی دەبێت تاقیبکەنەوە، ئەگەر نەیکەن دەرفەتێك لەدەست دەدەن، مالیکی دەیەوێت وەك سەرکردەیەکی دیموکراتی دەربکەوێت، بەڵام ئەو چیتر سەرکردەیەکی دیموکراتی نییە، ئەمە ڕاستە، بەڵام هەوڵدەدەن وەك سەرکردەیەکی دیموکراتی دەربکەوێت. بەڵام ئەگەر ئێوە لەوە بێبەشی بکەن، پیشانی بدەن کە ئەو دیکتاتۆرە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی نییە لەپەرلەماندا، بەڵام هێشتا دەسەڵاتی لەدەستدایە، ئەوا ئەمە زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی دەبێتە سەرەتایەك بۆ فشاری نێودەوڵەتی، دەتوانن فشاری نێودەوڵەتی بنیات بنێن. ئەمریکاش لەوەدا یارمەتیتان دەدات.

*** ئەگەر مالیکی دەستی لەدەسەڵات هەڵنەگرێت، و بەردەوام بێت لەسەر تاکڕەوی خۆی، ئایا عێراق دوچاری شەڕی تائیفی نابێت کە هاوشێوەی شەڕی ناوخۆ دەبێت؟**

- من هیوادارم ئەم توندوتیژیە ڕوونەدات، لەبەر ئەوەی ئەم توندوتیژیە کێشەکە چارەسەر ناکات، ئەوەی بەدڵنیاییەوە ئێوە پێویستتان نییە، شەڕی ناوخۆیە، بەڵام ئێوە پێویستتان بەفشاری نێودەوڵەتیە لەسەر مالیکی، بەفشاری ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەورووپا و تەنانەت عەرەبیش هەیە، فشاری عەرەبی لەسەر مالیکی، بەدڵنیاییەوە ئێران هاوکاری دەکات، بەڵام مالیکی نایەوێت وەك بەشار ئەلئەسەد بکات و نایەوێت بەو

**دەبێت ئەوە بەمالیکی ڕابگەیەنرێت کە ئەگەر سیاسەتی خۆی نەگۆڕێت و پابەند نەبێت بەدەستوور، ئەوا متمانەی لێوەردەگیرێتەوە، بۆیە ئەگەر نەیکرد پەنابردن بۆ فشاری نێودەوڵەتی باشترە نەك شەڕی ناوخۆ**

دۆخەی بەشار ئەسەد بگات، ئێوە پێویستتان بەفشاری نێودەوڵەتیە، بەفشاری سیاسی، دیپلۆماسی و ئەگەر پێویست بکات ئابووری. لەهەمان کاتدا دەتوانم شتێکی دیکەتان پێبڵێم، ئێوە دەزانن کە سعودیە کەمێك لەمالیکی نزیك بۆتەوە و تەنانەت کوەیتیش نزیکتر بۆتەوە لەمالیکی بە بەراورد بەڕابردو، ئەمە شتێکی باشە و عێراق پێویستی بەدۆست هەیە و هێشتا مالیکی سەرۆك وەزیرانێکی شەرعیە، ئەگەر مالیکی زۆرینە لەدەست بدات لەپەرلەماندا و وەك سەرۆك وەزیران بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدات کە هەرواش دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە دەستوورە، ئەگەر ڕاستەوخۆ هەڵبژاردن نەکات لەماوەی دوو بۆ سێ مانگی داهاتوو،- من دڵنیانیم لەمە- ئەگەر ئەم کارە نەکات و وەك دیکتاتۆرێك بمێنێتەوە، ئەوا وڵاتە عەرەبیەکان دەتوانن هاوکارتان بن لەفشارکردن لەسەری، بەتایبەتی ئەگەر کار لەگەڵ ئەلعێراقیەدا بکەن، هەروەها لەگەڵ هەندێ گروپی شیعەشدا، دەبێت ئەوە بەمالیکی ڕابگەیەنرێت کە ئەگەر سیاسەتی خۆی نەگۆڕێت و پابەند نەبێت بەدەستورەوە ئەوە متمانەت لێوەردەگرینەوە، بۆیە ئەگەر نەیکرد پەنابردن بۆ فشاری نێودەولەتی



■ فۆتۆ: ئەرشیف



باشترە نەك شـەڕی ناوخۆ، هەروەها دەبێت بزانن عێراق سوریا نییە.

*** هەتا ئێستا کورد بەشێك نەبووە لەکێشەکە، بەڵام ئێستا کێشەکە یەخەی کوردیشی گرتووە، ئایا بەدیلی کورد لەم حاڵەتەدا چییە؟**

- من دەڵێم هەوڵبـــدەن و بگەنە تەرتیباتێك لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا، ئەمە دیموکراسیە، ئێـوە بــەدوای هاوپەیمانــدا دەگەڕێـــن لەسیســـتمی سیاســـی عێراقدا، هەوڵبدەن بەدوای هاوپەیماندا بگەڕێن و پێکەوە کاری بۆ بکەن. هەردوولاتان دەبێت دەست لەهەندێ داواکاری هەڵبگـــرن بۆئەوەی بتوانن پێکەوە کار بکەن. بۆئەوەی کار لەگەڵ ئەلعێراقیەدا بکەن، دەبێت دەســـت لەهەندێ شتی دیاری کـراو هەڵگـــرن، بەهەمان شـــێوەش دەبێت ئەلعێراقیـــە واز لەهەنـــدێ لەداواکاریەکانی بهێنێـــت بۆ ئەوەی کارتـــان لەگەڵدا بکات. کەواتـــە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو سیســـتمە سیاسیەی لەئارادایە، ئێوە دەستوورتان هەیە کـــە لەبەرژەوەندی ئێوەیـــە، ئەمە زۆر زۆر گرنگە، لەبـــەر ئەوە هەوڵبدەن هێز و توانای سیاسی خۆتان بەکار بهێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکانتان، پێموانیە کـــوردەکان بوونەتە بەشـــێك لەکێشـــەکە، ئەوان نابنە بەشـــێك لەکێشەکە، بەڵکو بەباشی ڕەفتاریان کردووە، لەبەر ئەوەی کوردەکان ئەوەیان پیشانی عێراق داوە کە چۆن بەئاشتیانە و بێ دیکتاتۆریەت حکومڕانی بکەن. کوردەکان دەتوانن زۆر شت بکـــەن و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو دیموکراتی زیاتر بڕۆن، دەبێت هاوپەیمان بدۆزنەوە لەناو سیســـتمی سیاســـی عێراقدا، کەواتە دەبێت کوردەکان لەچوارچێوەی سیستمی عێراقیدا کاربکەن و پەیوەندیەکانیان بەهێز بکەن لەگەڵ کوردەکانی ســـوریادا، دەبێت ئەو کارە بکەن، هەروەها هەمیشـــە پەیوەندیەکانتان بەباشـــی بهێڵنەوە لەگەڵ تورکیادا، لەبەر ئەوەی ئێوە پێویســـتتان بەتورکیایە و تورکیاش پێویستی بەئێوەیە، ئەمە شـــتێکی باشە، ئەگەرچی ئێستا بەدەگمەن ئیســـرائیل و تورکیا پێکەوە قسە دەکەن، بەڵام من وەك ئیسرائیلیەك ئەم قســـەیە ناکەم، بەڵکو وەك شـــیکەرەوەیەکی پەیوەندیـــە نێودەوڵەتیـــەکان. کەواتە من دەڵێم تورکیا پێویســـتی بەئێوە و ئێوەش پێویستتان بەتورکیایە، لەبەر ئەوە کار لەگەڵ تورکیادا بکەن، ئەوەی پەیوەست بێت بەسوریاوە، ئەوا تاوەکـــو پەیوەندیەکانتان لەگـــەڵ کوردەکانی ســـوریا بەهێزتر بێت، باشترە. لەسەر ئاستی عێراقی دووبارەی دەکەمەوە دەبێت کار لەگەڵ عێراقیەکانـــدا بکەن، ئەمە گرنگە بۆ ئێوە و هاوکاری ئەمریکا بەدەســـت بهێنن بۆئەوەی کارتـــان لەگەڵدا بکەن دژی مالیکی، لەبەر ئـــەوەی حاڵی حازر ئەمریکا زۆر نامورتاحە بەمالیکـــی، پێتـــان دەڵێم ئەمریـــکا زۆر نامورتاحـــە لەگەڵ مالیکیـــدا، کەواتە ئێوە دەتوانن پشـــتیوانی ئەمریکا بەدەست بهێنن.

**بۆئەوەی کار لەگەڵ ئەلعێراقیەدا بکەن، دەبێت دەست لەهەندێ شتی دیاری کراو هەڵگرن، بەهەمان شێوەش دەبێت ئەلعێراقیە واز لەهەندێ لەداواکاریەکانی بهێنێت بۆ ئەوەی کارتان لەگەڵدا بکات**

**کوردەکان ئەوەیان پیشانی عێراق داوە کە چۆن بەئاشتیانە و بێ دیکتاتۆریەت حکومڕانی بکەن. دەتوانن زۆر شت بکەن و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو دیموکراتی زیاتر بڕۆن**

ســـەردانەکەی بارزانـــی بۆ واشـــنتۆن زۆر گرنگە و کاتەکەشـــی زۆر گونجاوە، کەواتە کار لەگەڵ ئەمریـــکا بکەن، بەڵام لەیادتان بێت ئێوە لەعێراقدا دەژین. ئێوە پێویســـتتان بەوە هەیە کە هێزە سیاسییەکانی عێراق بێنە پاڵ ئێوە، دەبێت کاریان لەگەڵدا بکەن، ئەمە ئاســـان نییە و من ناڵێم ئەمە ئاسانە، بەڵام دەبێت ئەم کارە بکەن، ئەمە پێشنیاری منە. بەم شـــێوەیە فشار لەسەر مالیکی دەکەن بۆ ئەوەی بەو ئاراســـتەیەدا بڕوات کە پێویستە بڕوات... هەروەهـــا نەوتی زیاترتان پێبدات، لەگەڵ کێشەی کەرکوك، کە دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت ئەو کێشـــانە چارەسەربکرێن، ئەمریـــکا دەتوانێت هاوکارتـــان بێت، بەڵام ئەمریکا ناتوانێت لەبری ئێوە ئەو کارە بکات، ئەوە مەسەلە ســـەرەکیەکەیە، دەبێت ئێوە ئەو کارە بکـــەن و دەبێت لەناو عێراقدا هاوپەیمان بدۆزنەوە، ئەوە بۆچوونی منە.

## ڕالف پیتەرز بۆ گوڵان:

# ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی بۆ واشنتۆن زۆر گرنگ و جێی بایەخە و دەبوو زووتر بکرایە



**ڕالف پیتەرز نووسەر و ستراتیژزانی ئەمریکا خاوەنی ٢٣ کتێب و زیاتر لە٦٠٠ ستوون و وتارە لەڕۆژنامە جیهانیەکاندا، ماوەی ٢٢ ساڵ وەك ئەفسەر لەڕیزی سوپای ئەمریکا حزمەتی کردووە و زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڕاوەو چەندین جار سەردانی عێراقی کردووەو نزیکەی ٥ کتێبی لەسەر عێراق نووسیوە، هەروەها پیتەرز یەکێکە لەدۆستە نزیکەکانی کورد و نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کێشاوە کە تیایدا کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، وەك لەم دیمانەیەشدا جەختی لەسەر کردۆتەوە ئومێدی ئەوەیە ڕۆژێك کوردستانی سەربەخۆ ببینێت، کۆلۆنێل ڕالف ئێستا خەریکی دیراساتی ستراتیژییە لەسەر ئەفغانستان و عێراق، سەبارەت بەسەردانی سەرۆك بارزانی بۆ ئەمریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباماو بەرپرسانی دیکەی کۆشکی سپی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا ئەمە یەکەمجارە بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەفەرمی سەردانی ئەمریکا بکات، ئەمە لەکاتێکدا عێراق بەدۆخێکی هەستیار و لەرزۆکدا دەڕوات، ئایا گرنگی سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ کۆشکی سپی چییە، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە کارێکی باش و گرنگە ئەم سەردانە، بەڵام ئەمە زۆر درەنگ کەوت، کە دەبوو ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا ڕوویبدایە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە سەرۆك ئۆباما بەچەشنی سەرۆکە دیموکراتەکانی دیکە، زۆر کەم بایەخ بەکاروباری دەرەوە یان ستراتیجیەتی دەرەوە دەدەن، واتە تەرکیزی سەرەکی ئەوە لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی ئەمریکایە، هەربۆیە زانیاریەکی کەمی هەیە لەبارەی عێراقەوە و گرنگیپێدانێکی کەمیشی بەعێراق هەیە. تەنیا وەك کێشەیەکی سیاسی سەیری دەکات، لەڕوانگەی سیاسیشەوە ئەوان نەیانویست هیچ کارێك لەعێراقدا بکەن، لەبەر ئەوەی پێیانوابوو ئەوە شەڕی سەرۆك بوش بوو و ئەوانیش سەرۆك بوشیان نەدەویست. کەواتە بووە کێشەیەکی سیاسی. کاتێکیش سەرۆك ئۆباما دەسەڵاتی گرتەدەست، تەنیا ویستی لەعێراق بکشێتەوە و ویستی کۆتایی بەکێشە سیاسیەکە بهێنێت، ئەو پێیوابوو خۆی و ڕاوێژکارەکانی دەزانن باشترین چارەسەر چیە، بەڵام ئەوان نەیانزانی کامە باشترین کارە. لەبەر ئەوە کاتێك وادەی ئەوە هات کە ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا درێژ بکرێتەوە، ئۆباما پێوەندی و مەعریفەی شەخسی نەبوو بۆئەوەی سەفقەیەکی ڕاست و دروست بکات، کە بەدڵنیاییەو دەرئەنجامەکەشی ئەوەبوو موقتەدا سەدر و بەپشتی ئێران توانیان تەلاعوب بەبارودۆخەکە لەبەغداد بکەن و کارێکیان کرد کە ڕێککەوتن نەکرێت بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. لەبەر ئەوە پێموایە ئیدارەی ئۆباما نەیتوانی بەشێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ عێراق بکات، هەروەها لەگرنگی کێشە و پرسەکانی کورد تێنەگەیشت، لەوە تێنەگەیشت کە کوردەکان دۆستێکی مەزنی ئەمریکان و ویستیان هێزەکانی ئەمریکا بمێنێتەوە، ئێستا خەریکە لەکێشەکە تێدەگات و دەیەوێت پێوەندی نزیك لەگەڵ بارزانی دروست بکات کە دەبوو پێشتر ئەم کارەی بکردایە، کە بەدڵنیاییەوە کارێکی بنەڕەتیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** سەرەڕای ئەوەی کوردستان بەشێك بووە لەعێراق، بەڵام هەرێمی کوردستان بەشێك نەبوو لەو عێراقەی لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکرا، بەڵکو کورد بوونە هاوپەیمانی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم پێوەندیە بەردەوام دەبێت و ئایا ئەمریکا هاوپەیمانە کوردەکانی لەبیر دەبێت؟**

- من هیوادارم ئێستا ئیدارەی ئۆباما بەتەواوەتی لەگرنگی کوردەکان و کێشەکانی کوردستان تێگەیشتبێت و لەدروستکردنی پێوەندیی درێژخایەن لەگەڵ کوردستان تێبگات، بەڵام ئەوە جێی ئومێدە کە بەشەخسی ئۆباما خۆی بارزانی دەبینێت. من

**ئۆباما لەوە تێنەگەیشت کە کوردەکان دۆستێکی مەزنی ئەمریکان. ئێستا خەریکە لەکێشەکە تێدەگات و دەیەوێت پێوەندی نزیک لەگەڵ بارزانی دروست بکات**

باوەڕم وایە ئەو کاتەی ئۆباما دەسەڵاتی گرتەدەست لەپێوەندیە ئاڵۆزەکانی ئەو وڵاتە تێنەدەگەیشت کەپێی دەڵێن عێراق، لەپێوەندی قووڵ و ئاڵۆزی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و کوردەکان تێنەگەیشت، کەواتە ئەو لەسەروبەندی ئەوەدایە ئەمە فێر بێت، ڕاستە بەڕەوتێکی خاو، بەڵام دەستی پێکردووە، پێموایە کاتێك مەترسیەکە لەهەڵکشاندا دەبێت لەکەنداوی فارس، مەترسی ناکۆکی سەربازی، سەرۆك ئۆباما درك بەوە دەکات کە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەپەلە لەعێراق، هەڵەیەکی زۆر زۆر خراپ بوو.

*** لەڕاستیدا پێش سەردانەکەی بۆ ئەمریکا، سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند دیکتاتۆریەت قبووڵ ناکرێت و دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان دەستوور جێبەجێ بکەن، ئەگەر دەستوور پێشێل بکرێت و لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە جێبەجێ نەکرێت، هەروەك بارزانی ڕایگەیاند کوردەکان بڕیاری خۆیان دەدەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر کوردەکان بڕیاری سەربەخۆییاندا، ئایا ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لەم بڕیارە دەکەن و ڕێزی لێدەگرن؟**

- من نیگەرانم لەوەی ئۆباما چالاکانە پشتیوانی لەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان نەکات، لەبەر هۆکارێکی سادە، ئەویش ئەو کەسانەی لەچواردەوری ئۆبامان ئەو پیاوانەی دەوڵەت و ئەو دیپلۆماتکار و ڕاوێژکارانەیە کە بیرکردنەوەیەکی دواکەوتوانەیان هەیە، ئەوانە بەعەقڵی سەدەی بیست بیر دەکەنەوە، کە تا ئێستا ئەو ڕاستیە نابینن کە سنوورە کۆنەکان سنووری سەرکەوتو نەبوون و سنوورگەلێکی تێکشکێنەربوون کە گەلانیان دابەش و زیندانیکرد، وەك کورد، پێم وایە تاوەکو ئێستاش ئیدارەی ئۆباما لەمەسەلەکە تێناگەن، لەبەرچاوگرتنی ئەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە بەهاری عەرەب کاریگەری لەسەر زۆرێك بەشەکانی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوە بێت کوردەکان هەڵوێستێکی بەهێز وەربگرن، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی هەروەك ئێوەش دەزانن مالیکی لەبەغدا زیاتر و زیاتر بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوات و بەدڵنیاییەوە پابەندە بەفۆرمێکی شیعی ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە و بەدڵنیایەوە ئێستاش زۆرێك لەسیاسییەکانی عەرەب ناتوانن مەوزوعیانە یان ڕەوایانە لەکێشەی کورد بڕوانن.

*** لەدوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددامەوە، کورد بەشێك بووە لەچارەسەر، کە دوایین هەوڵیشی لەم ڕووەوە بریتی بوو لەڕێککەوتننامەی هەولێر کە حکومەتی لێ پێکهات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا مالیکی کێشەی لەگەڵ ئەیاد عەللاوی هەیە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش لەگەڵ کورد، ئەوا دەبوو خەریکە کوردیش دەبێتە بەشێك لەکێشەکە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جگە لەگەڕانەوە بۆ دەستوور هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکە هەیە، بەتایبەتی کە مالیکی جێبەجێکردنی دەستووریش ڕەت دەکاتەوە؟**

- هەتا ئێستا دەوڵەتێکی عەرەبی نەبووە ڕێزی لەدەستوورەکەی خۆی گرتبێت، تەنانەت ئەو دەستوورە نووسراوەی لەسەردەمی ڕژیمی پیشووشدا هەبوو، هێندەی ئەو واقیعە خراپ نەبوو کە سەددام دروستی کردبوو. من پێموایە نەریتێکی دوورودرێژی ڕێزنەگرتن لەدەستوور لەکەلتوری دەوڵەتانی عەرەبدایە، بەدڵنیاییەوە کەلتوری کوردی زۆر زۆر جیاوازە. کەواتە ناکۆکی بەهاکان هەیە، کە ناکۆکیەکی قووڵە، جگە لەوە من نازانم چی بڵێم. کاتێك دوو ساڵ پێش ئێستا ئێمە قسەمان کرد وتم دوژمنەکان و هاوپەیمانێتیەکان دەگۆڕێن، تەنانەت ئەگەر سوننەکان پێشتر کوردەکانیان سەرکوتکردبێت، بەڵام لەئێستادا بواری ئەوە هەیە هاوپەیمانێتەکی بنیاتنەر پێکبهێنرێت، بەدڵنیاییەوە بۆ هاوکاری کردنی یەکتر لەنێوان کوردە سوننە و عەرەبە سوننەکاندا لەدژی دیکتاتۆریەتی هەندی شیعە لەبەغدا. من دەزانم زۆرێك لەکوردەکان ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە کە هاوکاری لەگەڵ عەرەبە سوننەکاندا بکەن، لەبەر ئەو نەهامەتیانەی لەسەدەستی ئەوان چەشتیان، بەڵام دەبێت هاوپەیمانێتی بکەن هەر کاتێك توانرا ئەو هاوپەیمانێتیە بکرێت.

*** کێشەکانی وەك ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، کەرکوك و یاسای نەوت و غاز لەڕێی دەستوورەوە چارەسەر دەکرێن، بەڵام سەرۆك وەزیران ڕێگە لەجێبەجێکردنی دەستوور دەگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جگە لەگەڕانەوە بۆ دەستوور هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکە هەیە لەبەردەم کوردەکاندا؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە، کە دەبێت کورد و نوێنەرەکانیان لەخۆیانی بکەن، لەڕاستیدا چەند ڕێگایەك هەیە، بەڵام ئایا ڕێگەچارەی کارا یان ژیرانەن، ئەوا ئەمانە پرسیارگەلێکی تەواو جیاوازن، ئایا ئەمە کاتی گونجاوە بۆئەوەی کوردەکان سەربەخۆیی ڕابگەیەنن؟ ئەمە ڕێگایەکە مەترسیەکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە کە ئامادەنەبوونی بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، کێشەی نەوت و گاز، بەدڵنیاییەوە بەلای منەوە ئاماژەن بەوەی کە بەغدا هێشتا وا بیر دەکاتەوە کە دەتوانێت وەك کۆڵۆنیەك مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات، وەك شەریکێکی پلەدوو لەعێراقدا، ئەمە دۆخێکی ئاڵۆزە و بەدڵنیاییەوە من خوازیاری ئەوەم بێ توندوتیژی چارەسەر ببێت، چونکە هێشتا مەترسی هەیە. کەواتە من نیگەرانم لەوەی ئەگەر کوردستان سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، ئەوا دۆخێکی ناوچەیی دژوار بۆ کوردەکان بخولقێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە، دەبێت لەساتێکی دیاریکراودا خەڵك هەڵوێست وەربگرن، تۆ ناتوانیت ڕێگە بەمالیکی بدەیت مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت، خەباتی هیچ کەسێك لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەپێناو ئازادیدا هێندەی خەباتی کوردەکان دژوار و دوورودرێژ نەبووە، دەبێت مالیکی لەوە تێبگات کە دەبێت سازش بکات، نابێت وا خۆی پیشان بدات کە هەموو ئەو ناوچانەی سەدام کردنی بەعەرەب بەردەوامی هەبێت، نابێت بوار بەمە بدرێت، لەڕووی مێژووییەوە کەرکوك شارێکی کوردیە، نەوت و گازی کەرکوك موڵکی شەرعی کوردن، کەواتە ڕێککەوتنێکی بنیاتنەر بۆ هاوبەشیکردن ڕەنگە باشترین چارەسەر بێت.

*** هەمو ئەگەرەکان سەردەکێشن بۆ دەرئەنجامێکی ڕەشبینانە. تا چ ڕادەیەك شکستهێنانی عێراق زیان بە بەرژەوندیەکانی ناوچەکە دەگەیەنێت و تا چەند ئەمریکا ئامادەیە بۆ دەستێوەردان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە؟**

- من پێموایە هەرگیز ئیدارەی ئۆباما دەستێوەردان لەعێراقدا ناکاتەوە، لەڕووی سیاسیەوە ئۆباما لەعێراق دەترسێت و ئەو تەنیا دەیەوێت ئەو کێشەیە نەمێنێت، من دەڵێم تاوەکو ئیدارەی ئەمریکا نەگۆڕێت کوردەکان ناتوانن پشت بەهاوکاریەکی چالاکی ئیدارەی ئەمریکی ببەستن، دووبارەی دەکەمەوە ئەو دەیەوێت کێشە لەعێراق نەمێنێت. پێموایە ئەو نیگەرانە لەبارودۆخی عێراق و باوەڕم وایە ئەوە هۆکاری سەرەکی کۆبوونەوەیەتی لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا.

*** ئەگەر لەدوماهیدا وتەیەکت هەبێت و بتەوێت بەگەلی کوردستانی بگەیەنیت؟**

- من بەردەوام چاودێری بارودۆخی کوردستان دەکەم و زۆر خۆشحاڵم کە بەرەوپێشچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕوویانداوە، سەرکەوتنی کوردستان مۆدێلێکی جێی ئیعجابە بۆ باقی بەشەکانی دیکەی ناوچەکە، کوردەکان کۆششی سەخت دەکەن و بوێرن و بەدڵنیاییەوە ئاستی پەروەردەییان باشترە لەو خەڵکانەی لەدەوریانن، و سەرکەوتنی کوردستان دەبێتە جێی حەسادەتێکی زۆری خەڵکانی عێراق و ناوچەکە. من شانازی بەو بەرەوپێشچوونە مەزنانەی کوردستانەوە دەکەم و ئومێد دەکەم و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژیشە ئەمە هیوا و ئومێدی من بووە کە ڕۆژێك لەڕۆژان کوردستانی سەربەخۆ ببینم.

**مالیکی لەبەغدا زیاتر و زیاتر بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوات و پابەندە بەفۆرمێکی شیعی ناسیۆنالیستی عەرەبیەوە. زۆرێك لەسیاسیەکانی عەرەب ناتوانن مەوزوعیانە یان ڕەوایانە لەکێشەی کورد بڕوانن**

# ئایین وەک دەروازەیەک
# بۆ گۆڕینی کەلتووری هەڵە



عەبدولڕەحمان سدیق

قسەی ئایین لەسەر کەلتور لێرەوە دەست پێدەکات کاتێك ئایین هاتووە، لەنێو کۆمەڵگەدا شتێك هەبووە بەناوی کەلتوور، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئایین وەك دەق دەکەوێتە سەرووی کەلتوورەوە، بەڵام ئەو گۆڕانکاری و گەشەسەندنە واتاییەی کە لە کۆمەڵگەدا دەگوزەرێت لە ڕووی داب و نەریت و زمان و نووسین و عادات و تەقالیدەوە، دواجار لەکۆمەڵگەدا دەبنەوە بە نەریت، ئینجا قسەی ئایین لەسەر ئەمانە دەستپێدەکات، کە ئەو کەلتوورە لەگەڵ دەقە ئایینیەکان یەك دەگرنەوە یان نا.

بۆیە پێغەمبەر(د.خ)، دەفەرموێت «من نێردراوم بۆ تەواو کردنی ڕەوشتە جوانەکان». هەردوو چەمکی (ڕەوشتە جوانەکان و تەواو کردن) بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە پێش هاتنی ئەو، شتێك هەبووە بەناوی ڕەوشتە جوانەکان، بەڵگەشە لەسەر ئەوەی لە ئاییندا شتێك نییە ڕاستەوخۆ وەك دەق دژایەتی کەلتوور بکات، بەڵکو دەڕوانێتە کەلتوورەکە، ئەگەر کەلتوورەکە خۆی لەخۆیدا بریتی بێت لە پاشماوەی جێبەجێکردنی دەقێکی ئایینی پێش خۆی، بۆ نموونە: ئەو شتەی ئەمڕۆ لەکۆمەڵگەی موسڵمانان لەکاتی هاتنی ئایینی ئیسلام بریتی بوویێت لە کەلتوور، لەساتەوەختێکی پێش ٥٠٠ساڵ بریتی بووە لەجێبەجێکردنی دەقێکی دیکەی ئایینی مەسیحی، ئەوەی لەسەردەمی ئایینی مەسیحی پێی وتراوە کەلتوور، پێشتر بریتی بووە لە جێبەجێکردنی دەقێکی ئایینی تەورات کە ئەگەڕێتەوە سەردەمی پێشی مەسیحیەت، کاتێك دەقی ئایینی کە دێتە ناو کۆمەڵگە ئەم پرسیارە دروست دەبێت : ئایا ئەوە ئایینە کەشێواز بە کۆمەڵگە دەدات، یان ئەوە کۆمەڵگەیە کەشێواز بە ئایین دەدات؟

لەراستیدا دەڵێین ئایین شێواز بە کۆمەڵگە دەدات، لەروانگەی تیۆرییەوە، بۆ نموونە دەڵێتە کۆمەڵگە راستگۆبن، دەستپاکبن، پۆشتەبن، داوێن پاك بن، ئەمانە هەمووی قسەی گشتین لەڕووی ئایینیەوە، بەڵام دواجار ئەم کۆمەڵگەیە هەریەکەو بەجلوبەرگی خۆیەوە خۆی پۆشتە دەکات، کەسەرەنجام پێی دەناسرێتەوە، کەواتە لەڕووی پراکتیکیەوە کۆمەڵگە روخسار بە ئایین دەدات، بۆیە دەڵێین کۆمەڵگەی چینی، کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگەی ئەندۆنوسی..تاد.

ئەگەر لەو روانگەیەوە بروانین کە لەرووی تیۆریەوە ئایین روخسار بە کۆمەڵگە دەدات، کاتێکە کە بۆت دەردەکەوێ ئایین دەقەکانی لەکۆمەڵگە بەرجەستە دەبن، پیادە دەکرێن، پاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە، دوور دەکەوێتەوەو نزیك دەکەوێتەوە تا دەبێت بە بەشێك لە کەلتوور، وەختێك ئایینی نوێ دێت کە ئیسلامە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم شتانە لەوێوە دەست پێدەکات، کە ئەمانە لەگەڵ جەوهەری ئاییندا تەبا نەبن، بۆ ئەوەی ڕاستی بکاتەوە، بەڵام کە تەبابن هیچ قسەی لەسەر ناکات، ئێستاش ئێمە کە لەسەردەمی دوا ئاییندا دەژین، لەهەمان حاڵەتدا نوێکردنەوەی ئایین لەوێوە دەست پێدەکات شێوازی پیادەکردنەکەو بەرجەستەکردنەکەی لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵگە پێویستە نوێ بکرێتەوە، ئەگەرنا دەقەکانی هەر ئەودەقانەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرە (د.خ).


بۆ ئەم مەسەلەیە دەبینین، ئایین وەختێك دێت بەدەقەکانی دەیەوێت گۆڕانکاری لە نێو کۆمەڵگەدا بکات، کەلتووری کۆمەڵگەی لەو شوێنانەی ناسازو ناکۆکە لەگەڵی بیگۆڕێت، پرسیارەکە ئەمەیە :

ئایا لەسەر ئایین پێویستە خۆی بسازێنێت لەگەڵ کەلتووری کۆمەڵگەدا، یان لەسەر کۆمەڵگە پێویستە خۆی بسازێنێت لەگەڵ ئەو شتانەی کەلە دەقی ئایینیدا هاتوون؟

جارێکی دیکە ئەم مەسەلەیە دەوەستێتە سەر مرۆڤەکان، چونکە دواجار ئایین بریتیە لەشتێکی واتایی، ئایین شتێك نییە بتوانێت دەستی لێ بدەی، ئایین وەکو شتێکی واتایی بەرجەستە دەبێت لەشوێنێکی ماددی کە بریتیە لە مرۆڤەکان، ئێمە ئایین لە مرۆڤەکانەوە دەناسینەوە، هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤەکان لەکۆمەڵگەیەکدا ئەوە نیشاندەدات ئەو کۆمەڵگەیە پابەندن بە دەقە ئایینیەکان یان نا؟

لێرەوە دەبینین کاتێك ئەوە ڕوودەدات، کە کۆمەڵگە دەتوانێت دەقە ئایینیەکان پیادە بکات،چونکە وەڵامدەرەوەیەکی باشن بۆ دەقەکان، لەو کاتانەدا کۆمەڵگە بە داب و نەریت و کەلتوورە کۆنەکانی خۆیەوە زیاتر پابەند دەبێت تا بەدەقە ئایینیەکان، ئەوە ئەو ساتە وەختانەن کە تیایدا تازەکردنەوەو نوێکردنەوە لەجۆری جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی دەقە ئایینیەکان روونادات، نموونە: دەبینین لە ئاییندا ژن بەژن، گەورە بە بچووك نییە، کە دەروانینە کۆمەڵگەی کوردی کەلتوورێکی تێدایە بەناوی ژن بەژن، گەورە بە بچووك، ژن لەبری خوێن، هەموو ئەمانە بۆچی زاڵن؟ ئەوە بەڵگەیە کە لەو شوێنەدا داب و نەریت و عورف و عادات و کەلتووری تایبەت زاڵتر بووە بەسەرخودی ئایینەکەدا، بەڵام کام ئایین؟ ئەو ئایینەی کە ئەو وای لێ تێگەیشتووە ئەو عورف و عادەتە لە تێڕوانینی خەڵکدا جێگەی خۆی بکاتەوەو خۆی بکات بە بەشێك لەئایین، خەڵکەکە بە نێوی ئایینەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەن، لێرەوە ئەرکی زانایان دەست پێ دەکات بۆ نوێکردنەوە بە ئاڕاستەی ئەو شتانەی لە خودی ئایین نین جیا بکرێنەوە، بۆ ئەوەی عورفی هەڵەی کۆمەڵگە، کەلتووری هەڵە، پیرۆزیی خودی ئایین وەرنەگرێت، بەڵکو دەبێت ئایین کەلتووری هەڵە بگۆڕێت و، بەرەو ڕاستکردنەوەی بەرێت.

# ئەزهەر لەهەوڵداندا
# بۆ گەڵاڵەکردنی لیبرالیزمێکی ئیسلامی



فەرید ئەسەسەرد

کۆششێك بۆ سەقامگیرکردنی رۆڵی سیاسیی ئەزهەر لەمیسر لەئارادایە. ئەم کۆششە، جگە لەوەی کە خودی ئەزهەر هەوڵی بۆ دەدا، بەشێکی زۆری لایەنە میسرییەکانیش، لەوانە عەلمانییەکان و چەپەکان، دژی نین. مێژووی ئەزهەر ڕەنگدانەوەی مێژووی میسرە. لەسەدەی دەیەمی زایینیدا جەوهەر سقللی بە فەرمانی خەلیفە موعیزی فاتیمی، ئەزهەری دامەزراند. فاتیمییەکان هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو کە ئەزهەر بکەنە مەکۆی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی شیعەی ئیسماعیلی. بەڵام پاش ئەوەی سەلاحەددینی ئەیوبی دەوڵەتی فاتیمیی لەناو بردو میسری بۆ قەڵەمڕەوی سوننەگەرایی گێڕایەوە، ئەزهەریش ڕەنگی شیعەگەریی ئیسماعیلیی لەخۆی داماڵی و بووە مەکۆیەکی سوننەگەرا. لەسەردەمی محەمەد عەلی پاشادا ئەزهەر بەشێکی زۆری کاریگەری و دەسەڵاتەکانی لەدەستداو لەسەردەمی جەمال عەبدولناسر نەك هەر هیچ دەسەڵاتێکی نەما، بەڵکو بووە پاشکۆو سێبەری دەسەڵات و تا کۆتایی هاتنی ڕژێمی حوسنی موبارەك هەر وا مایەوە.

ئەزهەری ئێستا وەکو ئەوەی جاران نییە. شێخی ئێستای ئەزهەر، ئەحمەد تەیب کە دەرچووی زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسایە، لەهەنگاوێکی مێژوویيدا مەرجەعیەتی بۆ ئەزهەر گێڕایەوەو رزگاری کرد لەهەژموونی دەوڵەت.

ئەزهەرێکی ئازاد بۆ میسری پاش موبارەك پێویستە، بەتایبەتی لەسایەی پەرەسەندنی ڕۆڵی ڕەوتە ئیسلامی و سەلەفییەکان. ئەزهەر لێی رادەبینرێ هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێ کەمەرجەعیەتی نەجەف لەناو شیعەکاندا دەیگێڕێ. لەکاتێکدا هەردوو مەرجەعیەتی ئەزهەرو نەجەف جەخت لەسەر سەقامگیرکردنی ڕۆڵیان لەکاروباری گشتی دەکەنەوە، ڕۆڵی سیاسییان لەئامانجی سیاسی داماڵدراوەو هەردووکیان زۆرتر ڕۆڵی ڕێنمایی دەبینن.

ئەو سێ دیکۆمێنتەی کە ئەزهەر لە ماوەی نێوان هاوینی ٢٠١١ و کانونی دووەمی ٢٠١٢ بڵاوی کردۆتەوە، بۆ سەقامگیرکردنی ڕۆڵی سیاسیی ئەزهەر لەهێنانە دی میسرێکی نوێ بایەخی خۆیان هەیە. سێ دیکۆمێنتەکە سەرباری ئەوەی کە لێیان ڕادەبینرێ لیبرالیزمێکی ئیسلامیی کراوەو لێبوردە بێننە دی، دەشێ نۆژەنکەرەوەی بەشێکی بنەڕەتیی بنەما سیاسییەکانی مێژووی ئیسلامیش بن. دیکۆمێنتەکانی ئەزهەر، بەتایبەتی ئەوەی کە سەبارەت بەئایندەی میسرەو لە١١ی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو بڵاو کراوەتەوە، دەکرێ بەو چاوە سەیریان بکرێ کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەن بەبیری سیاسیی موسڵمانان بەدرێژایی ١٤سەدەی ڕابردوو.

ئاشکرایە کەمێژووی سیاسیی ئیسلام دەستوورو هەڵبژاردنی ئازادو فرەیی و ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی و چەمکی هاووڵاتیبوون و لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا نییە، بەڵام دیکۆمێنتەکانی ئەزهەر بانگەشە بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن و لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەن، تەنانەت بەهیچ شێوەیەك بەلای گێڕانەوەی خەلافەتدا ناچن. لەمێژووی ئیسلامدا لەدوای کوژرانی خەلیفە عەلیی کوڕی ئەبو تالیب، هەڵبژادنی خەلیفە بەمیتۆدێکی وا بەڕێوە نەچووە کەبتوانرێ بەڕێوشوێنێکی دیموکراتییانە بشوبهێنرێ. لانی کەم سیستمی خەلافەت لەدوو خاڵدا بۆتە مایەی خنکاندنی هەر بیرکردنەوەیەك لەپەرەپێدانی بیری سیاسی، خاڵی یەکەمیان ئەوەیە کە خەلیفە دەسەڵاتی ڕەهای لە کاروباری سیاسیدا هەبووەو جگە لەکۆت و بەندی شەرعی کە ڕێگر نەبووە لەپەیدابوونی دکتاتۆری، هیچ کۆت و بەندێك لەسەر هەڵسوکەوتی نەبووە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە خەلیفە هیچ ماوەیەکی حوکمڕانیی بۆ دیاری نەکراوەو هەر کە هەڵبژێردراوە، بەدرێژایی تەمەنی حوکمی کردوە.

دیکۆمێنتەکانی ئەزهەر بانگەشە بۆ سەرۆکێکی هەڵبژێردراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراوو دەستبەستراو بەکۆت و بەندی یاساو دەستوور دەکەن، هەڵبژاردن بەئەلتەرناتیڤی نەریتی بەیعە دادەنێن و گەل بەسەرچاوەی دەسەڵات.

بوارەکانی تری سێ دیکۆمێنتەکە دەشێ دەرفەتێکی گونجاو بۆ لیبرالیزمێکی ئیسلامی پێك بێنن. ئاشکرایە کەبیری سیاسیی ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ بیری سیاسیی ئەوروپایی گەشەکردنێکی زۆری بەخۆوە نەدیوەو بەدرێژایی ١٤ سەدە نەیتوانیوە ئەزموونێکی دیموکراتییانەی گەش و مایەی شانازی پێشکەش بکا. بەدڵنیاییەوە کات بۆ پەرەپێدانی بیری سیاسیی ئیسلامی زۆر درەنگە، بەڵام لەپاش شکستی گەورەترین بزووتنەوەی چاکسازیی دینی لەسەر دەستی ئەفغانی و محەمەد عەبدەو لەسەرەتای سەدەی بیستەم، دیکۆمێنتەکانی ئەزهەر کە پاش سەد ساڵ لە شکستی ئەم بزووتنەوەیە سەر دەردێنن، وەك ئەوە وان کە لەپێشبڕکێدا بن لەگەڵ کاتدا. خاڵی جیاکەرەوە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە هەلومەرجی زاڵی ئەمڕۆ لەچاو هەلومەرجی سەردەمی ژیانی ئەفغانی و عەبدو، لەبارترە بۆ چاکسازی. لانی کەم دیکۆمێنتەکان کاریگەرییان لەسەر بۆچوونی دوو سەرکردەی ئیسلامگەرا بەجێ هێشتووە کە بریتین لەراشد غەنوشی و سەدرەددین بیانونی. غەنوشی لە تونس دانی بەوەدا نا کە عەلمانیەت بەمانای دژایەتی کردنی ئاین نایەت، بەڵکو بەمانای ئازادیی بیر دێ و بیانونی لە سوریا بانگەشەی بۆ دەوڵەتێکی مەدەنی کرد. ئەمە بەم واتایە دێ کە ناوچەکە لە جەنجاڵی باهۆزە سیاسییەکاندا خەریکە بیری سیاسیی ئیسلامی لە توندڕەوییەوە بەرەو لیبرالیزم پاڵ پێوە دەنێ، ئەمەش بۆ هەمووان دەرفەتێکە بۆ هێنانەکایەی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی کراوەترو لێبوردەترو باشتر لەوەی کە لەمەوبەر لەئارادا بوو.



عەلی باپیر

## ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# پێمووایە ئۆپۆزسیۆنیش جۆرێک لە ناکامڵبوونی پێوە دیارە، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم چ لە حوکمڕانی و چ لە ئۆپۆزسیۆن بووندا کرچ و کاڵیمان هەیە

**مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستان و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش مامۆستا عەلی باپیر رۆڵێکی دیاری لە سیاسەتی هەرێمدا هەیە و لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندایە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن وەک هاوکار و چاودێری حکومەت سەیر دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پێویستە رەخنەی جدی و دڵسۆزانە هەبێت لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، لەمەش زیاتر ئەو پێی وایە کێشە و کەموکورتیەکان بەهاوکاری هەموولایەک چارەسەر دەکرێت و چۆن حزبەکانی حکومڕان بەرپرسن بەهەمان شێوە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش پێویستە وەڵامدانەوەیان هەبێت و بەشدار بن لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و هەماهەنگی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن و هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی مامۆستا عەلی باپیرمان کردو لەم دیمانە تایبەتەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

**گوڵان:** سەرەتای پرسیارمان، بە پرسیارێکی گشتی دەست پێدەکەین و حەز دەکەین بزانین بە تێڕوانینی ئێوە چۆن بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو عێراق و ناوچەکە دەخوێننەوە؟

**عەلی باپیر:** بسم الله الرحمن الرحیم. دووبارە بەخێرهاتنتان ئەکەم. سەبارەت بە پرسیارەکەتان،بەتێڕوانینی من دەگونجێت لەچەند گۆشە نیگایەکەوە سەیری بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکەین، بۆیە ئەگەر وەك هەرێمی کوردستان سەیری بکەین، من چەندین جاری دیکەش وتوومە، ئێمە چەندین دەسکەوت و بەرهەممان بەدەست هێناوە، ئەمەش زادەو بەرهەمی کۆششی هەموو لایەکە، ئینجا چ لایەك زۆرتری بەردەکەوێت یان کەمتر ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە بەدەستبار گرتن بۆ یەکترو بەهەمانگی و هاوکاری هەموو لایەك بە دیهاتووە، ئەمەش نەك هەر ئەم خەڵکەی ئێستا هەین، بەڵکو ئەوانەشی خەباتیان کردووە ئێستا چوونەتە بەر ڕەحمەتی خوا، واتە خەباتی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ئەمەی ئێستای لێ بەرهەم هاتووە، بۆیە بەڕاستی پێویستە لەسەرمان ئەم واقیعەی ئێستا کە کۆمەڵێك دەسکەوت و شتی ئیجابی تێدا دەبینینەوە، بەشتێکی گرانبەها سەیری بکەین، لەبەر ئەوەی من پێمواییە ئەو نرخ و قوربانییەی بۆ ئەمڕۆمان دراوە زۆر زیاترە لەم واقیعەی ئێستا، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم ئەزموونە بە نرخێکی هێجگار گران هاتۆتە دەستمان و میللەتانی دیکە نیو هێندەی ئێمەش قوربانییان نەداوە کە ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، بەڵام ئێمە گەیشتووینە فیدرالیەتێك کە تائێستا وەك پێویست بۆمان نەچەسپیوە، سنوورەکەی دیار نییە، لەبەر ئەوە پێویستە هەمووڵایەکمان سووربین لەسەر ئەوەی ئەم واقیعەمان لایەنە ئەرێنییەکانی تێدا بەهێزتر بکەین و، هەوڵبدەین لایەنە نەرێنی و کەموکورتیەکانیشی چارەسەر بکەین، هەروەها بەدڵخۆش بوون بەلایەنە ئەرێنییەکانی، لایەنە نەرێنی و کەموکورتیەکانی نادیدە نەگرین، هەروەها بە دیتنی لایەنە نەرێنی و کەموکورتیەکانیش دیسان بێ ویژدانی لەگەڵ خۆمان نەکەین و نەڵێین هیچ شتێکی چاك لەم وڵاتەدا نییەو هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو شتێکدا بێنین، وەك عەرەبیش دەڵێت:(الإنصاف خیر الاوصاف)، بۆیە واقعبینی ڕاستە، نەخۆ هەموو شتێك ببینین نەخۆ هیچ شتێك ببینین، هەروەها وەك ئەمڕۆش لەکاتی سەردانی بەڕێزان کاك نێچیرڤان بارزانی و کاك عیماد ئەحمەد کە بۆ پێکهێنانی کابینەی حەوتەم سەردانیان کردین، وتم بیناکردن هەمیشە پێویستی بە هەوڵی هەموانە، بەڵام تێکدان یەکێکی بەسە، لەبەرئەوە ئەگەر هەموومان دەستبارگر نەبین وڵاتەکەمان بۆ بینا ناکرێت، کەموکورتیەکانمان بۆ چارەسەر ناکرێت، نابێ کەس بە تەمای کەسی لێبگەڕێت، نابێت پێمان وابێت هەردوو حزبی حوکمڕان کە ئەوان زۆرینەن و حکومەت پێکدەهێنن هەر ئەوان بەرپرسیارن، بەڵکو هەموومان بەرپرسیارین، من بەش بەحاڵی خۆم بەو جۆرە لە موعارەزەو ئۆپۆزسیۆن بوون، حاڵیم، ڕاستە من لەناو حکومەتدا نیم، بەڵام دەبێت بۆی دڵسۆز بم، هەروەها بۆیە ڕەخنەشی لێدەگرم بۆ ئەوەی چاکی بکەم نەك بیڕوخێنم و ناشرینی بکەم، ئەگەر لە حکومەتیشدا بەشدار بم بۆ ئەوە بەشدار نابم تا ئیمتیازاتی شەخسی و ناشرعی تیا دەستبەر بکەم، بەڵکو بۆ ئەوە بەشداری دەکەم کە خزمەت بکەم.

ئەگەر لەم بازنەیە فراوانتر سەیر بکەین، بەو

**چەندین دەسکەوت و بەرهەممان بەدەست هێناوە. ئەمەش زادەو بەرهەمی کۆششی هەموو لایەکە. ئینجا چ لایەك زۆرتری بەردەکەوێت یان کەمتر ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. ئەوەی گرنگە بەدەستبارگرتن بۆ یەکترو بەهەمانگی و هاوکاری هەموو لایەك بەدیهاتووە**

حوکمەی ئێمە بەشێکین لە عێراق، بەڕاستی وەزعی عێراق ئەوەی من پێشبینی ئەکەم ئەوەیە ئاسۆی عێراق بەگەشی نابینم، لەگەڵ ئەوەی من قەت حەز ناکەم ڕەشبین بم، بەڵام ئاییندەی عێراق ڕۆشن و ڕووناك نابینم، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەندێك بەجۆرێك لە کەوڵی خۆیان دەرچوون و لە خۆبایی بوون کە نەدەبوو وابن، هەروەك لەمڕۆژانەدا بە سەماحەتی عەمار حەکیمم وت: ئێمە کاتی خۆی کەڵەو شاخ و داخە بووین، بەتایبەتی کوردو شیعە کە ئۆپۆزسیۆن بووین، نەدەبوو قەت ئەو ڕۆژانەمان لەبیر بچێتەوە،کەچی ئێستا داوای سەیر سەیرو کەڵکەڵەی کوێخایەتی بەسەریەکدا کردن هاتۆتە کەللەیان، بۆیە من ئەم ئایەتەم بۆ خوێندەوە: (واذكروا إذ أنتم قليل مستضعفون في الأرض تخافون أن يتخطفكم الناس فآواكم وأيدكم بنصره ورزقكم من الطيبات لعلكم تشكرون) دەفەرموویت یادی ئەو ڕۆژانە بکەنەوە کە کەم بوون و دەترسان خەڵك بتانڕفێنێت، بەڵام خوا ئێوەی پەناداو پشتگیری کردن و لەو ڕزقە خۆش و بەتامەکان بەشیدان و نیعمەتی بەسەردا باراندن بۆ ئەوەی سوپاسگوزاربن. بەڵام بەداخەوە سوپاسگوزاری کەمەو بەنیسبەتی هەندێك کەسەوە لەخۆبایی بوون هەیە، بۆیە هەندێکیش نارازین، ئەگەر بارودۆخی ئێستای عێراق بەم شێوەیە بمێنێتەوە من گەشبین نیم پێی، ئەوجا دەستێوەردانی دەرەکیش لەولاوە بوەستێت.

سەبارەت بە خۆشمان کە ئێستا کابینەی حەوتەم پێکدێت، ئومێدەکەم پێش هەر لایەك پارتی و یەکێتی وەك دوو حزبە حوکمڕانەکە، هاوکاری ئەو کابینەیە بن و دەست نەخەنە ناکاروباریان و تەنگوچەڵەمەیان بۆ دروست نەکەن، بۆ بەڕێزان کاك نێچیرڤان بارزانی و کاك عیماد ئەحمەدیش ئومێدی ئەوەیان لێ دەخوازم کە خەڵکی لێهاتوو و شیاو هەڵبژێرن و کابینەکەی لێپێکبهێنن، با بۆ یەکەمجار داهێنانێك بکەن و شێوازێکی تازە پیادە بکەن بەبێ خوێندنەوەی ئینتمای سیاسی، ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە دەتوانن کارەکان بەڕێوە بەرن، کێ دەتوانیت ئەو ئەمانەتەی پێ بسپێریت، لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئەفەرموویت: (إن الله يأمركم أن تؤدوا الأمانات إلي أهلها)، هەروەها ئومێدەوارم ئێمەش وەك ئۆپۆزسیۆن هاوکارو دەستبارگریان بین، هەروەها ئومێدەوارم خەڵکیش هاوکارو دەستبارگر بێت، چونکە من پێمواییە ئەگەر بڵێن بە تەنها کاك مسعود بارزانی یان مام جەلال یان حزبەکانی حوکمڕان یان ئۆپۆزسیۆن ئەم بارودۆخە چاك بکەنەوە، من پێمواییە ئەمە هەڵەیە لەبەرئەوەی بارودۆخەکە بەهەمووان پێکەوە چاکدەکرێت، وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد بە کەمێك تێکدەدرێت، بەڵام بە هەمووان نەبێت بونیاد نانرێت و کەموکورتیەکان چارەسەر ناکرێن.

**گوڵان:** ئەگەر گریمانەیەك بکەین و بڵێین لەدوای هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ٢٠٠٩ دوە بە فیعلی ئۆپۆزسیۆن هەیە، بێگومان زۆرجار گلەیی ئەوە دەکرێت حزبە حوکمڕانەکان کەم ئەزموونن لە حوکمڕانی، ئایا پێت وا نییە ئۆپۆزسیۆن بوونیش لەکوردستان لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو جۆرێك لە ناکامڵبوونی پێوە دیاربووە؟ یان ئەگەر ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەم دووساڵەدا هەڵبسەنگێنی، چۆن هەڵیدەسەنگێنی؟

**عەلی باپیر:** بەڵێ من پێمواییە ئۆپۆزسیۆنیش جۆرێك لە ناکامڵبوونی پێوە دیارە، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم چ لە حوکمڕانی و چ لە ئۆپۆزسیۆن بووندا کرچ و کاڵیمان هەیە، من بەبێ ئەوەی ناوی کەس بێنم هەندێکمان کە ئۆپۆزسیۆنمان هەڵبژاردووە دەمانەوێت ئۆپۆزسیۆن بین، وادەزانین ئۆپۆزسیۆن بوون دوژمنایەتییە نابێت بەهیچ شتێکی چاکی ئەم وڵاتە بڵێیت چاك، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە

**هەست ناکەم یەکگرتوو گرێدراوی هیچ لایەنێك بێت. بەڵام بەڵێ لەڕووی فیکرییەوە سەر بە قوتابخانەی ئیخوان موسلیمینە**

ئۆپۆزسیۆنین و دەبێت هەر ڕەخنە بگرین، من کە سەیری وڵاتانی دیکە دەکەم دەبینم ئۆپۆزسیۆن بوون لەو وڵاتانە وانییە، لەمەش زیاتر پێش ئەوەی سەیری وڵاتانی دیکە بکەم سەیری قورئان و سوننەت ئەکەم دەبینم وانییە، خوای پەروەردگار باسی ئیمانداران دەکات و دەفەرموویێت: (والمؤمنون والمؤمنات بعضهم أولياء بعض يأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر) ئیماندارانی ژن و پیاو دۆست و پشتیوانی یەکدین و فەرمان بەچاکە دەکەن و ڕێگە لە خراپە دەگرن، ئێمە دەبێت وابین، پاشان لەوڵاتانی دیکە دەبینین حزبێك دەبێتە حکومڕان و ئەوی دیکە دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، ئۆپۆزسیۆن بە چاوی دوژمن سەیری حزبی حکومڕان ناکات، حزبی حوکمڕانیش بە چاوی دوژمن سەیری ئۆپۆزسیۆن ناکات، بۆیە دەڵێم ئێمە هەردوولامان(حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن) کرچ و کاڵیمان پێوە دیارەو دەبێت بەخۆماندا بچینەوەو دەبێت لەو قاوخ و قەپێڵکە بچووکانە بێینە دەرەوە.

**گوڵان:** مەبەستت لە هاتنە دەرەوە لەو قاوخ و قەپێڵکە بچووکانە چییە؟

**عەلی باپیر:** مەبەستم ئەوەیە نابێت ئینتیمای حزبیمان زاڵ بکەین بەسەر ئینتیمامان بۆ نیشتمان و بۆ نەتەوەو بۆ کۆمەڵگاکەمان، هەر بۆ نموونە لەوانەیە من هەندێك قسە یان هەندێك ڕەخنە بگرم چەند هەزار دەنگێك بۆ حزبەکەم زیاد بکەم، بەڵام لێرەدا مەسەلەکە چەند هەزار دەنگەکە نییە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو قسانە هەقن یان ناهەقن؟ پاشان دەبێت بۆ خۆشت دووربین بیت، وا سبەینێ بوویت بە حکومڕان، ئایا ئەو کات خۆت چی ئەکەی؟ بۆیە من دەڵێم پێویستە بەویژدان بین و سەیر بکەین خەڵکەکەمان چۆن قازانج ئەکات، من ئەمڕۆش لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی باسی ڕاگەیاندنم کردوو گلەیم لەوان کردو وتم کۆمەڵێك بڵاوکراوە هەن سەر بە ئێوەن کاریان ئەوەیە ناوی خەڵك بزڕێنن، نامە بەناوی خەڵکەوە تەزویر دەکەن، لە بەرامبەریشدا خەڵکێکی دیکە قسە بە ئێوە دەڵێت، ئایا ئەمە دەگاتە چ ئاکامێك؟ بێگومان دەگاتە ئەو ئاکامەی ڕێزی بەرپرسان نامێنێت، واتە مەرج نییە ئێمە یان بەرپرسەکان پیرۆز بکەین یان ڕێزیان لێنەگرین، نەخێر ڕێزی لێدەگرم بەڵام بە پیرۆزی دانانێم، ڕەخنەی لێدەگرم بەڵام ڕێزیشی ئەگرم، ناچم خێرەکانیشی لێبکەم بەشەڕو هێڵێکی ڕاست و چەپی پیابهێنم، بۆیە بەڕاستی لێرەدا حاڵەتێکی بێ ویژدانی هەیە، پاشان چ وەکو مامەڵەی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن پێکەوە، چ وەکو مامەڵەی لایەنە سیاسیەکان پێکەوە، من پێموایە زۆرجار بەرژەوەندی کاتی و حزبی و دەستەگەری زاڵدەکرێت بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا، بۆیە پێویستمان بەوەیە هەموو بچینە ناو فەزای فراوانی وڵات بەڕێوەبردن و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنەوە، پێشتریش من باسمکردووە، هەتا لە کابینەی شەشەمیشدا کە دکتۆر بەرهەم راسپێردرا پێمووت کاك د. بەرهەم هیوادارم سەرکەتوو بیت، ڕاستە ئێمە لە حکومەت بەشدار نەبووین، بەڵام هەموومان لە حکومەتێکی سەرکەوتوو بەهرەمەندین، لە حکومەتێکی فاشیل هەمووومان زەرەرمەندین، بۆیە دەبێت کارێك بکەین یەکتری سەربخەین، لێرەدا بەگشتی قسە دەکەم و دەڵێم کرچ و کاڵی لە خۆشماندا وەك ئۆپۆزسیۆن دەبینم و لە حکومەتیشدا دەیبینم، حکومەت زۆرجار زۆر تەنگەنەفەسانە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن مامەڵەی کردووە، هەر بۆنموونە ئۆپۆزسیۆن پڕۆژەیەك پێشکەش دەکات ئەویش پڕۆژەیەکی دیکە پێشکەش دەکات، یان ئۆپۆزسیۆن بەوجۆرە سەیری هەردوو حزبی حکومڕان دەکات وەك ئەوەی هیچیان نەبێت بە کەڵك بێت، من پێموایە ئەم وڵاتە بەوجۆرە نییە بڵێین بەقوڕێ گیراوەو خێری تێدا نەماوە وەك هەندێك دەیڵێن، بەڵام بەو جۆرەش نییە وەك هەندێك جار لایەنی حوکمڕان دەیڵێت وەك ئەوەی شامی شەریف بێت، چاکەشمان هەیەو خراپەشمان هەیە، دەبێت هەمووومان چاکەکان بچەسپێنین و دان بە چاکەکاندا بنێین، بۆ خراپەکانیش دەبێت بەهەمووان هەوڵبدەین چارەسەری بکەین، بەڵام دەستپێشخەری زیاتر بەو لایەنە دەکرێت کە حوکمی بەدەستە. بەتایبەتی جەنابی کاك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەنابی مام جەلال و پاشان

**جەنابی کاك نێچیرڤان سەردانی ئێمەی کردووەو سەردانی لایەنەکانی دیکەشی کردووە و هەڵویستەکانی زۆر بە ئیجابی دەبینم. لەبەر ئەوەی پێی وتین من هیچ کێشەم نییە لەگەڵ ئەو شەش پاکێجەی لە پڕۆژەکەی ئێوەدا هاتووە**

**ئێمە وەك هەر میللەتێکی سەرکەوتوو دەبێت بۆ شێوازی مامەڵەمان لەگەڵ یەکتری بۆ خاڵی هاوبەش لە نێوانماندا بگەڕێین**

هەردوو حزبی حکومڕان، بەڵام ئایا ئێمەش وەك ئۆپۆزسیۆن لەبەر باری بەرپرسیاریەتی دەچینە دەرەوە؟ نەخێر با لە حکومەتیشدا بەشدار نەبین، بەڵام دەبێت دڵسۆزانە بێینە پێشەوە، لەبەر ئەوەی سەرەنجام ئەو حکومەتە حکومەتی خەڵکی کوردستانە، دەبێت ئەو حکومەتەش خۆی بە حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان بزانێت، لە ڕابردوودا شتی زۆر بێ مانا ڕوویداوە، هەرچی ئیمتیازاتی مادی و مەعنەوی بووە قۆرخکراوە، بەراستی دەبێت ئەوە کۆتایی پێ بێت و هەموو خەڵك مافەکانی خۆی لەو حکومەتەدا ببینێتەوە، حکومەت هەست بە ئازاری هەموو لایەك بکات، ئەو کاتە خەڵکیش هەڵوێستی دەگۆردرێت.

**گوڵان:** لێرەوە ئەگەر بێینە سەر پێناسەی دیموکراتی و لەوچوارچێوە دەری بێنن، کە بۆچوونەکە ئیسلامیە یان عیلمانیە، یان شتێکی ترە، دیموکراسی بەو جۆرە سەیر بکەین کە مانای حکومڕانی گەلە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر هەر بۆچوونێك وەربگرین، دەبینین هەمووی یەك ئامانجمان هەیە ئەویش ئەوەیە چی بۆ ئەم میللەتە بکەین و ئەم میللەتە چی دەوێت بۆی جێبەجێ بکەین، لەم چوارچێوەیەدا حزبەکان چ حکومڕان بن یان ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەش و کۆمەڵێ جیاوازی کۆیان دەکاتەوە، بێگومان جیاوازییەکان جوانن، بەڵام کۆنەبوونەوە لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان ئەمەیان ئاستەنگە، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی جیاوازەکان هەبن، بەڵام بەدەنگی بەرز و ڕاشکاوانە لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان وتوویژ بکەین؟

**عەلی باپیر:** کتێبێکم هەیە بەناونیشانی «تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی» من لەو کتێبەدا باسمکردووە، ئێمە وەك هەر میللەتێکی سەرکەوتوو دەبێت بۆ شێوازی مامەڵەمان لەگەڵ یەکتری بۆ خاڵی هاوبەش لە نێوانماندا بگەڕێین، نەتەوەو کۆمەڵگەی سەرکەتوو ئەوانەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری چاو بۆ خاڵی هاوبەش دەگێڕن لەگەڵ یەك، بەپێچەوانەوە نەتەوەو کۆمەڵگەی فاشیل ئەوانەن کە بۆ خاڵی جیاواز دەگەڕێن، سەرنج بدە لە کۆمەڵگەی خۆمان(ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، دەستەبەرکردنی ئەو مافانەی کە ماومانن،

بەرەو پێشبردنی ژیانی خەڵك لەڕووی ئەخلاقی و لـــەڕووی ئیمانی و ڕۆحـــی و كۆمەڵایەتی و سیاســـیی، فیكری و ڕاگەیاندن، لە ڕووی دابینكردنـــی پێداویســـتیە ســـەرەتاییەكانیان، چارەســـەركردنی گرفت و كێشەكانی گەنجان، ئافرەتان و بەساڵاچووان،كەســـوكاری شەهیدان و كیمیابـــاران و ئەنفالكراوان)ئەمانە هەمووی خاڵی هاوبەشـــی نێوانمانن، با بپرســـین ئیسلام بۆچی هاتووە؟ ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە خەڵك لەم ســـەرزەمینە ژیانێكی مرۆڤانە بژی، بێگومان سیســـتمەكانی دیكەش هەر وادەڵێن، بۆ نموونە سیســـتمی سۆشیالیستی دێنی، سەرمایەداری دێنی، وەك فیكرە لیبرالیزم دێنی، ماركســـیزم دێنی، تەبعەن هەموویان لەدەوری ئەوە دەسوڕێنەوە چۆن خەڵك ژیانێكی باشتری هەبێت، بۆیە دەبێت ئێمە بۆ خاڵە هاوبەشـــەكان بگەڕێین، ئەمەش كاتێك دەكرێت،كە ئێمە ئینتیمامان بۆ ئەم خەڵك و وڵاتە زاڵ بكەین بەســـەر ئینتیمایی حزبی و سیاسییدا، بەرژەوەندی گشتی زاڵ بكەین بەسەر بەرژەوەنـــدی تایبەتی، با لێرەدا نموونەیەك باس بكەم، بەرپرســـێك بیەوێت لەم وڵاتەدا گەندەڵی نەهێڵێت، پرسیار ئەوەیە دەبێت چی بكات؟ ئەو بەرپرسە هەر كەسێك بێت دەبێت ئامادەبێت چەند كەســـێكی گەندەڵ لەخۆی بڕەنجێنێ و سزایان بدات و لێیان بپرســـێتەوە،لەپێناوی ڕازیكردنی چەند ملیۆن كەسێكدا، لای من ئەمە سەنگی مەحەكـــە، ئەمەش واتە لەســـەر ئەرزی واقیع چیم بۆ دەكەی، ئایا چەند كەسی گەندەڵ لەم وڵاتە لێپرســـینەوەیان لەگەڵدا كـــراوەو دراونەتە دادگا؟ مەبەســـتم گەندەڵە گەورەكانە، هەر بۆ نموونە بەرپرســـی هەســـتیاری ئەم وڵاتە پێی وتووم هەندێك لەوانەی ئێمە لە دروســـتكردنی چەند بینایەكدا شـــەش ملیۆن دۆلاریان دزیوە، بەڕێوەبەرێكی گشتی هاتۆتە لای من و دەڵێت وەزیرەكەی من لە پرۆژەیەك دوو ملیۆن دۆلاری دزیوە.

**گـــوڵان:** تۆ مەســـەلەیەكی گرنگت لەســـەر ڕووبـــەروو بوونەوەی گەندەڵـــی وروژاند، ئایا

**ئێستا كابینەی حەوتەم پێكدێت، ئومێددەكەم پێش هەر لایەك پارتی و یەكێتی وەك دوو حزبە حوكمڕانەكە، هاوكاری ئەو كابینەیە بن و دەست نەخەنە ناوكاروباریان و تەنگوچەڵەمەیان بۆ دروست نەكەن**

**هەردوولامان(حكومڕان و ئۆپۆزسیۆن) كرچ و كاڵیمان پێوە دیارەو دەبێت بەخۆماندا بچینەوەو دەبێت لەو قاوخ و قەپێڵكە بچووكانە بێینە دەرەوە . نابێت ئینتیمای حزبیمان زاڵ بكەین بەسەر ئینتیمامان بۆ نیشتمان و بۆ نەتەوەو بۆ كۆمەڵگاكەمان**

پێت وا نییە ئێمە لە قەڵاچۆكردنی گەندەڵیشدا كـــەم ئەزموونین؟ هەر بۆ نموونە ئێســـتا یەك پـــرۆژە چییـــە حكومـــەت خـــۆی جێبەجێی ناكات، هەمـــووی بەڵێنـــدەرو كەرتی تایبەت ئەنجامـــی دەدات، بەڵام لەبری ئەوەی بەڵێندەر یان كۆمپانیا گەندەڵەكە دەســـت نیشان بكرێت، پەنجەی تاوان بۆ حكومەت درێژ دەكرێت، ئایا بەڕای تۆ پێویســـتمان بە ڕۆشنبیرییەك نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی؟ یان ڕاشكاوانەتر ئێســـتا فاكتەری هاندانی گەندەڵی هەیە، ئایا چۆن ئـــەم فاكتەرانە بگۆڕین بـــۆ فاكتەری هاندانـــی دژە گەندەڵی، ئایـــا بەرای تۆ چۆن ئەمە بكەین؟

**عەلی باپیر:** پێش هەموو شـــت ڕاســـتە ئێمە پێویستمان بەو ڕۆشـــنبیرییە هەیە، بەڵام ئەمە مەســـەلەیەكی قـــووڵ و ئاڵۆزەو بـــە بڕیارێك لەســـەرەوە چارەسەر ناكرێت، بەڵكو دەبێت خەڵك لەســـەر چەند بنەمایەك پەروەردە بكرێت، واتە یەكەم دەبێت لە پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەوە دەســـت پێبكەیـــن، دووەم: ئەوانەی پۆســـتی هەستیارو گرنگیان لەبەردەستە دەبێت لە خۆیان و دەوروبەریانەوە دەست پێبكەن، بۆیە دەبێت ئەو بەرپرســـە بەڕێزانە كەســـێتی و بەرپرسیاریەتی خۆیان لە دڵڕەنجانی چەند كەســـێكی گەندەڵ لا گەورەتـــر بێت. چونكە ئـــەوەی عەیبەكەی بۆ بەرپرســـەكەیەو دەســـكەوتە ماددیەكەش بۆ گەندەڵەكەیە.

**گوڵان:** مامۆستا قســـەكانی بەڕێزت ڕاستن، بەڵام من دەڵێم هەر بـــۆ نموونە بەڵێندەرێك یان كۆمپانیایەك پرۆژەی تۆڕی ئاوی ئەم گەڕەكە جێبەجـــێ دەكات، ئایـــا كاتێـــك كۆمپانیا یان بەڵێندەرەكـــە كەمتەر خەم بێـــت، بۆ هەمووومان هەوڵنەدەین كۆمپانیاكە بخرێتە لیستی ڕەشەوە، بەڵام هەموو شـــارەوانی ئەم ناوچەیە تۆمەتبار دەكەین؟

**عەلـــی باپیر:** ئەوە ڕاســـتە بـــەڵام بەمەرجێك شـــارەوانی ئەم ناوچەیە خۆی شـــەریكە دزی كۆمپانیا یان بەڵێندەرەكە نەبێت.

**گوڵان:** مەبەستی من ئەوەیە بۆ نموونە بابڵێین فلان بەرپرســـێكی پارتیەو كاری بەڵێندەرایەتی دەكات، خـــۆ ئەگـــەر ئەو بەڵێنـــدەرە گەندەڵی بـــكات، پارەكە ناداتە پارتی، بۆ خۆی دەیبات، بۆ ناوی ئەو كەسە راشكاوانە ناهێنرێت، یەكسەر پارتی و حكومەت تۆمەتبار دەكرێت؟

**عەلی باپیر:** منیش وادەڵێم، پێم وایە باسكردنی مەســـەلەكان بە گشـــتگیری هیچ سوودێكی نییە، هەر بـــۆ نموونە وتیان لـــە راپۆرتەكەی ســـەرۆكی هەرێمدا ناوی ١٧٣ گەندەڵ هاتووە، من وتم ئەوە باشـــە ژمارەیەكە،بەڵام پرســـیار ئەوەیە ئەو ١٧٣ كەســـە كێـــن؟ ئایا لەگەندەڵە گەورەكانن؟ من خۆم راپۆرتەكەم نەخوێندۆتەوە بەس بیســـتوومە، بۆ ئـــەم قۆناغە بە ژمارەش دەسنیشان بكرێت هەر باشە بەڵكو لە قۆناغێكی دیكـــەدا ناوەكانیان ئاشـــكرا بكرێـــت، من لە مەبەســـتەكەی تۆ تێدەگەم، تۆ دەڵێیت كەسێك گەندەڵە، بەڵام خەڵك هەر ڕوودەكاتە حكومەت، پێموایە دەبێت لەم بارەوە خەڵك هۆشیار بكرێتەوە، زۆرجار حكومەت هەڵـــە دەكات خەڵك دەچێت لەبەردەمـــی پەرلەماندا خۆپیشـــاندان دەكات، یان جاری واهەیە بەرپرســـێكی حزبی گەندەڵە خەڵك یەخەی حكومەت دەگرێ، من پێشتریش وتوومـــە گلەیی من لـــە حكومـــەت ئەوەیە دەســـتەپاچە كراوەو بێدەنگە، لەوە لێی تورە نیم دەستیان بەستووە، بەڵكو لەوە لێی تورەم دەستیان بەستووەو بێدەنگە، زۆر گرنگە پیتەكان خاڵبەند بكرێت و دەست بخرێتە سەر كێشەكان، نەك هەر بڵێین حكومەت وابوو، پرسیار ئەوەیە كام بەشی حكومەت و حكومەت تاچەند دەسەڵاتی هەیە، لەلایەكـــی دیكەوە دەبێت پارتی و یەكێتیش ئەو قەناعەتەیان لادروست بێت كە وەك رابردوو بۆیان ناچێتەسەر و خەڵك ئێستا چاوی كراوەتەوە.

**گوڵان:** مەبەســـتی بەڕێـــزت چییە كە دەڵێیت پارتـــی و یەكێتی وەك پێشـــانیان بـــۆ ناچێتە سەر؟

**عەلی باپیر:** واتە ناتوانـــن هەموو ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوی بەسەر ئەندامەكانی

**برادەرانی گۆڕان ڕۆژێكیان هاتن بۆلام، وتیان مامۆستا نانمان بڕاوەو ناخۆشە، منیش وتم ئێوە دوومانگە نانتان بڕاوە هاوارتان گەیشتە كەشكەلانی فەلەك، بەڵام ٣٠ ساڵە لەم وڵاتە ئێمە نان بڕاو دەكرێین، ئێوەش وەختی خۆی بەشێك بوون لەنانبڕەكان**

خۆیاندا دابەش بکەن، بۆیە دەبێت ئەمە بگۆڕێت بۆ مافی هاووڵاتیبوون، حەزدەکەم شتێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، برادەرانی گۆڕان تازە نانیان برابوو، ڕۆژێکیان هاتن بۆلام، وتیان مامۆستا نانمان براوەو ناخۆشە، منیش پێکەنیم، وتیان بەچی پێدەکەنی، وتم ئێوە ماوەی چەندە نانتان براوە؟ ئەوکات وتیان دوومانگە، منیش وتم ئێوە دوومانگە نانتان براوە هاوارتان گەیشتە کەشکەلانی فەلەك، بەڵام ٢٠ ساڵە لەم وڵاتە ئێمە نان براو دەکرێین، ئێوەش وەختی خۆی بەشێك بوون لەنانبڕەکان، وتم ٢٠ ساڵە نانی ئێمە دەبردرێت بۆ یەکێکتان بەزمیتان بە ئێمەدا نەهاتەوە، کاتی خۆی خەڵکی ئیسلامی زەوی پێنەدەدرا، هەر نەدەکراین بە پۆلیسیش، ڕۆژێکیان من و مامۆستا حەسەن بابەکر چووین بۆلای بەرپرسێك چەندین داڵ و ئەستێرەی لەسەر شان بوو، بەڵام لەوەزعی خۆی ڕازی نەبوو، مامۆستا حەسەن سەیری کرد و پێی وت، تۆ بەو هەموو داڵ و ئەستێرەیەوە بە وەزعی خۆت نارازیت، ئێمە بە هەموو کۆمەڵی ئیسلامی کە چەند ساڵیش لە شاخ بووین بە هەموومان ئەستێرەیەکمان نییە. ئێ باشە بەدەردی کوردەواری دەڵێت کێ بەو دوعایە ئەڵێت ئامین، ئەمە مانای ئەوەیە کوا مافی هاووڵاتیبوون، ئێمە دەڵێین یاسا سەروەرە، بەڵام ئەمە هەر دروشمە، ئێمە وڵاتانمان بینیوە، لە ٢٠٠٦ سەفەرێکم بۆ بەریتانیا کردو ئەمساڵیش سەفەرێکم بۆ ئەڵمانیاو هۆڵەنداو فەرەنسا کردووە، هەندێ شوێنی دیکەشمان بینیوە،کە سەیر دەکەیت بەکردەیی ئەوان لێیان دەوەشێتەوە بڵێن یاسا سەروەرە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا بەرپرس بگاتە هەرشوێنێك یاسا لەوێدا ڕادەوەستێت، دەبێت حکومڕانانی ئەم وڵاتە بەیەك چاوەوە سەیری هەموو هاووڵاتیان بکەن و لە کەوڵی تەسکی حزبایەتی بێنە دەرێ، ئەوجا خەڵك دڵی بە واقیعەکە خۆش دەبێت، من باسی ڕەخنەی جیدی دەکەم، دەبێت بەرپرسانی ئەم وڵاتە سوپاسی ئەو کەسانە بکەن کە ڕەخنەی جیدیان لێدەگیرێت، عومەری کوڕی خەتاب دەفەرمووێت: (رحم الله امرأ أهدى إلي عيوبي) خوا ڕەحم بەو کەسە بکات کە هەڵەکانی

**هەرکەس پێی وابێت ڕاستی هەموو لای خۆیەتی و هەموو چەوتیەکانیش لای بەرامبەرەکەیەتی ئەوا قەت بەو جۆرە ناتوانین پێکەوە بژین و پێکەوە کار بکەین، ئەمە لۆژیکێکی فیرعەونانەیە**

خۆم بەدیاری بۆ دەنێرێتەوە، کەواتە باشترین بەرپرس ئەوەیە ڕەخنە لە خەڵك وەربگرێت، باشترین خەڵکیش ئەوەیە ڕەخنە بگرێت، بەڵام ڕەخنەی دڵسۆزانە، نەك ناوزڕاندن و قسەی بێ جێ، ڕەخنە بۆ چاککردن بێت نەك بۆ تێکدان و ڕووخاندن، بەکوردی و بە کورتی ئەم بارودۆخە بەهەمووان چارەسەر دەکرێت، دەکرێت بەهەندێکان تێکبدرێت، بەڵام بە هەمووان نەبێت چارەسەر نابێت.

**گولان:** ئایا بە بۆچوونی ئێوە ئەو زەمینەیە هاتۆتە ئاراوە هەموو پێکەوە دەست بخەینە ناودەست و ئەم بارودۆخە چاك بکەین؟

**عەلی باپیر:** دەبێت وا بکەین، بەڵام دەبێت کێ دەستپێشخەر بێت؟ بێگومان ئەو لایەنەی کە حکومڕانە دەبێت ئەو لایەنە دەستپێشخەری بکات. بەڵام هەر بەوەش پێکنایەت دەبێت خەڵکی دیکەش بەدەنگیەوە بچێت. هەر لە ئۆپۆزسیۆن و ڕۆشنبیران و نووسەرانەوە دەبێت بەدەنگ دەستپێشخەرییەکەوە بچن.من جارێك

**ئەم وڵاتە بەوجۆرە نییە بڵێین بەتوڕی گیراوەو خێری تێدا نەماوە وەك هەندێك دەیڵێن. بەڵام بەو جۆرەش نییە وەك هەندێك جار لایەنی حوکمڕان دەیڵێت وەك ئەوەی شامی شەریف بێت. چاکەشمان هەیەو خراپەشمان هەیە**

وتم ئومێد دەخوازم دامەزراوەکانی ئێمە هیچ کەموکورتیەکیان نەبێت بۆ ئەوەی من بواری ڕەخنەم نەبێت، نەك ئومێد بخوازم کەموکورتی زۆر بێت بۆ ئەوەی ڕەخنەی لێبگرم.

**گولان:** ئێستا ئەوەی تۆ ئاماژەی پێدەکەیت هەموو لایەك دان بەوەدا دەنێت گەندەڵی هەیە کەموکورتی هەیە، ڕاسپێردراوانیش بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ئامادەباشیان پیشانداوە بۆ ئەوەی پرۆژەی ئێوە وەك ئۆپۆزسیۆن لەبەرچاوبگرن، بۆ ئەوەی ئێوە هاوکارین، هاوکاربوون مەبەست لەبەشداربوون لە حکومەت نییە، ئێوە دەتوانن ئۆپۆزسیۆنیش بن و هاوکاریش بن، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئێستا ئەم ئامادەباشیە نابینین هەتا ئەم هاوکارییە بێتە ئاراوە، هەر لایەك خۆی بە ڕاست دەزانێت، ئایا تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟

**عەلی باپیر:** لەوانەیە ڕاستی و چەوتی لە هەموو لایەنەکاندا هەبێت، بۆیە هەرکەس پێی وابێت ڕاستی هەموو لای خۆیەتی و هەموو

**پێویستمان بەو ڕۆشنبیریی دژە گەندەڵی هەیە. بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی قووڵ و ئاڵۆزە بە بڕیارێك لەسەرەوە چارەسەر ناکرێت. بەڵکو دەبێت خەڵك لەسەر چەند بنەمایەك پەروەردە بکرێت**

چەوتیەکانیش لای بەرامبەرەکەیەتی ئەوا قەت بەو جۆرە ناتوانین پێکەوە بژین و پێکەوە کار بکەین، ئەمە لۆژیکێکی فیرعەونانەیە لەبەر ئەوەی فیرعەون دەڵێت: (ما أريكم إلا ما أرى ... وما أهديكم إلا سبيل الرشاد) واتە فیرعەون دەیوت تەنیا ئەو ڕایەتان پێدەڵێم کەخۆم دەمەوێت و ئەوەشی من دەیڵێم هەمووی ڕاستە، بەڵام لۆژیکی بە ویژدانانە ئەوەیە ئیمامی شافیعی خوا لێی ڕازی بێت دەڵێت: (رأيي صواب يحتمل الخطأ،ورأي غيري خطأ يحتمل الصواب) واتە ڕای خۆم پێ ڕاستە دەشگونجێت هەڵە بێت، ڕای بەرامبەرەکەم پێ هەڵەیە، بەڵام دەگونجێت ڕاست بێت، بەم لۆژیکەوە دەتوانین پێکەوە بژین، بەڵام بە لۆژیکی فیرعەونی پێکەوە ژیان نابێت، ئەوجا چ ئۆپۆزسیۆن بڵێت ئەوەی من دەیڵێم هەمووی ڕاستە، یان حکومەت بڵێ ئەوەی من دەیڵێم هەمووی ڕاست و چاکە، ئەمە نابێت، لەبەر ئەوەی شتەکە ڕێژەییە، بەڵام ئێستا هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی ئەم دامودەزگایانەو ئەم ئیدارەیەی ئێمە کەموکورتی و گەندەڵی و نادادپەروەری تێدایە، بەڵام کێ دەبێت ئیرادەی گۆڕانکاری و چاکسازی هەبێت، بێگومان ئەو لایەنەی کە بەرپرسیارە.

**گولان:** بەڵام ئێستا پارتی و یەکێتی وەك دوولایەنی حوکمڕان ئامادەباشییان پیشانداوە، بەڵام ئەوەی ئامادەباشی تێدا نییە ئۆپۆزسیۆنە، ئایا لەسەر ئەمە چی دەڵێیت؟

**عەلی باپیر:** کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیش دیارە پەرچی لە ڕێگەدا دانراوە، جارێکیان وتم کەسێك بانگت ئەکات بۆ کۆبونەوەو دیوارێکی لەبەردەم داناویت، دەبێت یەکەمجار دیوارەکە لابەرێت، ئینجا بانگت بکات بۆ کۆبوونەوە، ئێمە کاتی خۆی کۆبوونەوەکانمان هەڵپەسارد وتمان دەبێت بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم جێبەجێ بکرێت.

**گولان:** بۆچی بڕیارەکان جێبەجێ نەکراون؟

**عەلی باپیر:** بڕیارەکان چوار بڕیارن، سیانیان جێبەجێ کراون، بەڵام یەکێکیان کە تایبەتە بە دەستگیرکردنی ئەوانەی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە، جێبەجێ نەکراوە،ئێمە ئەوەمان کردبوو بەمەرج، بۆیە ئێستا تۆپەکە لە

گۆڕەپانی هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتیدایە.

**گوڵان:** تۆ باسی ئەوانە دەکەیت تەقەیان کردووە، ئەی ئەوانەی خەڵکیان هانداوە بۆ توندوتیژی؟

**عەلی باپیر:** من دەڵێم با هەموویان پێکەوە بدرینە دەست دادگا. ئەوەشی کەمتەرخەمی کردووە با هەمووی پێکەوە بدرێنە دادگا. با ئەو گرێ کوێرەیە بکرێتەوە. ئەگەر ئەم گرێ کوێرەیە بکرێتەوە، ئێمە وتوومانە دادەنیشین، بەڵام دادەنیشین مانای ئەوە نییە یەکسەر بەشداری حکومەت دەکەین، نەخێر دادەنیشین قسە دەکەین لەسەر ئەو پرۆژە چاکسازییە، بەتایبەتی کە ئەوە دووجارە جەنابی کاك نێچیرڤان سەردانی ئێمەی کردووەو سەردانی لایەنەکانی دیکەشی کردووە و هەڵویستەکانی زۆر بە ئیجابی دەبینم. لەبەر ئەوەی پێی وتین من هیچ کێشەم نییە لەگەڵ ئەو شەش پاکێجەی لە پرۆژەکەی ئێوەدا هاتووە، هەمووی قابیلی موناقەشەو قسە لەسەر کردن و پەسەندکردنە، بۆیە ئەو گرێ کوێرەیە بکرێتەوە ئێمە ئامادەین بۆ دانیشتن، وەك تۆش ئاماژەت پێکرد دڵسۆزی بۆ ئەم وڵاتە تەنیا ئەوەندە نییە لەناو حکومەتدا بێت، بەڵکو دەکرێت ئۆپۆزسیۆنیش بێت و دڵسۆزی حکومەت و وڵاتی خۆی بێت، خۆ ئەگەر نادڵسۆز بێت لەناو حکومەتیشدا بێت زیان بە حکومەتەکە دەگەیەنێت.

**گوڵان:** ئەگەر لێرەوە بێینە سەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی ئەوەی پێیدە گوترێت بەهاری عەرەبی، لە کوردستان تەفسیرێکی ناجۆریی بۆ کرا، بۆ نموونە ویستیان هەوڵبدەن بەزۆر حکومەتی هەرێمی کوردستان و رژێمی میسر و تونس و لیبیا لەیەك بچوێنن، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەویژدانەوە سەیر بکەین، ناڵێین کەموکورتی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەویش بەراورد ناکرێت، هەر بۆ نموونە ئێوە ئۆپۆزسیۆنن لە پەرلەمانی کوردستان ٣٥ کورسیتان هەیە، پارتی و یەکێتی کە حکومڕان ٥٩ کورسیان هەیە، ئایا پێت وا نییە کاتی ئەوە هاتووە پیداچوونەوەیەك بەخۆماندا بکەین و وڵاتی ئێمە ئەو وڵاتانە نەچوێنین چونکە ئەوە راست نییە؟

**عەلی باپیر:** بەڵی کاتی ئەوەیە بەخۆماندا بچینەوە، هەروەها دەبێت دوو پێداچوونەوە بکەین، یەکەم دەبێت ئۆپۆزسیۆن پێداچوونەوە

> **ئێمە وەك هەر میللەتێکی سەرکەوتوو دەبێت بۆ شێوازی مامەڵەمان لەگەڵ یەکتری بۆ خاڵی هاوبەش لە نێوانماندا بگەڕێین**

بکات بەهەندێك لە گوتاری خۆیدا، سەبارەت بەوەی هەندێك پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی و هەندێك پێی دەڵێن بەهاری ئیسلامی، من پێی دەڵێم بەهاری چەوساوان، ئێمە وەك ئۆپۆزسیۆن فیعلەن دەبێت چاو بەخۆماندا بخشێنینەوە کە بارودۆخی کوردستان و هەلومەرجی ئێمە، بەتەواوی وەك ئەو وڵاتانە نییە، لەوانەیە هەندێك کەموکورتیمان هەیە لەوان بچین، بەڵام بەتەواوتی لەوان ناچین، دووەم دەبێت پێداچوونەوەیەکی دیکە بکرێت لەلایەن حوکمڕانەکانەوە، کە چیدیکە نەڵێن ئێمە لەهەمموو شتێکدا لێکچیاین و ئەوەی لەوێ روویداوە هەرگیز لێرە روونادات، بەراستی وێکچوونیش هەیەو جیاوازیش هەیە، ئێمەش وەك ئۆپۆزسیۆن لەوانەیە هەندێك بۆ چوونمان هەبووبێت ئەوەی لەووڵاتانە رووددات، لەوانەیە لە کوردستانیش دووبارە بێتەوە، ئەسڵەن ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هەڵەیە، لەبەرئەوەی هەلومەرج و ژینگە جیاوازەکان مامەڵەی جیاوازیش

> **بیناکردن هەمیشە پێویستی بە هەوڵی هەمووانە، بەڵام تێکدان یەکێکی بەسە، لەبەرئەوە ئەگەر هەمووەمان دەستبارگر نەبین وڵاتەکەمان بۆ بینا ناکرێت، کەموکورتییەکانمان بۆ چارەسەر ناکرێت**

دەخوازن، لەوانەیە لەکاردانەوەی ئۆپۆزسیۆنیشدا لایەنی حکومڕان وتبێتی نەخێر لێرە هیچ کەموکورتیەك نییەو هەندێك شتی بچووك هەیە، بەڕاستی ئەوەش وانییە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك کەموکورتی ریشەیمان هەیە لە هەیمەنەی حزب بەسەر حکومڕانیدا لە شێوازی حوکمڕانیماندا، کەموکورتیمان هەیە لە پەرلەمان لە حکومەت لە قۆرخکردنی ئیمتیازات، دەستێوەردانی نەك حزبی، شەخسیش هەیە، هەروەها کەموکورتیمان لەسەرفکردنی خەرجی و داهاتی ئەم وڵاتە هەیە، وێڕای ئەمانە ئایا ئێمە بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیمان هەیە بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئەم وڵاتە لەهەمموو روویەکەوە.

**گوڵان:** ئایا ئێوە وەك ئۆپۆزسیۆن بەرنامەی ستراتیژی بەدیلتان هەیە؟ ئایا ئەو بەرنامەیەتان پێشکەش کردووە؟

**عەلی باپیر:** لەپرۆژەکەماندا تێدایە، بەڵام گریمان ئێمەش بەرنامەمان نەبوو.

**گوڵان:** بەڵام ئۆپۆزسیۆن دەبێت بەرنامەی

> **من بەش بەحاڵی خۆم بەو جۆرە لە موعارەزەو ئۆپۆزسیۆن بوون، حاڵیم، دەبێت بۆ حکومەت دڵسۆز بم، هەروەها بۆیە رەخنەشی لێدەگرم بۆ ئەوەی چاکی بکەم نەك بیروخێنم و ناشرینی بکەم**

بەدیلی هەبێت؟

**عەلی باپیر:** من لێرەدا بەگشتی قسە دەکەم، خۆم لە بەرگی ئۆپۆزسیۆن هێناوەتە دەرێ، من وابیر دەکەمەوە کە مەعقول نییە ئێمە تاسەر هەر وڵاتێکی موستەهلیك بین، ئەو ماوەیە باسی ئەوە دەکرا کە دەوڵەت رادەگەیەنین، من بە هەقێکی رەوای خۆمانی دەزانم، ئەگەر بۆمان نەکرا تاسەر لەگەڵ بەغدا بڕۆین، خۆ دەبێ بیر لە شتێکی دیکە بکەینەوە، باشە لە بارودۆخێکی وادا پێویستە ژێرخانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی پتەوت هەبێت، دەبێت بیرکردنەوەی ستراتیژی دوورمەودامان هەبێت و هەر بیر لە ئێستا نەکەینەوە خەڵك چۆن رازی بکەین، دەبێت بیر لەوە بکەینەوە بۆ ١٠-٢٠ ساڵی دیکە چی دەکەین، ئایا دەبێت کوردستان تەنیا بازاڕی ساخکردنەوەی کەلوپەلی وڵاتانی دراوسێی و دەرەوە بێت، بەتەمایین هەنگاوێك هەڵبگرین کە هەموویان پێیان ناخۆشە، بۆیە وەك عەرەب دەڵێت (ثبت العصاة ثم انقش) لێرەدا مەسەلەکە ئۆپۆزسیۆن و حوکمڕان نییە، بەڵکو دەبێت ئێمە زۆر بەجیدی بیر لەوە بکەینەوە، تاکەی نەتوانین پێداویستیە سەرەتاییەکانی خۆمان لەوڵاتی خۆماندا بەرهەم بێنین؟ لە کاتێکدا دەتوانین بەرهەمی بهێنین. ئێمە دەبێت وڵاتی خۆمانمان خۆش بوێت، رێزی ئێمە لەوەدایە بتوانین پێداویستیەکانی خۆمان لەدەستی خۆمان لەم وڵاتە بەرهەم بێنین.

**گوڵان:** پێت وانییە ئەم شتە جوانەی بەرێزت باسی دەکەی، هەتا ئێستا نەبۆتە ئامانجی هاوبەشی هەموو لایەکمان؟

**عەلی باپیر:** راستە قسەی جوان زۆر کراوە، بەڵام دەبێت ئەم شتانە تەبەنی بکرێن، پرسیار ئەوەیە کێ دەبێت تەبەنی بکات؟ بێگومان ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستە، ئۆپۆزسیۆن وەك خەتیبێك وایە لەسەر مینبەر ئامۆژگاری خەڵك دەکات، بەڵام خەڵك دەبێت کە چووەوە ماڵەوە پراکتیزەی بکات.

**گوڵان:** باشە ئێوە وەك ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان تەبەنی بکەن، خۆ ئێوە لە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان ئەندامتان هەیە؟

**عەلی باپیر:** ئەوە راستە بەڵام خۆت دەزانی ئۆپۆزسیۆن کەمینەیە، ئۆپۆزسیۆن چەندین پرۆژە یاسای هەیە بۆی پەسەند نەکراوە، بە ناشکوری ناڵێم هەرچی ئۆپۆزسیۆن وتەیەتی بەچاوێکی تر سەیر کراوە، دواتریش ئۆپۆزسیۆن هەمان کاردانەوەی هەبووە. بەمەش بارێکی دەروونی خراپمان دروست کردووە، بۆیە دەبێت کارێکی وا بکەین و وابیر بکەینەوە ئەم وڵاتە هی هەموو لایەکمانە، سەرکەوتنی هەر لایەکمان سەرکەوتنی هەموومانە، فەشەلی هەر یەکێکمان فەشەلی هەموومانە، دڵنیابن ئۆپۆزسیۆنێکی رێکوپێك هەبێت بە قازانجی حکومەتە، حکومەتێکی باش هەبێت بە قازانجی ئۆپۆسیۆن و هەموو خەڵکی کوردستانە.

**گوڵان:** بابگەڕێینەوە بۆ ئەوەی تۆ ناوت نا بەهاری چەوساوەو خەڵکی تر پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، بالێرەوە دوو قسە لەسەر حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان بکەین، ئایا غەدر لە حزبەکانی خۆمان ناکەین کە بەحزبە ئیسلا میە کا نی

**هەندێکمان کە ئۆپۆزسیۆنمان هەڵبژاردووەو دەمانەوێت ئۆپۆزسیۆن بین. وادەزانین ئۆپۆزسیۆن بوون دوژمنایەتییەو نابێت بەهیچ شتێکی چاکی ئەم وڵاتە بڵێیت چاك**

وڵاتانی عەرەبی دەیانچوێنین؟

**عەلی باپیر:** وەك تۆش ئاماژەت پێکرد ئەوە واقیعەکەیە، من دەڵێم لە رابردوداو بۆ بەرژەوەندی سیاسی لەوانەیە پەنامان بۆ ناشرینکردنی یەکتری بردبێت، بەڵام بەڕاستی ئێمە حزبێکی ئیسلامی خۆماڵین و لێرە لە کوردستان هەڵقولاوین، بەڵێ یەکگرتووی ئیسلامی درێژکراوەی ئیخوان موسلمینە، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامیش سەیر دەکات ئاخۆ خەڵکی ئێرە چی پێویستە.

**گوڵان:** بۆچی یەکگرتوو خۆی بە گرێدراو یان درێژکراوەی ئیخوان دەزانێت؟

**عەلی باپیر:** بەبۆچوونی من هەست ناکەم یەکگرتوو گرێدراوی هیچ لایەنێك بێت، بەڵام بەڵی لەڕووی فیکرییەوە سەر بە قوتابخانەی ئیخوان موسلیمینە، بەڵام من سەیر دەکەم لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا پێکەوەین، ئێمە وەك ئیسلامیەکان لە هیچ هەڵوێستێکی کوردایەتی لە هیچ خەڵکێکی دیکە دانابڕێین،هەر کاتێکیش بە پێویستمان زانی بێت لە حکومەت بەشداریمان کردووەو ئێستاش لەپەرلەمانی کوردستان بەشدارین، ئەگەر خوانەخواستە شتێك بێتە پێشەوە، ئەگەر لەپێش خەڵکی دیکەوە نەبین بەخوا لەدوایانەوە نابین، کوردایەتی ئەوەیە بەرگری لەبەرژەوەندی نیشتمان بکەیت، من لە رێگەی شەریعەتەوە ئەو کارە دەکەم ئەو شەریعەتەی خوا ناردویەتی وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەداتەوە.

**گوڵان:** بەڕێزت وەك ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان ئەگەر ئەو پرسیارەت لی بکەم، ئایا جیاوازی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەل حزبە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی چییە؟

**عەلی باپیر:** حزبێك کە لەوڵاتانی عەرەبی بۆ نموونە تونس و میسر کاردەکەن، ئەویش تەماشا دەکات ئایا بۆ وڵات و میللەتی خۆی چۆن باشە بەو جۆرە ئیش دەکات، ئێمە لەبواری باوەڕ و خواپەرستی خاڵبەندی پیتەکانمان بۆ کراوە، لەبەر ئەوەی باوەڕو خواپەرستی بریتیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوا، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەروەردگار ئەوە خوای گەورە دەزانێ دەبێ چۆن مامەڵە بکەیت، بەڵام لەبواری هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان پێکەوە،کەپێی دەگوترێت بواری مامەڵە و هەڵسوکەوتەکان، زانایانی ئیسلام بنچینەیەکیان داناوە(الأصل في العبادات الحظر و الاصل في المعاملات عفو) بناخە لە خواپەرستی بریتیە لە قەدەغە بوون، واتە بۆت نییە بێجگە لەوەی شەرع دایناوە بە جۆرێکی دیکە خواپەرستی بکەی، بەڵام بناغە لە مامەڵەکردن ئەوەیە کە تۆ داهێنان بکەی، ئەمەش واتە ئێمە لەبواری سیاسەتی شەرعی چۆن مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان و ئایینە جیاوازەکان بکەین، بێگومان ئێمە بۆ ئەو مەسەلانە دەگەڕێینەوە بۆ قورئان و سوننەت کە چوارچێوەیەکی فراوانی داناوە و دەفەرموێت: (يأيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى) ئەمە واتە بەشەریەت هەمووی یەك خێزانە ئەمە سەبارەت بە ئایینە جیاوازەکان، سەبارەت بە مسوڵمان دەفەرموویت (انما المؤمنون اخوة) واتە باوەرداران بران، کەواتە برایەتیەکی فراوانمان هەیە لەگەڵ هەموو مرۆڤەکاندا، هەروەها برایەتیەکی تئرمان هەیە کە برایەتی ئیماندارییە لەگەڵ موسڵمانان کۆ ماندەکاتەوە، لێرەوە کە دەگەڕێینەوە بۆ چۆنییەتی پێکەوە کارکردن شەرع پێمان



**ئێمە سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنین. بەڵام هەر یەکەمان بە نەفسی خۆی. من قەناعەتم بەوە هەیە لاسایی کەس ناکەمەوە. بۆیە من بڕوام بەوە هەیە. ئێمە دەبێت لەگەڵ یەك لە پێوەندیدا بین. نابێت ئۆپۆزسیۆن بوون بکەینە بیانوو بۆ لێکدابڕان**

دەڵێت(وتعاونوا علی البر والتقوی) واتە موسڵمانەکان لەگەڵ ناموسڵمانەکان هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر هەرشتێك کە چاکەیە بۆ خەڵك و پارێزە بۆ خوا،بەڵام وردەکارییەکەی خوای گەورە بۆ ئەقڵی بەشەر لێی گەڕاوە. سەبارەت بە حزبە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبیش ئەوانیش پۆلین دەکرێن بۆ دووبەش، پێویستە ئەوە لێك جیابکەینەوە، من زۆر جار بەخەڵکە ئیسلامیەکەی خۆمان دەڵێم ئێوە حوکمی ڕەها بەسەر ڕۆژئاوادا مەدەن، بەریتانیا جیاوازە لە فەرەنسا، ئەو عەلمانییەتەی لە بەریتانیا تەبەنی کراوە جیاوازە لەوەی فەرەنسا، هەروەها فەرەنسا جیایە لە ئەڵمانیا، ئەڵمانیا جیایە لە ئەمریکا، زۆر جار خەڵکی عەلمانیش لەوەدا بەهەڵەدا دەچێت، کە حوکمی ڕەها لەسەر هەموو ئیسلامیەکان بەیەك شێوە دەدات، بۆ نموونە ڕێکخراوی قاعیدە هەندێك شتی کردووە وەك تەقینەوەی بازاڕێك یان گازینۆیەك، لەم کردەوەیەدا هەتا ئەمریکیەك پێوەدەبێت، سەد هاووڵاتی تر دەکوژرێت، ئەوان وادەزانن ئیسلامی هەمووی وا بیر دەکەنەوە، نەخێر ئەی بۆ ئەو تەوژمە ئیسلامیە نابینن کە بڕوای بە کاری سیاسیی و خۆپیشاندان و گۆڕانکاری ئاشتیانە هەیە، ئەمە تەوژمی ئیسلامی باڵادەستە لەهەموو وڵاتانی عەرەبیداو دەریشکەوت، ئێستا فیکری قاعیدە بەرەو دوا گەڕاوەوە.

**گوڵان:** ئەگەر لە کۆتاییدا بگەڕێینەوە بۆ کابینەی حوتەمی هەرێمی کوردستان، بە ڕاستی ئەم کابینە تازەیە بۆ هەموو لایەك گرنگە، ئەگەر قسەیەك لەسەر داهاتوو بکەین، ئایا بەبۆچوونی ئێوە چۆن حکومەتی داهاتووی نێچیرڤان بارزانی سەرکەوتوو دەبێت؟

**عەلی باپیر:** کاتێك کاك نێچیرڤان بارزانی و عیماد ئەحمەد هاتن بۆ مەسەلەی بەشداری کابینەی نوێ قسەم لەگەڵ کردن، هەنگاوی یەکەم کەدەبێت ئەو دوو بەرێزە هەڵیبگرن ئەوەیە کە چاو بگێڕن بۆ خەڵکی بەتواناو لێوەشاوە بۆ کاری خۆی، هەروەها زۆر ئینتمای سیاسییان لێ نەخوێننەوە، ئەمەش جێبەجێکردنی ئەو فەرموودەیەی خوایە کە دەڵێت (إن الله یأمرکم أن تؤدوا الأمانات إلی أهلها) دووەم دەبێت پارتی و یەکێتی وەك دووحزبە حوکمڕانەکە، دەبێت پشتیوان بن بۆ ئەو کابینەیە لێیان گەڕێن حکومەتداری بکەن، لێیان گەڕێن خەم لەهەموو خەڵك بخۆن، خەڵك دڵی پێی خۆش بێت، بێگومان خەڵکیش بەدادپەروەری دڵخۆش دەبێت، لەبەر ئەوەی دادپەروەری وڵات فراوان دەکات و ناعەدالەتی وڵات تەسك دەکاتەوە، ئەو بودجەو ئیمکانییەتەی لەبەردەستە ئەگەر بەڕێکوپێکی و بە دیدێکی دوورمەودا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بەشی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات، کێشەی گەنجان چارەسەر دەکرێت، بۆیە دەبێت ئەم کابینەیە بزانێت خەڵکی ئەم چاوەڕوانیانەی لێی هەیە، دوایی ئێمەش وەك ئۆپۆزسیۆن دەبێت دڵسۆزانە، چاوێکی وردوتیژ بین، بەڵام بە ویژدانیش بین، چاکیان کرد دەستخۆشیان لێبکەین، هەڵەیان کرد بۆیان ڕاست بکەینەوە، ڕەخنە لە بوغز و کینەوە نەبێت، بەڵکو لەپەرۆشبوون بۆ وەزعەکە بێت، لەبەر ئەوەی ئەم حکومەتە حکومەتی هەمووومانە لەسەر ئاستی دەرەوە، بەناوی هەمووومانەوە قسە دەکات، پێویستە لەسەرمان چی بەچاك دەزانین پێی بڵێین، پرۆژەی بەدیلیان بخەینە بەردەست، بەڵام دەبێت ئەوانیش دەرفەت بدەن بۆ ئەوەی بتوانین هاوکارییان بکەین، هەروەها چیدیکە هێندە هەڵەکان گەورە نەکەینەوە، من هەندێ جار هەندێ شت دەخوێنمەوە زۆر بەزەیم بە خۆماندا دێتەوە، دەڵێم مانای وایە ئەم وڵاتە هیچ کەسی تیادا نییەو هیچمان نەکردووە، لەبەر ئەوەی هەیە بەو جۆرە باسی ئەم وڵاتە دەکات، وەك ئەوەی هێندەی سەرە دەرزیەك ڕووناکی تێدا نەبێت، بێگومان ئەمە بێجگە لەوەی خۆی تووشی نائومێدی دەکات، خەڵکیش تووشی نائومێدی دەکات، بۆیە نابێت حەساسیەت و ململانێی حزبی وامان لێبکات دان بە چاکەوخێری یەکتریدا نەنێین، هەروەها نابێت خۆشمان لە کەموکورتییەکان لادەین، بەڕاستی ئەمە دەرفەتێکی گرنگە بە پلەی یەکەم بۆ جەنابی کاك مسعود بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئینجا بۆ جەنابی مام جەلال لەبەرئەوەی سەرۆك کۆماری عێراقە،پاشان بۆ پارتی و یەکێتی ئینجا بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن لە خواستی خەڵك تێگەیشتوون، وەك چۆن جەنابی کاك مسعود کە لەسەفەرەکەی گەڕاوەتەوە وتی من لە پەیامی خەڵك تێگەیشتم، بۆیە تێگەیشتوون و ئیرادەشیان هەیە بۆ ئەوەی چاکسازیەك بکەن، جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەك بێت.

**کۆمەڵێك کەموکورتی ڕیشەیمان هەیە لە هەیمەنەی حزب بەسەر حکومڕانیدا لە شێوازی حکومڕانیماندا. کەموکورتیمان هەیە لە پەرلەمان لە حکومەت لە قۆرخکردنی ئیمتیازات. دەستێوەردانی نەك حزبی. شەخسیش هەیە**

**گوڵان:** ئایا پێوەندی نێوان ئۆپۆزسیۆن و حکومەتی داهاتوو چۆن دەبینێت؟

**عەلی باپیر:** ئێمە سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنین، بەڵام هەر یەکەمان بە نەفسی خۆی، من قەناعەتم بەوە هەیە لاسایی کەس ناکەمەوە، بۆیە من بڕوام بەوە هەیە، ئێمە دەبێت لەگەڵ یەك لە پێوەندیدا بین، نابێت ئۆپۆزسیۆن بوون بکەینە بیانوو بۆ لێکدابڕان، من خۆم وامکردووە بەردەوام پێوەندیم هەبووە لەگەڵ جەنابی مام جەلال وەك سەرۆك کۆمار و سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەگەڵ جەنابی کاك مەسعود وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ کاك نێچیرڤان لەگەڵ د.بەرهەم، لەگەڵ کاك کۆسرەت،کاك فازیل میرانی، هەوڵمداوە بەردەوامبین لە پێوەندی لەگەڵیاندا، پێشنیارمان هەبوویێت یان ڕەخنە بەرەو ڕوو پێمان وتوون، من پێموایە ئەوە ڕاستە کە ئێمە تەواوکاری یەکتری بین، سەیرکار نەبین، بەڵێ ڕاستە ئێمە ئۆپۆزسیۆنین، بەڵام نابێت تەماشاچی بین، پێموایە ئەگەر بەو جۆرە مامەڵە بکەین بارودۆخەکە دەگۆڕدرێت، من تۆپەکە هەرناخەمە گۆڕەپانی ئەوانەوە، ڕاستە دەبێت ئەوان دەستپێشخەری بکەن، بەڵام دەبێت ئێمەش وەك ئۆپۆزسیۆن وەڵامێکی باش بدەینەوە.

**مەرج نییە ئێمە یان بەرپرسەکان پیرۆز بکەین یان ڕێزیان لێنەگرین. نەخێر ڕێزی لێدەگرم بەڵام بە پیرۆزی دانانێم. ڕەخنەی لێدەگرم بەڵام ڕێزیشی ئەگرم. ناچم خێرەکانیشی لێبکەم بەشەرو هێڵێکی ڕاست و چەپی پیابهێنم**



# سیاسەتی خۆهەڵخەڵەتاندن، هەڵخەڵەتاندنی سیاسی!

## (وەک بەرەنجامی لاوازیی کەلتووری ڕاوێژکاری لە سیاسەتی هەرێمدا)

ڕێبوار سیوەیلی *

تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی

**بەرەو پرسیارە سەرەکیەکە:**

من زۆر جار کە بیر لە هەڵسەنگاندنێك بۆ سیاسەت، یان جۆرێکی تایبەت لە پراکتیکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەمەوە، لە نێوان گەڕانەوەم بۆ کتێبە مەزنەکانی بواری هزری سیاسی و ئەزموونە سیاسیە گەورەکانی دنیادا، تێدائەمێنم و ناتوانم ئەوەی لەم هەرێمەدا بەناوی سیاسەتەوە دەکرێ، لەگەڵ تیۆرە سیاسییەکان و ئەزموونە پراکتیکیە مەزنەکانی شوێنەکانی تردا، ئاشت بکەمەوە. من ئەزانم زۆر دەگمەنن ئەو سیاسیکارە کوردانەی کۆماری ئەفلاتوون، سیاسەتی ئەریستۆتالیس، میری ماکیاڤیلیی، ڕۆحی یاساکانی مۆنتسیکیۆ و لیڤیاتانی هۆبزیان خوێندۆتەوە. زۆرن ئەو هاوڕێیانەمان لە بواری سیاسەتی عەمەلیدا کە ئاگاداری بۆچوونەکانی کارڵ مارکس لەسەر سیاسەت نین، یان نازانن جۆن ڕۆڵز کێیە ..تاد. ئەمەش بە ئاسایی وەردەگرم، مرۆڤێك لە سیاسەتی پراکتیکیدا کار بکات، زیاتر لە خەمی شتی ڕۆژانەدایەو کەمتر دەپەرژێتە سەر شتی تیۆری و کاتبەر. بەڵام ئەی ڕاوێژکارەکانی ئەم سیاسیانەی ئێمە چیی دەخوێننەوە؟ چۆن بیرۆکەو گریمانەو ئەگەرە سیاسییەکان بۆ سیاسیکارەکانیان و بکەرانی سیاسی ئامادەو گەڵاڵە دەکەن؟ لە ڕاستیدا دەبێت بپرسم: پرۆسەو ئاستی ڕاوێژی سیاسی لە هەرێمدا لە چیدایەو لە چ ئاستێکدایە. ناتوانم ناوی هیچ ڕاوێژکارێك بهێنم، چونکە نایانناسم و نازانم کێ بە سیفەتی ڕاوێژکاری پیشەیی، لەگەڵ کێ کار دەکات و کارەکەیشی ڕاوێژکارییە، نەك شتیتر. بۆیە دەبێت دیسانەوە بپرسم، ئایا لە بنەمادا سیاسییەکانی ئێمە ڕاوێژکاریان هەیە، یان نیانە؟ ئەگەر هەیانە کێن و ئەگەر نیانە بۆچی؟ ئایا ئەگەر نیانە لەبەر ئەوەیە بڕوایان بە ڕاوێژکردن نییە، یان ڕاوێژکردن لە لایان وەك دەرسی وێنەو وەرزشی جاران وایە، کە ڕۆژێ ئەخوێندرا و سێ ڕۆژ ناخوێندرێ؟

من خۆم ئەو کتێبەی محەمەد حەسەن هەیکەلم نەبینیوە، بەڵام تا ئێستا هاوڕێیەکم دووجار ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕاومەتەوە: هەیکەل لە کاتی خۆیدا سەردانی شای ئێران، محەمەد ڕەزا پەهلەوی دەکات و لەبارەی گەلانی ئێرانەوە پرسیاری لێدەکات. شا لە وەڵامدا بە گەلی خۆیدا هەڵدەڵێ و بە میللەتێکی وەفادار، بەرپرسیار و ڕەوشتبەرز ناویان دەبات کە لە ئاست دەسەڵاتدا خۆشەویستیی و وەلائیان هەیە.

چیرۆکێك خۆش و چاوەڕوانکراو کە لە زمان شایەکەوە دەگێڕدرێتەوە. بەڵام بۆ هەیکەل دەبێتە پرسیار. لە کۆتایی حەفتاکاندا ڕژێمی شا ڕووخا و لە ئێران هەڵات، دوورگەیەك لە میسر ئامێزی بۆ شا گرتەوە، کە بەدەر نەبوو لە پێوەندییە سەبەبیەکانی نێوان بنەماڵەی حوکمڕانی ئەو دوو وڵاتە و ژن و ژنخوازی. هەیکەل پاش ماوەیەك خولیای شای دەکەوێتەوە سەر. کە دەیبینێتەوە، پاشایەکی تێکشکاو، ماندوو، دوورەوڵات و خانوو بەکۆڵ. بەڵام هەمان پرسیاری لێدەکاتەوە: جەنابی شا، ئایا ئێستە بیروبۆچوونت لەسەر گەلی ئێران چییە؟ شا بە ویقارەوە دەکەوێتە وەڵامدانەوە:

- گەلی ئێران وەفادار، بەرپرسیار و ڕەوشتبەرزن و خیانەت لە شای خۆیان ناکەن.

- بەڵام چۆن ئەم قسەیە دەکەیت جەنابی شا؟!

هەر ئەو گەلە بوون کە تۆیان شاربەدەر کردو وایانکرد ئێستە تۆ لەم دورگەیەدا بێ تەخت و تاج و دەسەڵات بیت..

شا، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەکەوێتە وەڵامدانەوە:

- ئەوان منیان شاربەدەر نەکرد، بەڵکو خیانەتی ڕاوێژکارەکانم منیان بەم ڕۆژە گەیاند کە لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بەرژەوەندی گەلانی ئێرانیان لەمن دەشاردەوە.

هەرچەندە شای ئێران بەم پاکژییە نییە کە ئەم گێڕانەوەیە باسیدەکات، بەڵام ڕاستییەکیش سەبارەت بە ڕاوێژکارانی وڵاتی ئێمە دەدرکێنێت. ئەگەر ئەو ڕاوێژکارانە هەبن و هەن، بۆچی بەشێکی زۆری سیاسییەکانی ئێمە بەوجۆرە بیردەکەنەوە، کە دەیکەنەوە؟ ئایا ئێمە ڕاوێژکاریی و ڕاوێژکارمان هەن، یان کەسانێك کە تەنیا دەوروبەری سەرکردەکان و دیوەخانی سیاسییان قەرەباڵخ کردووە و مووچە وەردەگرن؟ ئەگەر هەن، بۆچی لە پشت بیرکردنەوەکانی ئەوانەوە، ڕەهەندە تیۆرییەکەی سیاسەت، کتێبە مەزنەکان و فەیلەسووفانی سیاسی و ڕەوتە تیۆرییەکانی هزری سیاسیی نابینرێنەوە؟. ئەگەر نین، چۆن دەکرێ بەمە بڵێن سیاسەت و بیرکردنەوەی سیاسی؟!.

من ڕێژەیەك لە دڵسۆزی، تێگەیشتن و مکووڕبوونی سیاسیانە لە لای سیاسەتکارانی خۆمان دەبینمەوە، بەڵام پانتاییەکی فراوانیی غیابی سیاسەتی تیۆریش دەبینم و بەمەش نیگەران دەبم و خەم دەخۆم. لێرەوەیە کە پرسیارەکەم لە جیاتی ئەوەی پرسیارێکی تیۆریی بێت، دەبێتە پرسیارێك کە دروستبووی کایەی سیاسیی ناو هەرێم خۆیەتی. من ناپرسم سیاسەتکردن لە

ولآتی ئێمــەدا، چ ئاڕاســتەیەکی وەرگرتووە؟ ناپرســم کام تیۆرە سیاسیانە ڕابەرایەتی کایەی سیاســی ئێمە دەکەن و چەمکسازیی و زمانی سیاســی لە سیستەمی سیاســی ئێمەدا چۆن بەڕێوە دەچێت؟ ناپرسم ئەو ململانێ سیاسییەی لە ولآتی ئێمەدا هەیە، بنەوانە تیۆرییەکانی چین و کام قوتابخانەو تێزی فەلسەفەی سیاسیی کۆن و نوێمان بەبیر دەهێننەوە. پرسیاری من ئەمەیە: ئایا سیاسەت لە ولآتی ئێمەدا وەك ئەوەی بەرەی دەســەلآت و ئۆپۆزیســیۆن پراکتیزەی دەکەن، سیاسەتی خۆ هەڵخەڵەتاندنە، یان هەڵخەڵەتاندنی سیاسییە؟ بۆچی ڕاســتگۆیی سیاسی و نیەت پاکیی سیاســی لە کایەی سیاســەتی ئێمەدا ئەوەندە لاوازو بــێ بەرهەمە، لەکاتێکدا نەیار و دوژمنەکانمــان و هاوپەیمانــە موناڤیقەکانمان، بەیــەك چاو ســەیری ئۆپۆزیســیۆن و بەرەی دەســەلآت دەکەن و کوردبوونیان، نەك جیاوازیی ڕێژەیــی بیروڕایان دەکەنە پێوەر بۆ ئەوەی چۆن مامەڵەی سیاسیمان لەگەڵدا بکەن.

وەلآمی هەرکامێك لەمانە پەیوەستە بە جۆری بیرکردنەوەی سیاسیانە و ڕاوێژکارانی سیاسی و هەبوون و نەبوونیان و پێوەندیی نێوانیان.

### سیاسەتی خۆهەڵخەڵەتاندن:

ئایا ئێمــە خۆمــان هەڵدەخەڵەتێنیــن، یان دەمانەوێت ئەوانیتر هەڵخەڵەتێنین؟! کێ وەلآمی ئەم پرســیارەی لایە، من حەزئەکەم گفتوگۆی لەگەڵدا بکــەم و بەڵگەکانمی بۆ بخەمە ڕوو، تا خۆمی بۆ ڕوونبکەمەوە کە مەبەســتم چییە لــە خۆهەڵخەڵەتاندنی سیاســی و سیاســەتی هەڵخەڵەتاندن.

ئەگــەر ئێمە لــە قۆناغی سیاســەتی خۆ هەڵخەڵەتاندنداین، ئەوە دەبێت بزانین کە سیاسەت لێــرەدا ئامرازێکە بــۆ هەڵخەڵەتاندنی خودێك کە لــە واقیعێکی تایبەتدا، دەژی و پێویســتە لە ڕێگــەی بیرکردنەوەو بڕیــاری واقیعیانەوە کاری خــۆی پێشــبخات. لــەم گوزارەیەدا: سیاســەتی خۆهەڵخەڵەتاندن، زاراوەی سیاسەت و چەمکــی (پۆلیتیــکا) کەوتۆتە پێش بوونی (خود)ێکــەوە، کە هەم سیاســەت دەکات و هەم سیاسەتی بەســەردا دەکرێت. هەروەها گوزارەی هەڵخەڵەتاندن دروســتکردنی دۆخێکی دەروونی و مەعنەویی نائاســایی و کاتییــە، کە تیایدا زەمینەی ئاراستەکردن و بەکارهێنانی خود وەك ئەوەی هەڵخەڵەتێنراوە، ڕەخساوە.

ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین، کە ئەم خودە بەهەردوو ماناکەی (هەڵخەڵەتێن و هەڵخەڵەتێنراو) بوونــی کردەییانەی خۆی لــە واقیعی ژیانی کۆمەلآیەتیدا هەیە، ئەوە ئەمجۆرە سیاسەتەی کە ئامانجەکەی هەڵخەڵەتاندنە، (خود)ی واقیعیی ڕەتدەکاتەوەو خودێکــی هەڵخەڵەتاوی لێبەرهەم دەهێنێت. خودی هەڵخەڵەتاو، چاوبەستکراو یان خودی دەســتەخەڕۆکراو، ئەو خودەیە کە دواجار خۆی نییــە و ناتوانێت ببێتە خــۆی. ناتوانێت شوناسێکی جێگیری هەبێت و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و بەردەوام لە قەیراندا دەمێنێتەوە.

سیاســەت لەوەهــا بارودۆخێکــدا بریتیە لە کۆمەڵێ قسەی بێرەفتار، کۆمەڵێ دەرهاویشتەی زمانیی کە نە لە ڕووی هێزەکیی و نە لە ڕووی کردەکییــەوە، ناتوانــێ واقیــع نوێبکاتەوە، یان بیگــۆڕێ و ئومێدی گەورە دروســت بکات و متمانە بگێڕێتەوە بۆ هاوولآتیان.

سیاســەتی خۆهەڵخەڵەتانــدن، پەرچەکردەوەو ڕەنگدانــەوەی بیــروڕای ئــەو ڕاوێژکارانەیە کە لە پێنــاوی مانەوەی خۆیان و پاراســتنی بەرژەوەندییەکانیاندا، لە بن ســەری سەرکردەکان دەخوێنن و ئەو بڕوا چەوتانە بەرهەمدەهێنن، کە لەسەر ئەرزی واقیع بە زیان و زەرەر و تێکشکان بۆ پرۆسەی سیاسی تەواو دەبن. ئەمەش بێبڕوایی و بێتمانەیی و گرۆکف بەرهەمدەهێنێت. ئەمەش لە کاتێکدا کە سیاســییەکانی ئێمە و بکەرانیی سیاســیی پێویســتە ســوود لە ڕاوێژکاریەکی مۆدێرن وەربگرن نــەك ڕاوێژکاریی ڕواڵەتیانەو بێبنەماو بەبێ توێژینەوە و بەڵگە. بەبێ پەنابردن بۆ ئامرازو میتــۆدە نوێیەکانی بەرهەمهێنانی بیروڕای سیاســی، سیاســەت لە ولآتی ئێمەدا دەپووکێتــەوەو دەبێتــە سیاســەتی فێڵکردن و سیاسەتی دەستخەڕۆکردن.

ئێمە لە قۆناغی نوێــدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەرهەڵســتکارییە نێوخــۆ و دەرەکیانەی لە داهاتوویەکی نزیك و دووردا یەخەمان دەگرن، بە لەپێشچاوگرتنی ئەو تەڵە و داوانەی ئەوانیتری نەیــار بۆمــان دەنێننەوە، بــە لەبەرچاوگرتنی دووبەرەکــی و نیازپیســی هەنــدێ لایــەن و موزایەدەی سیاســیی بەردەوامیان، پێویستمان بەوەیە ڕوئیایەکی سیاســیی ڕوون و کارا لەلای ئــەوەی نوێ دروســتبکەین کە ئــەو خۆی بە بەشێکی جیانەکراوە لە پرۆسەکە بزانێت.

سیاسەتی خۆهەڵخەڵەتاندن هەر هەڵخەڵەتاندن بەرهەمدەهێنێتەوە نەك سیاســەت. سیاســەتی خۆهەڵخەڵەتانــدن، سیاســەت نییــەو پتــر خوێندنەوەیەکــی هەڵەیــە بۆ ســایکۆلۆژیای جەماوەر. هەمیشە دەکرێ لە ڕێگەی ئەو جۆرە سیاســەتەوە حەماســەی خەڵك بەرزبکرێتەوە، هەمیشــە دەکرێت بەشــێوەیەکی کاتی ئومێد و خرۆشان لەلای جەماوەر و لایەنگران دروستبکرێت، بەڵام کاتــێ خەڵــك هاوولآتیبوونی خۆی بیر دەکەوێتــەوە، مافەکانــی و مەحرومیەتەکانی و یەخــەی دەگرن و واقیع دەیخاتەوە ناو کێشــە تایبەتیەکانی خۆی، ئیتر کاریگەریی سیاسەتی خۆهەڵخەڵەتانــدن بەتاڵ دەبێتەوە و تاکەکس بە

**نەیار و دوژمنەکانمان و هاوپەیمانە موناڤیقەکانمان، بەیەک چاو سەیری ئۆپۆزیسیۆن و بەرەی دەسەلآت دەکەن و کوردبوونیان، نەک جیاوازیی ڕێژەیی بیروڕایان دەکەنە پێوەر بۆ ئەوەی چۆن مامەڵەی سیاسیمان لەگەڵدا بکەن**

هەســتێکی ڕەخنەگرانەوە لە بارودۆخی ژیانی خۆی ڕادەمێنێت و داواکاریی و ناڕەزایەتیەکانی زۆر دەبن.

بۆ ئەوەی ڕێگە لە سیاسەتی خۆهەڵخەڵەتاندن بگرین، پێویستە لە ئاستی واقیعییەوە ڕووبەڕووی کێشەکان ببینەوە، نەك لە ئاستی ئایدۆلۆژی و ســایکۆلۆژیی ڕووتەوە. گۆڕانیی کردەیی لە واقیعێکی دیاریکــراودا، کە ڕەنگدانەوەکەی لە ژیانی خەڵك و هاوولآتیاندا ببینرێت، سیاسیانەتر و هەمیشەییترە، نەك بەرزکردنەوەی حەماسەتی جەمــاوەر بۆ ماوەیەکــی کاتی کــە تەنانەت کۆمپانیایەکیــش و وتاربێژێکیــش پێیدەکرێت. ڕەنگە ئەو ڕاوێژکارانە زۆربن کە ڕستەی جوان و گوزارەی بەهەشتیانە بۆ سەرکردەکان دەنووسن، بەڵام ناتوانن خوێندنەوەیەکی وردی کێشــەکان بەرهەمبهێنن و گۆڕان لە واقیعدا دروستبکەن.

بۆیــە دووبــارەی دەکەمــەوە: ئەگــەر سیاســەتی ئێمــە سیاســەتی خۆهەڵخەڵەتاندن بێت و هەڵخەڵەتاندن لە ســاڵان و قۆناغگەلی ڕابردوودا جەماوەری سیاسی لە دەوری حزبەکان کۆکردبێتەوە، پێویســتە لە ئێستاوە بۆ داهاتوو، دەست لەم سیاســەتە هەڵبگیرێ و سیاسەتێکی واقیعیانەتر، ڕاشکاوانەتر و کردەییتر بێتە ئاراوە، کە توانای دروستکردنی پشتگیریی هاوولآتیانی لە ســەرکەوتن و تێکشــکانەکاندا هەبێت، نەك دەرفەت بۆ هاوولآتیان بڕەخسێنرێ کە لەهەر

**شێخ مەحموودی حەفید نەیتوانی دۆستی ڕاستەقینەو دوژمنی سەرەکیی لێکتر جیا بکاتەوە. پێشەوا قازی محەمەد لە نێوان متمانە و بێبڕواییدا، بووە قوربانیی خۆشبڕوایی. مەلا مستەفای بارزان لە ساتەوەختێکی مێژوویدا بووە قوربانی ویستی دوژمنانی کورد**

هەڵێكدا كودەتا لە سیستەمی سیاسی بكەن و سەرخان و ژێرخانی كۆمەڵگا هەڵبوەشێننەوە كە ئیتر نازانرێ جڵەوی وڵاتە دەكەوێتە دەست كێ.

لە ئێرانی دوای ڕژێمی پاشایەتیدا، ئەم هەلە نەكەوتەوە دەست گەلانی ئێران، لە میسری دوای موبارەكدا بەهەمان شێوە و لە لیبیاشدا بەهەمان شێوە و لە سوریای پاش ئەسەدیش ئامادەیی هێزە مەدەنییەكان شانسێكی لاوازی هەیە. بەمجۆرەش سیاسەتی خۆهەڵخەڵتاندن ئەنجامێكی باشی نابێت و جگە لە هەڵخەڵەتاندنی نوێ، بەرهەمی تری نابێت. لە سیاسەتی خۆهەڵخەڵەتاندا، سیاسەت بۆخۆی نابێتە ئامانج، بەڵكو خود دەبێتە ئامانج وەك ئەوەی هەڵخەڵەتاوە.

## هەڵخەڵەتاندنی سیاسی:

ئەگەرچی گوزارەی «هەڵخەڵەتاندن» لە هەردووكیاندا هاوبەش و نەگۆڕە، بەڵام هەڵخەڵەتاندنی سیاسی ئاستێكی بەرزتری هەیە لە سیاسەتی خۆهەڵخەڵەتاندن. چونكە لە هەڵخەڵەتاندنی سیاسیدا پێشمەرجی هەبوونی بكەرێكی سیاسی ئامادەیە، كە یەكێك لە بەكارهێنانەكانی بۆ سیاسەت لە بواری كردەییدا بریتیە لە هەڵخەڵەتاندنی سیاسی.

هەڵخەڵەتاندنی سیاسی پرۆسەیەكە لە ڕێگەیەوە، بكەرانی سیاسی بە پشتبەستن بە تێگەیشتنی خۆیان و ئەو ڕێنمایی و بەرچاو ڕوونیانەی لە ڕاوێژكارەكانیانەوە، وەریاندەگرن، دەچنە ئەودیو سایكۆلۆژیای جەماوەرییەوە و بە وەڵامدانەوەی ڕواڵەتیانەی داواكانیان و چاوەڕوانییەكانیان، وزەی داواكارییەكانیان كپ و كەمدەكەنەوە و بارودۆخەكە وەكئەوەی كە هەیە بەردەوام دەكەن.

ئەزموونی سیاسیی سیستەمە داخراوەكانی وڵاتانی دواكەوتووی جیهان ئەوەی فێركردووین، كە ئەم پرانسیپە زۆر بەسەر كایەی سیاسیی ئێمەدا جێبەجێ نابێت، چونكە لە بنەمادا ئەم كایە سیاسییە ئەگەرچی لە ڕووی بارودۆخ و هەلومەرجی خۆیەتیەوە مافی مژدەبەخشینی بە هاووڵاتیانی خۆی هەیە، بەڵام هەمیشە بارودۆخی بابەتی و ناكۆكی و دووبەرەكیی سیاسی، ڕێگرن لەوەی بە شێوەیەكی پراكتیكی و لە ئاستی مافیشدا قسە لە مژدە چاوەڕوانكراوەكان بكرێت. سەرۆكی هەرێم لە وتارە نەورۆزییەكەی خۆیدا، وێڕای ئاماژەدانی بە چاوەڕوانیی خەڵك سەبارەت بە مژدەیەكی كردەیی، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی بابەتی و بە ئاماژەدانی بۆ ڕای خەڵك وەك مەرجەعی هەرجۆرە بڕیارێكی ئەوتۆ، خۆی پاراست لەوەی پەنا بۆ سیاسەتێكی هەڵخەڵەتێنەرانە بەرێت و ئەمەش ئاشكراكەری تۆنێكی سیاسی واقیعگەرایانەیە، نەك باڵاخوازانە بە نییەتی شاراوەوە.

سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن ئەوەیە كە تۆ بەردەوام باسی باشبوونی بارودۆخ دەكەیت و بارودۆخ بەردەوام بەرەو خراپی دەچێت و ئەمەش شتێك نییە واقیع لە هاووڵاتیانی بشارێتەوە. سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن، جۆرێكە لە وتاری سیاسیانە كە تیایدا بەردەوام باسی دۆست و هاوپەیمان و لایەنگران دەكرێت و كەچی لەسەر عەردی واقیع هەر ئەو دۆست و لایەنگر و هاوپەیمانانە، دووچاری شكست و نائومێدیمان دەكەن و پابەندنەبوونی خۆیان بە ئێمەوە بەرجەستە دەكەن.

ئەم نەفەسە سیاسیە وایكردووە، تەنانەت ئەو كاتانەش كە بكەرە جیدییەكانی ناو كایەی سیاسی دەیانەوێت خۆیان لە سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن بە دوور بگرن، خۆهەڵخەڵەتێنەرانی سیاسی دەكەونە هاتوهاوار و لێكدانەوەی ناواقیعی.

لە مێژووی سیاسەتی كوردیدا، هەریەك لە خۆهەڵخەڵەتاندنی سیاسی و سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن هەبوون و ئامادەییان هەبووە و هەیە. شێخ مەحموودی حەفید نەیتوانی دۆستی ڕاستەقینەو دوژمنی سەرەكیی لێكتر جیا بكاتەوە. پێشەوا قازی محەمەد لە نێوان متمانە و بێبڕواییدا، بووە قوربانیی خۆشبڕوایی. مەلا مستەفای بارزان لە ساتەوەختێكی مێژوویدا بووە قوربانی ویستی دوژمنانی كورد. یەكێتی و پارتی میراتێكی پڕ لە خۆهەڵخەڵەتاندن و هەڵخەڵەتێنەری سیاسیان بۆ دروستكردووین. لە بیناكردنەوەی عێراقی دوای بەعسدا، هەم خۆمان هەڵخەڵەتاند و هەم هەڵخەڵەتێنراین. ئۆپۆزیسیۆن بەهەمان سیاسەتەوە لەدایكبووە و لەناو هەمان سیاسەتیشدا ماوەتەوە و سیاسەتی خۆهەڵخەڵەتاندن و هەڵخەڵەتاندنی سیاسی پێكهاتەیەكی جەوهەرییەتی. ئەم چیرۆكە بەردەوامە و لە زۆر وێستگەی مێژوویدا ئەم میراتە گواستراوەتەوە بۆ ناو دامەزراوەی حكومەت و كابینە یەكبەدوای یەكەكانی ئەزموونی حكومڕانی كورد لە باشووردا. بەتایبەتی لە گەڵاڵەكردنی بۆچوونەكانمان لەسەر هاوپەیمانان و دۆستە سیاسییەكانمان و دەوڵەتانی دراوسێماندا، كە زۆر زیاتر لەوە گەورەیان دەكەین و وەسفیان دەكەین، كە لە واقیعدا بەوجۆرە نین.

سیاسەتی ئێمە سیاسەتێكی خۆشباوەڕانەیە، سیاسەتی وەعد وەرگرتن و دڵخۆشبوونی بێبنەمایە و دواجار سیاسەتی تووڕەیی و هەڵكفانی دوای نائومێدبوونی شكستەكان و پەنجە ڕاكێشانە بۆ ئەوانیتر وەك كەمتەرخەم و تاوانبار. سیاسەتی بەچاودانەوەی چاكەكانمانە لەبەرامبەر ئەوانیتر و سیاسەتی خۆ بەمەزڵووم پیشاندان و ئەوانیتر بە زاڵم سەیر كردنە، ئەگەرچی تا دوێنێ دەمانكرنە شەریكە بەش و براگەورەی خۆمان و شەرمنی سیاسیمان لە ئاستدا پیشانددان..

لەبەر ئەم هۆكارانە، سیاسەتی ئێمە واقیعیانە و كردەییانە نییە. سیاسەتی كردەیی پشت بە بۆچوونی سیاسی و تیۆرە سیاسییەكان و فەلسەفەكانی سیاسەت دەبەستێت و ئامادەیی تێدایە بەخۆیدا بچێتەوە و ڕەخنە لەخۆی بگرێت. بەبێ تێگەیشتنێكی سیاسیانە و فەلسەفیانە و تیۆریانە لە واقیعی سیاسی، بەبێ پشتبەستن بەسەرچاوە مەزنەكانی بواری هزری سیاسی و ئەزموونە سیاسییەكان، سیاسەتێكمان نابێت وەڵامدەرەوەی واقیع و دابینكەری خواست و ئامانجەكانمان بێت. سیاسەتێكی واقیعیانەو كردەیی، بیركردنەوەیەكی سیاسیانەی قووڵ و ئەقڵانیانەی لە پشتەوەیە، كە بتوانێت لە كاتی قەیرانەكاندا چارەسەری گونجاو و دوورمەودا بۆ كێشەكان بدۆزێتەوە، نەك پینەوپەڕۆیان بكات و پەنا بۆ سیاسەتێكی خۆهەڵخەڵەتێنەرانە و سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن ببات. كەی كتێبخانەی گەورە و ڕاوێژكاری گەورەمان لە پشت سەركردەكانمانەوە بینی، سیاسەتیشمان گۆڕانێكی نەوعی بەسەردا دێت.

*** سەرۆكی بەشی فەلسەفە، زانكۆی سەلاحەدین**

**ئەگەرچی لە ڕووی بارودۆخ و هەلومەرجی خۆیەتیەوە مافی مژدەبەخشینی بە هاووڵاتیانی خۆی هەیە، بەڵام هەمیشە بارودۆخی بابەتی و ناكۆكی و دووبەرەكیی سیاسی، ڕێگرن لەوەی بە شێوەیەكی پراكتیكی و لە ئاستی مافیشدا قسە لە مژدە چاوەڕوانكراوەكان بكرێت**

**بە لەبەرچاوگرتنی دووبەرەكی و نیازپیسی هەندێ لایەن و موزایەدەی سیاسیی بەردەوامیان، پێویستیمان بەوەیە ڕوئیایەكی سیاسیی ڕوون و كارا لەلای نەوەی نوێ دروستبكەین كە ئەو خۆی بە بەشێكی جیانەكراوە لە پرۆسەكە بزانێت**

# ژن لە فەلسەفە پیاوانەکەدا

«ڕەنگە زمان لە سەرەتادا بێلایەن بووبێت، بەڵام لە سایەی بابسالاریدا هەمیشە لە سەنگەری پیاودا بووە. لای بابسالار، ژن کە دەست دەکات بە نووسین، بە چاوپۆشین لەوەی چی دەڵێت، وەک ئەوە وایە، بێ خواستنی مۆڵەت، پێی نابێتە نێو پاوانی پیاوەوە، ئاخر نووسین شتێکە تایبەت بە پیاو، ئەوە هەر پیاوە دەنووسێت، دەخوێنێتەوە، لێکدانەوە بۆ دەق دەکات و لە پرۆسەی نووسیندا، پیاو خۆی بەرهەمهێن و بەکاربەریشە، ژن لە پەراوێزی کردەی نووسینیشدا هەبوونی نییە، لە دەرەوەی بازنەکەیە. لە کن بابسالار، ژن جەستەیەکی گەرم ونەرمی بۆنخۆشە و هیچی تر، بابسالار کەیفی بەو ژنانە نایەت، وەک ئینسانێکی بوێر بە گژ زوڵمدا دەچنەوە، حەزی لەو ژنانە نییە بە ئومێدی گۆڕینی واقیعی ستەمکار، دەست دەدەنە خامە، شەیدای ئەو ژنانەیە کە تەنیا دوو قەڵەم دەناسن، قەڵەمی لێو و قەڵەمی چاو». ئەمەم لەسەر پەڕە ئەلەکترۆنیە تایبەتەکەی نوسەر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن وەرگرتوە.. بابەتێکی گەلێ گرنگ بەڵام پڕ لەژانە بۆ خوێنەرێکی ژن و بەتایبەت بۆ ژنێکی نووسەر. ئەم جەدەلەی هەتا ئیستاش هەر درێژەی هەیە و ژن لەدووتوێیدا هەر ئەو بوونەوەرە لاواز و بێئیرادەکراو و بەرێوەبراو (موسەیەر)یە کە پیاو دەیەوێت بیبینێت، ئەو ژنەی بەردەوام لای زۆربەی رۆشنبیر و ڕەخنەگرەکانمان جێگەی بەزەیی و سۆز و پێناسەکردنەوەیە لە تێکستێکدا کە تەرخان دەبێت بۆ وێناندنی ژن بە بوونەوەرێکی لەدەسەڵاتخراو و مافزەوتکراو، ئەو بوونەوەرەی ئەگەر بنووسێت تەنها گوزارشت لەخودی ژنێتی مافخوراو و مەغبوونی و مەزلوومیەتی خۆی دەکات و هیچی تر نا.

ئاخر بۆخۆشی وایە هەندێجار کە هەندێ تێکستی ئیرۆتیکی هەندێ شاعیری ناوداری پیاوم بەرچاودەکەوێت ئەو وێنەیەم روونتر پیشان دەدات، رۆشنتر وەکوو ئاوێنە دیوی ناوەوەی پیاوم بۆدەخاتەڕوو، وەختە نەفرەت لەژنێتی خۆم دەکەم کە دەبینم ئەکەم ئەو شاعیرە ژن لە هزری خۆیدا چۆن دەبینێت، پارچەیەک لە جەستەیەکی رووت و قووت و هیچی تر نا.. نمونەی شیعرێکی قوبادی جەلیزادە کە ژن تەنها جەستەیەکی رووت دەبینێت و هیچی ترنا سەرەتا دەڵێت: کە رووت دەبیتەوە،/ بەللوعە ئاوی دەهێتەوە/ ئاو ، ئاو دەرژێت.. هەتا دەگاتە: گۆی مەمکت،/ دوو مۆریلەی داگیرساون/ حەمام لێوڕێژە لە وروژان/ هەڵم خۆی نووساندوە بە سمتی پەنجەرەوە... تاد

ئەگەر ئەمە وێنەی ژن بێت لە هۆش و ناهۆشی شاعیرێکدا، باوەڕمەکەن وێنەکە لای سیاسیەک زۆر جوانتر بێت.. لەسەر هەموو ئاستەکان ئەوە هەر پیاوە سەرگوزشتەی هەموو سەروەریەکانی بەناوەوە نراوە، ناوی هەموو ڤێستیڤاڵ و بۆنە و یاد و خەڵاتەکانی بەناوەوە کراوە، خوێندنگا و جادە و بانەکانیان بەناوەوەیە، تەنانەت هەر پیاوە مێژوو ئەنووسێتەوە و ژن گێلانە شانازیشی پێوەداکات و لەبەریداکات و ئیمتیحانیشی تیادەدات.

ئاخر ئیبداع و داهێنان لەوڵاتی ئێمەدا هێشتا پیاوانەیە، هێشتا کچێکی نەبوە شانازی پێوە بکات، سیاسەت و ئابووری و ستراتیژی وڵات هەر رەگەزی پیاوانەیە، تەنانەت کورسیەکانی سەرۆکی وڵات و جێگرەکەی و سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی هێشتا پیاوانەیە، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی هێشتا ژن بە قانونی رێژە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە پیاو زۆرینەیە، ئیدی ژن کەمینەکەیە. سەیرییش لەوەدایە لەوڵاتی ئێمەدا زۆرینەکە لە زگی کەمینەکەوە کەوتۆتەخوارێ.

ئاخر هەر پیاوە مشتومڕە سیاسیەکان دەکات و تاوتوێی بڕیار و یاساکان دەکات و هەر ئەویش واژووی دەکات و دەریدەکات، بەو یاسایانەشەوە کە لەبەرژەوەندی ژنیشدابێت. هەر پیاوە یاساکانی باری کەسی نووسیوەتەوە و دەستووری داناوە و پێشتریش شەریعەتی هێناوە و لێکدانەوەشی بۆکردوە. هەر پیاوە لە وڵاتێکی وەکوو وڵاتی ئێمەدا هەموو قانوونەکان بۆ ژیان دادەڕێژێت و ژن لە پەراوێزێکدا یان لە سێبەردا قایلبوون و سەردانەواندنی لەسەرە..

زۆر سەرسام دەبم کە ببینم پیاوێک بکوژانە داکۆکی لە ژن دەکات، بەڵام زۆر بەدحاڵ دەبم کە بیردەکەمەوە ئەمە بنەمایەکی سایکۆلۆژی ئەستووری لە بونیادی کەلتووری و ئەخلاقی و فەرهەنگی و پەروەردەییماندا هەیە، کە پیاو ئاوا هەمیشە باڵادەست لەهەموو شتێکدا، شەرەفی لاوانەوە و پاڕانەوە و پیاهەڵدان و وێناندنی ژنیشی بەرکەوتوە، هەتا ئەو سنوورەی کە ئیتر ژن خەنیە بەو هەموو وێناندنە پیاوانانە کە هەمیشە ژن بەناوی بەزەیی و لێکۆڵینەوە پیاوانانەکانەوە ئەو بوونەوەرە لاواز و بێئیرادەکراو و مافخوراو و شایستەی بەزەییەیە کە پیاو حەزدەکات بیبینێت، ژنێک سەرچاوەی لەزەت وئیسراحەت و ماڵداری و وەچەخستنەوە و توندوتۆڵی خێزان، ئیتر چ پێویستدەکات هیچ پیاوێک نمونەی ژنێکی بەهرەمەند و داهێنەر لەهەر بوارێکی تردا بێت ناوبەرێت، وەک حەمەسەعید حەسەن دەڵێت: « وەک ئەوە وایە، بێ خواستنی مۆڵەت، پێی نابێتە نێو پاوانی پیاوە».

دەبینیت چەند یان شاعیرێک کە لەسێبەری حزبێکدا دانیشتوە سەدان شیعری زەرد و سووری بۆ ژن نووسیوە، دەیەوێت هەموو ڤێستیڤاڵەکان لەسەر شەرەفی ئامادەبوونی ئەو بێت لە ریزی پێشەوە لەتەک سیاسیەکاندا، بەڵام هێشتا لێم نەبیستوە ناوی ژنێکی بەهرەمەندی کردبێت و ئامادەبووبێت ژنێک لەپێشەوە بێت و ناوی بەقەد ناوی ئەو گەورەکرێت، ئاخر ژن لای ئەو جۆرە رۆشنبیرانە تەنها دیکۆرە، تەنها جەستەیەکە و سەرچاوەی ئیلهامی شیعرە وەکوو بۆدی و قاوغ، بەڵام هەرگیز چاویان بەژنێک هەڵنایەت شانبەشانی خۆیان داهێنان بکات..

دەگەڕێمەوە سەر ئەو پیاوانەی داکۆکی لەژن دەکەن، هەمیشە گوتوومە زۆر بەگومانم لەوانە و بەسڵەوە گوتارەکانیان دەخوێنمەوە، چونکە هیچی لەو پیاوە رۆشنبیرە داکۆکیکارانە ژنەکانی ناو خێزانەکانیان کەس دەموچاویانی نەبینیوە و هەرگیز لەتەکیاندا ناچنە دەرەوە، بەتایبەت بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە رۆشنبیریەکان، بەڵام ئامادەن رۆژانە لەگەڵ ژنێکی تردا لە کافێتاریاکان قاوەبخۆنەوە و باسی دۆزەخی ژیانیان بۆ بکەن و گوایا ژنەکەی لێی تێناگات و ژیانی لێ تاڵکردوە..

هەر لەچوارچێوەی فەلسەفەی ئەو داکۆکیکردنە، بەدیوێکی تردا زۆر وتنەوەی شتێک ئەوەندەی تری ئەیچەسپێنێت، بەچەند وشەیەکی تر پیاوەکان کە دەنووسن و بەردەوام ئەوە دووبارەدەکەنەوە کە ژن لاواز و داماو و مافخوراو و چەوساوە و قوربانی دەستی پیاوە، ئەمە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەوەندەی تر ئەچەسپێت.. هەروەک هاوڕێیەکم وتی: هەر ئەو پیاوانەی داکۆکی لەژن دەکەن کلیلی ماڵ ئەبێت لە گیرفانی ئەواندابێت، بەشەو کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن ئەبێت بەدەستیانەوە بێت، کە ژن و پیاو پێکەوە بڕۆنە دەرەوە هەمیشە ئەبێت پیاوەکە سەیارە لێخوڕێت...



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێك دەینووسێت

# سوریا دەچێتە قۆناخێکی دیکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڵێنەکانی ئەسەد تاقی دەکاتەوە



ڕازی بوونی ڕژێمی ئەسەد بەپلانە شەش خاڵیەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لای هیچ لایەك جێگەی ئومێد نییە، دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان و بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبیش بەگومانەوە لەڕژێمی ئەسەد دەڕوانن و پێیانوایە باشترین ڕێگە بۆ ڕووخانی ڕژێمی سوریا ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی سوریا چەکدار بکرێت بۆئەوەی بتوانرێت ڕووخانی ڕژێمەکە ئاسانتر بکرێت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەمیانەی گەشتەکەی بۆ تورکیا چاوی بەئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکەوێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە و لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش هێزەکانی سوریا بەسەر شەقامی شارەکاندا بڵاو بوونەتەوەو بەردەوامیش لەناوچە جیاجیاکان خەڵك دەکوژرێت، بۆیە پێناچێت بتوانرێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت، سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای سوریا بەتایبەتی دوای ڕازیبوونی ڕژێمی ئەسەد بەپلانی کۆفی ئەنان، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ڕیچارد هیرمان ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئۆهایۆ و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (پێموایە زەحمەتە بتوانین حوکم لەسەر ئیرادەی خەڵکی سوریا بدرێت، ئەو هەواڵانەی لەبارەی سوریاوە دەگەنە ڕۆژئاوا زۆر سنووردارن، لەبەر ئەوەی بوارێکی زۆر کەم دراوە بەگواستنەوەی ئەو هەواڵانە، بەڵام پێدەچێت وڵاتەکە تەواو دابەش بووبێت بەسەر ئەوانەی پشتیوانی لەئەسەد دەکەن و ئەوانەی پشتیوانی لێناکەن. ئایا دەبێت چ هاوسەنگیەك هەبێت لەنێوانیاندا؟ من نازانم؟ بەڵام پێموایە دەبێت پرۆسەیەکی ناتوندوتیژ هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەدیموکراسیەکی بەردەوامدا، ئەویش لەڕێی دامەزراوەکانەوە، کە ئاشکرایە

**پێموانییە موعارەزەی سوری بەوە ڕازی بن ئەسەد لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە و هیچ بەڵگەیەکیش نابینم کە ئەسەد ئامادەی جێهێشتنی دەسەڵاتی هەبێت**

ئەوە لەئارادانییە لەسوریا، ئەویش بەهۆی سروشتی تاکڕەوەی ڕژێمی سوریاوە. هەروەها سەرۆکی سوریا ئەگەر نییەتی هەبوایە وڵاتەکەی خۆی وێران نەکات، ئەوا بەئاشتی دەسەڵاتی بەجێدەهێشت، لەبەر ئەوە من بەگومانم و پێموایە ئەم پلانە زیاتر بۆ ئەوە بەکار دەهێنێت کە لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، نەك پرۆسەیەك بێت دووری بخاتەوە لەدەسەڵات، پێموایە موعارەزەی سوریش دەرئەنجامێکی لەم چەشنە قبووڵ ناکەن. بەتایبەتی کە ئێستا سەرچاوەی ئەوەیان هەیە موقاوەمەیەکی توندوتیژ-چەکداری- بکەن، لەبەر ئەوە باوەڕم بەسەرکەوتنی هیچ پلانێکی ئاشتی نییە ڕازیبوونی موعارەزەی لەسەر نەبێت. من پێم وانییە ئەوان بەوە ڕازی بن ئەسەد لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە و من هیچ بەڵگەیەکیش نابینم کە ئەسەد ئامادەی جێهێشتنی دەسەڵات

**ڕوسیا دەرسی لەئەزموونی لیبیا وەرگرتووە و چرای سەوز هەڵناکات و بێ ڕەزامەندی ڕوسیاش زۆر زەحمەتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت هەنگاو بنێت**

بێت. بەڵام ئەو بەئاسانی دەتوانێت دەسەڵات بگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، هەروەك ئەوەی لەمیسر ڕوویدا، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانەی لێی نزیکن نیگەران بن لەبارەی ئەو کەسانەی لەدەسەڵاتدا بوونە. بەڵام ئەمە باجێکی زۆری دەوێت، هێشتا لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشانی گەورە لەسوپای سوریادا ڕووینەداوە، ڕاستە جیابوونەوە ڕوویداوە، بەڵام هێشتا زۆربەی سوپا وەك خۆیان ماونەتەوە و پشتیوانی ئەسەدن. لەڕاستیدا دەستێوەردان بەمانای شەڕێکی نێودەوڵەتی دێت، ئەمە جیاواز دەبێت لەدۆخی لیبیا، هەروەها دابەشبوون هەیە لەناو جامعیەی عەرەبی دەربارەی پشتیوانیکردن لەدەستێوەردان، لەهەمان کاتدا ڕوسیا و چین قبوڵی ناکەن، لەبەر ئەوە پێموایە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی لێناکات. هەروەها دوو ئەزموونی پێشوتر هەیە کە لەبەرچاو گیراون، ڕوسیا دەرسی

**هەرە پۆزەتیڤ و باشترین ئەگەر بۆ بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمەکەی «ئەسەد» لەوەدایە کە سەربازەکانی سوپا ئینشیقاق بکەن و پشت لەسەرۆك بکەن و ڕوو لەلایەنی بەرامبەر بکەن**

لەئەزموونی لیبیا وەرگرتووە و چرای سەوز هەڵناکات و بێ ڕەزامەندی ڕوسیاش زۆر زەحمەتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت هەنگاو بنێت، لەهەمان کاتدا ئەزموونی عێراق وای لەئەوروپا و ئەمریکا بەتایبەتی کردووە کە دوودڵبن لەدەستێوەردان، لەبەر ئەوەی هەم عێراقیەکان و هەم ئەمریکیەکان باجێکی زۆریاندا. لەبەر ئەوە حەماسێکی زۆر نابینم بۆ دەستێوەردانی سەربازی. هەروەها زۆربەی ئەو ڕاپرسیانەی لەئەمریکا دەکرێت دوو لەسەر سێ یان سێ لەسەر چواری ئەو کەسانە پشتیوانی لەسزا یان کارێکی نێودەوڵەتی دەکەن، بەڵام نزیکەی لەسەدا ٨٥یان نایانەوێت سەربازی ئەمریکا ڕەوانەی ئەو وڵاتە بکرێت، واتە ڕای گشتی ئەمریکا پشتیوانی ڕەوانەکردنی سەربازی ئەمریکی ناکات بۆ هیچ شەڕێکی زەمینی دیکە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا)).

ئەوەی هەموو هەڵوەستەی لەسەر دەکەن جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانە لەلایەن سەرۆکی ڕژێمی سوریاوە، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر نازلی شکوری ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی ماسۆشید بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو وتی: (من لەو بڕوایەدام ئەسەد پاپەند نەبێت بە بەڵێنەکانی و لەوانەیە بەشەخسی هەندێك هەنگاو هەڵبگرێت بۆئەوەی ڕێککەوتنەکە پێشێل بکات، بەڵام ئەگەر بێت و «ئەسەد» ڕێز بەرامبەر ڕێککەوتنەکە بنوێنێت و ئەگەر ئاستەکانی خوێنڕشتن دابەزێت و جۆرە قەرەبووکردنەوەیەك پێشکەش بکات — کە لەزمنی ڕێککەوتنەکە نییە — ئەوکات کاتی زیاتر بۆ خۆی دەباتەوە، بەڵام بەڕای من زۆربەی هاووڵاتیان قەت کاریگەرییەکانی ئەم بارودۆخە لەبیرناکەن. هەربۆیە خەملاندن لەمبارەیەوە زەحمەتە،

نازلی شکوری بۆ گوڵان:



# مانەوەی «ئەسەد» لەدەسەڵات بەزەبری توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز سیمایەکی زۆر خراپ بەوڵاتەکە دەبەخشێت




لەبەرئەوەی مانەوەی «ئەسەد» لەدەسەڵات بەزەبری توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز سیمایەکی زۆر خراپ بەوڵاتەکە دەبەخشێت و هەروەها ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو وڵاتانەیش دەبێت کە پشتگیریی دەکەن، لەپرسیارەکەتان تێدەگەم و بەئاگام لەئەگەرەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی، بەڵام ئەمڕۆ پێشوختە شەڕێکی ناوخۆیی هەڵگیرساوە و ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیان تیایدا کوژراون)).

**هەموو چاوەکان سەیری تورکیا دەکەن**

تورکیا لەبەر چەند هۆکارێك دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لەکێشەی سوریا بگێڕێت بەتایبەتیش کە ئێستا باڵیۆزخانەی خۆی لەدیمەشق داخستووە هەروەها دەرگاشی بۆ سەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە واڵا کردووە، بەڵام وەك پێویست دەنگی تورکیا نابیسترێت، سەبارەت بەهەڵوێستی تورکیا لەهەمبەر کێشەی سوریا پرۆفیسۆر ڕیچارد هیرمان لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (پێم وانییە تورکیا بێدەنگ بووبێت، تورکیا ڕەخنەی لەڕژێمەکە گرتووە و کامپی لەسەر سنوورەکان دروستکردووە، پێم وانییە دەستێوەردانی سەربازی بکات ئەگەر لەچوارچێوەی کارێکی نێودەوڵەتیدا نەبێت، وەك ئەوەی چەندین وڵات کردویانە. من نازانم تورکیا دەتوانێت چی دیکە بکات و تورکیا ڕەخنەی گرتووە و ئەردۆغانیش باسی لەوە کردووە کە دەبێت ئەسەد واز لەدەسەڵات بێنێت، چونکە شەرعیەتی ناوخۆیی لەدەستداوە، هەروەها ئۆباماش ئەمەی ڕاگەیاند، من نازانم دەتوانن چیتر بکەن، ئایا چەك بنێرن، مەزەندەی من ئەوەیە سعودیە ئەم کارە دەکات، بەڵام ئەمە تەنیا مەزەندەی منە و من دڵنیانیم، کە پێموایە دەتوانێت کاری زیاتر بکات لەم ڕووەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لەسەرەتاوە وتم موعارەزەی سوری بەپلانێك ڕازی نابێت وازهێنانی ئەسەد لەدەسەڵات لەخۆنەگرێت و باوەڕم وایە سەرچاوەی سەربازیان هەیە، نەك بۆ بردنەوەی شەڕە ناوخۆییەکە، بەڵکو بۆ بەردەوامبوون لەموقاوەمەی توندوتیژ_ چەکداری_ بۆ ئەنجامدانی هێرشی بەردەوام تا ئەو کاتەی ئەسەد دەسەڵات جێدەهێڵێت. بەڵام لەنێوان گروپەکانی موعارەزە دابەشبوونی قوڵ هەیە، بەڵام ئاشکرایە کە هەندێکیان سەرچاوەی سەربازیان هەیە بۆ تەقاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس و ئەنجامدانی هێرش، تەنانەت بۆ هەندێ ناوچەی پارێزگاری لێکراوی دیمەشق، پێموایە دەتوانرێت بەردەوامی بەمە بدرێت، لەبەر ئەوەی دەتوانرێت درێژەی پێبدرێت بەهۆی گروپی بچووکی چەکداری و بەهۆی چەکی کەمەوە، کە لەسعودیە یان تورکیا یان هەر شوێنێکی دیکەوە بهێنرێت. من هیچ هۆکارێك نابینم بۆ وەستانی ئەمە، چونکە ڕژێمی

## ڕیچارد هیرمان بۆ گوڵان:






### سەرۆکی سوریا ئەگەر نییەتی هەبوایە وڵاتەکەی خۆی وێران نەکات ئەوا بەئاشتی دەسەڵاتی جێ دەهێشت

سوریا توانای ڕێگەگرتنی نییە لەم کارە، هەروەها سعودیەش ئەم کارە ڕاناگرێت، لەبەر ئەو هۆکارانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن، سعودیە ئەمە بەدەرفەتێك دەزانێت بۆ دوورخستنەوەی سوریا لەئێران. هەروەها ئەگەری ناکۆکی و ناسەقامگیری ئیقلیمی ئەگەرێکی بەهێزە، ئەمە هەڕەشەیەکی جدیە و پێموایە دەبێتەهۆی ئەوەی سعودیە بکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی نوێ لەعێراقدا، ڕەنگە ئەمەش دووبارە ناکۆکی لەعێراقدا بخوڵقێنێتەوە لەبارەی ئەوەی کێ حکومڕانی سوریا بکات و بەئاسانی دەتوانرێت ئەو هاوپەیمانێتیانە ببینرێن کە پێشبینی پێکهێنانیان دەکرێت. هەروەها ئێرانیش بێدەنگ نابێت، کەواتە مەترسیەکە مەترسیەکی گەورەیە و ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دوودڵی هەیە لەدەستێوەردان کردندا، چونکە کاتێك دەستێوەردان دەکرێت کەس نازانێت ئاراستەی دۆخەکە بەکوێ دەگات و من پێم وانییە بەم زووانە کۆتایی پێبێت، حاڵی حازر جگە لەچەقبەستویی هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکە نییە و بۆی هەیە بەچەشنی لوبنانی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان ئەمە بۆ زیاتر لەدەیەیەك درێژە بکێشێت)).

بەڵام پرۆفیسۆر نازلی شکوری هۆکاری سستی تورکیا دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تورکیا نایەوێت دڵی ئێران و عێراق لەخۆی برەنجێنێت، هەروەها ترسی ئەوەشی هەیە کە پەنابەرێکی زۆر زۆر ڕووبکاتە ئەو وڵاتە و لەمبارەوە و سەبارەت بەهەڵوێستی تورکیا لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (یان ئەوەیە «تورکیا» لەوە دەترسێت دەستێوەردانی لەبارودۆخەکە ببێتەهۆی ئەوەی پەنابەری زیاتر لە«سوریا»وە ڕوو بکەنە «تورکیا»، یانیش ئەوەیە «تورکیا» نایەوێ پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بشێوێنێت کە ڕەخنە لەڕژێمەکەی «ئەسەد» ناگرن، بۆنموونە «عێراق» و «ئێران» بەئاستێکی توند ڕەخنە لەڕژێمەکەی «ئەسەد» ناگرن، هەر بۆیە «تورکیا» دەیەوێت بەوریاییەوە بجوڵێتەوە. لایەنێکی تر ئەوەیە کە ڕۆژئاوا لەگەڵ خوێنڕشتن نییە، کێشەکە لەوەدایە کە ڕۆژئاوا ستراتیژییەتی پێویستی نییە بۆ وەڵامدانەوە بەشێوەیەکی کاریگەرانە لەمڕووەوە و هەروەها ئامادە نییە هێزی سەربازی بنێرێت لەبەرئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیە، بەڵام «ڕوسیا» و «چین» بەرهەڵستکاری دەکەن و ڕێگرن لەبەردەم دەستێوەردان، بۆیە وەکو ڕایەکی شەخسی خۆم پێموایە هەرە پۆزەتیف و باشترین ئەگەر بۆ بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمەکەی «ئەسەد» لەوەدایە کە سەربازەکانی سوپا ئینشیقاق بکەن و پشت لەسەرۆك بکەن و ڕوو لەلایەنی بەرامبەر بکەن)).

# نەورۆز:
# هەڵوەستەکردن و تێڕامان لەساڵی ڕابردوو



دەیڤید ڕۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

٢١ی ئازار یادکردنەوەی ساڵی نوێی کوردانە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا. هەمیشە هەموو ساڵێکی نوێ کاتێکە باشە بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر دەستکەوت و نائومێدیەکانی دوانزە مانگی ڕابردوو. کوردەکانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان پشکێکی گەورەیان هەیە هەم لە دەستکەوت و هەم لە نائومێدیەکاندا.

لە کوردستانی عێراقدا، دۆخی هەرێمی کوردستان بە چەشنی ڕابردوو بەردەوام بوو. بۆ بەشێکی کوردستان کە تێیدا کوردەکان ئەتوانن بە ڕاستی ئازادبن و وەك کورد بژین، ئەوا بەردەوامبوون نیشانەی سەرکەوتنە. بەردەوام هەرێمی کوردستان بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت لە سیاسەتی دەرەوەیدا، خۆیان لە تێوەگلانی قووڵ دەپارێزن لەو قەیرانانەی لە دەوڵەتە دراوسێکاندا سەرهەڵدەدەن. ئەمەش دەرفەتی بۆ ڕەخساندن تاوەکو تەرکیز لەسەر ئەوە بکەن کە بەغدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکەیان بە ئاسایی وەربگرن و قبوڵی بکەن، هەروەها تەرکیز لەسەر بەرەوپێشبردن و بە دامەزراوەییکردنی سیستمە سیاسیەکەیان بکەن. هێنانەدی هەموو ئەم ئامانجانە کاتیان دەوێت، بەڵام هەر ساڵێك کە تێدەپەڕێت و دۆخەکە ئاساییە، ئەوا ئەمە دەستکەوتێکە شایەنی ئەوەیە شانازی پێوەبکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە دوای ٢٠٠٣وە، بە چەشنی هەموو ساڵێك، ساڵی پار گرفتاری کۆمەڵێك نائومێدی بوونەوە. کەرکوك و ناوچەناکۆکی لەسەرەکان بە هەمان شێوەی ڕابردوو ناکۆکیان لەسەرە. جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە، حوسێن ئەل شەهرستانی، بەردەوام دەستوری بەو شێوەیە تەفسیرکرد کە هیچ بوارێك بۆ هەرێمی کوردستان ناهێڵێتەوە تاوەکو باس لە پرسی نەوت بکات، ئەمەش مانای وایە ناکۆکی لەسەر یاسای نەوت و غاز وەك هەمیشە بەردەوام دەبێت. تا ئێستاش پێشمەرگە بێبەشکراون لە داهاتی حکومەتی مەرکەزی. زۆرێك لەو بەڵێنانەی لە ساڵی ٢٠١٠دا مالیکی بە کوردی دابوون، هەروەك ئەوەی هەموو کەس پێشبینی دەکرد-جێبەجێ نەکران.

لە هەمان کاتدا، کوردەکان وەك لایەنێك لە ململانێی دەسەڵاتی عەرەبدا لە بەغدا مانەوە کە ناکرێت ئیستیغنایان لێبکرێت.

لە کوردستانی سوریادا، ئەو ڕاپەڕینەی ساڵێکە لە پێناو ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئەسەددا بەرپاکراوە، درێژەی هەیە. کاتێك بۆ یەکەمجار خۆپیشاندانەکان لە بەهاری ڕابردودا سەریانهەڵدا، کوردەکان گیرۆدەبوون لە نێوان دێوەزمەیەکدا کە ئاشنابون پێی و ڕق و ڕەتکردنەوە هەبوو لە نێویانیاندا، لەگەڵ دێوەزمەیەکی دیکە کە پێی ئاشنانەبوون و پێنەدەچوو بتوانن متمانەی پێبکەن. هیچ زەمانەتێك نەبوو کە موعارەزەی سوری بە سەرکردایەتی عەرەب و

گروپە ئیسلامیە سوننەکان باشتر مامەڵە لەگەڵ مافەکانیاندا بکەن بە بەراورد بە ڕژێمەکەی سوریا کە لە ساڵی ١٩٦٩ەوە حکومڕانە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم نادڵنیاییە، ئەوا زۆرێك لە کوردەکانی سوریا مافی خۆیان بوو ئامادەنەبن لە ڕووبەڕووبونەوە و بەرهەڵستیکردنی ئەسەددا سەرکێشی بە ژیانی خۆیانەوە بکەن. بەڵکو تەنها چەند خۆپیشاندانێکی کەمیان ئەنجامدا وەك یادکردنەوەیەك بۆ سەرهەڵدانەکەیان لە ٢٠٠٤دا ( کە جگە لە چەند ڕۆشنبیرێکی کەمی عەرەب کەس هاوسۆز نەبوو لەگەڵیاندا)، هەروەها گوزارشتیان لە هاوسۆزی خۆیان کرد بۆ ئەو مەدەنیانەی لە شوێنەکانی دیکەی وڵاتەکە دەکوژران. هەرچۆنێك بێت، ئەم نەورۆزە ترووسکەی هیوا و نوێگەری بۆ کوردەکانی سوریا هێناوە. دوای ساڵانێکی دووروودرێژ، بۆ یەکەمجارە پێدەچێت دۆخ و ژیانیان بەرەو باشتر بگۆڕێت، ئەگەرچی هیچ زەمانەتێکیش لە ئارادانییە.

لە کوردستانی تورکیادا، پێدەچێت بەرەوپێشچوونەکانی ساڵانی ڕابردوو لە شوێنی خۆیاندا مابێتنەوە. دەستگیرکردنی بە کۆمەڵ، چەقبەستنی پرۆسە سیاسیەکە و پەلامارە سەربازییەکان کە بوونە هۆی کوژران و برینداربوونی چەندەها کورد، لە نێویاندا کوژرانی زیاتر لە بیست و چوار کەس لە بۆردمانێکدا لە ناوچەی شێرناخ، ئەو ڕووداوەی گڕێ و گرژی لە ساڵی ڕابردوودا جێهێشت. ئەگەر بڕیار بێت بەشێکی کوردستان هەست بە نائومێدی بکات کاتێك هەڵوێستە لەسەر ساڵی پار دەکات، ئەوا دەبێت ئەم بەشە کوردستانی تورکیا بێت. ماوەیەکی کەم پێش ئێستا، کاتێك حکومەتی تورکیا گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ پەکەکەدا ئەنجامدابوو و دەستی دابۆوە چاکسازیەکی تەندروست لە ناوخۆدا، ئومێد بە چارەسەرکردنی « کێشەی کورد» لە تورکیا دروستبوو.

ئەمەش وامان لێدەکات بیربکەینەوە ئایا باشتر نەبوو لەسەرەتاوە ئاستی چاوەڕوانی و ئومێدەکان لای خەڵك بەرزنەکرایەتەوە، تاوەکو ئەو خەون و ئومێدانە لەسەر تاشەبەردی پۆپۆلیزم و حساباتی سیاسی هەڵبژاردنەکان وورد و خاش نەبن.

بە دڵنیاییەوە، زۆرێك لە کوردەکانی ئێران هاوڕانین. هەم کەمینەی ئێتنی هەم کەمینەی ئاینی ( کە زۆربەیان سوننەن) وڵاتەکە، ئەتوانن هەر شتێك بەکاربهێنن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئومێد و هیواکانیان. بە ڕەوچاوکردنی ئەوەی چۆن ئەنجومەنی پارێزگاری لە ئێران پاکسازی لە لیستی ئەو کەسانەدا دەکات کە خۆیان دەپاڵێون بۆ گەیشتن بە دەسەڵات( کە تەنها ١٠٪ ئەو کەسانە دەهێڵێتەوە کە ئەرك و ماندوو بوونی خۆپاڵاوتن دەکێشن)، پێدەچێت هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی ئێران لە ناوەوە کارێکی مەحاڵ بێت. لەبەر ئەوەی کوردەکان لاوازن و دوورن لە ناوەندە سەرەکیەکانی دەسەڵاتەوە لە ئێراندا، ئەوا ئەگەر هەر هۆکاری دیکە بگرنەبەر بۆ بەرهەڵستیکردنی ڕژێمی ئێستای ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی شەڕێکی سەخت و دژوار دەبنەوە.

لە هەر حاڵەتێکدا، کاتێك کوردەکان هەڵوێست لەسەر ساڵی ڕابردوویان دەکەن و بیر لە ئومێد و خەونەکانیان بۆ ساڵی داهاتوو دەکەنەوە، ئەوا شتێکی دیکە شایستەی ئەوەیە بەیاد بهێنرێتەوە: هەموویان ئاهەنگ بۆ یەك جەژن دەگێڕن. لەوەش زیاتر، ئەوان ئاهەنگ بۆ ساڵێکی نوێ دەگێڕن کە لێکدانەوەیەکی ناسیۆنالیستی کوردی بۆ کراوە، بە تەرکیزکردن لەسەر ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر، کە پیاوێکی ئاسایی بوو و سەرکەوتووانە بەرهەڵستی زۆرداری زوحاکی کرد.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**

**حوسێن ئەل شەهرستانی، بەردەوام دەستوری بەو شێوەیە تەفسیرکرد کە هیچ بوارێك بۆ هەرێمی کوردستان ناهێڵێتەوە تاوەکو باس لە پرسی نەوت بکات. ئەمەش مانای وایە ناکۆکی لەسەر یاسای نەوت و غاز وەك هەمیشە بەردەوام دەبێت**

**هیچ زەمانەتێك نەبوو کە موعارەزەی سوری بە سەرکردایەتی عەرەب و گروپە ئیسلامیە سوننەکان باشتر مامەڵە لەگەڵ مافەکانی کوردا بکات**

**ئەم نەورۆزە ترووسکەی هیوا و نوێگەری بۆ کوردەکانی سوریا هێناوە. دوای ساڵانێکی دووروودرێژ، بۆ یەکەمجارە پێدەچێت دۆخ و ژیانیان بەرەو باشتر بگۆڕێت**

**کوردەکان هەموویان ئاهەنگ بۆ یەك جەژن دەگێڕن. لەوەش زیاتر، ئەوان ئاهەنگ بۆ ساڵێکی نوێ دەگێڕن کە لێکدانەوەیەکی ناسیۆنالیستی کوردی بۆ کراوە**



پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی میسر (بوسەینە کامل)ی ڕاگەیاندنکار بۆ گوڵان:

# ئەوەی ئازارهێنە قوربانیدانی گەنجانە و چنینەوەی بەرهەمەکەشیانە لەلایەن کەسانی ترەوە

**بوســەینە کامل ڕاگەیاندنکارو چالاکڤانێکی سیاســی و مافپەروەرە، بەرلەشــۆڕش لە بوارەکانی نەهێشــتنی گەندەڵێتی و هەژاریتی و دژایەتیکردنــی حوکمی بۆماوەیی کاری کردووە، ئەمڕۆش وەك تاقانە ئافرەتێکی میســری خۆی بۆ پۆســتی ســەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە هەڵبژاردووە، وێڕای قورســایی ئەرکەکەو جەســامەتی تەحەددییەکانیی کە وەك ئافرەتێکی سەربەخۆ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هاوکات بەرەنگاری هەموو ئەو لایەنانەش بۆتەوە کەبەدەر لەحساباتی سیاسی کەوتونەتە ململانێیەکی توند لەگەڵیدا. بە تێڕوانینی خۆی میلەکانی کاتژمێر بۆ دواوە ناگەڕێنەوە گەرچی شۆڕشەکە ئامانجەکانی خۆی تا ئێستا بە تەواوی وەدینەهێناوە، هەربۆیە بووسەینە سڵ دەکاتەوە لە دووبارەبوونەوەی بیرۆکەی ئیخوانەکان بۆ ئاوێزانبوونی پارەو دەســەڵات وەك چۆن پێشتر لە لایەن حزبی فەرمانڕەواوە ئەو دوو شتە ئاوێزان کرابوون..**

گوڵان: ئەسما حوسەینی/ قاهیرە

*** دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك بەسەر شۆڕشدا چۆن شۆڕشەکە هەڵدەسەنگێنی؟**

ـــ نازانین ئەم شۆڕشــەمان بــەرەو کوێ دەچێت، بەڵام بە تەئکید میلەکانی سەعات بۆ دواوە ناگەڕێنەوە، دڵنیام کە ئەنجومەنی سەربازی بەرەو پووکانەوە دەچێت بەهۆی ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە، ئێمە لە بەرانبەر خراپی بارودۆخێك دژ بە ڕژێمی پێشــوو ڕاپەڕیوین، بەڵام ئەوەی لە پاش شــۆڕش بینیمــان توندوتیژتر بوو لــە توندییەکانی ڕژێمــی ڕووخــاو، لەو ســاتەوەختەوەی ئەنجومەنــی ســەربازی فەرمانیان دا بە تەقەکردن لە مانگرتووانی بێ چەك، کاتێك تەماشــای ئیخوان موســلمینیش دەکەین ڕووی دووەمــی هەمان حزبــی وەتەنی پێشــووی تێدا دەبینین، هەمــان بیرۆکەو کۆنترۆڵە، لەکاتێکــدا ئێمە لە قۆناغێکی زۆر هەستیاریشین، لە بەرژەوەندی کەسدا نییە بە تەنیا خۆی بکاتە بەرپرســیار لە بەرانبەر هەمــوو وڵاتەکە، بارێکی گرانەو بە تەنیا جەمسەرێك ئەم بارە هەڵناگیرێت، ئایا ئیخوانەکانیش جارێکی تر دەستاوێژی ئاوێزانکردنی نێوان پارەو دەسەڵات دووپات دەکەنەوە..؟



ژمارە (٨٧٣) ■ ٢٠١٢/٤/٢

*** بە ڕای تۆ شۆڕش بەرەو کوێ دەگات؟**

- ئێمە بە وازهێنانەکەی حوسنی موبارەك تووشی واهیمەیەك بووین و وامانزانی بەرهەمی شۆڕشەکە پێگەیی، بەڵام وێڕای هەموو بارودۆخە سەختەکان و ئاکامە ترسناکەکان شۆڕش هەر بەردەوامە، مانگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی قوتابخانەو زانکۆکان لە بەرانبەر کوژرانی هاوشانەکانیان لە بۆرسەعید دڵنیای کردینەوە لەوەی کە کەس ناتوانێت شۆڕش دامرکێنێتەوە، زۆر شت هەن زەحمەتن ئێمە لێیان تێبگەین، چونکە لایەن و دەزگای فرە هەن دەست لە شتان وەردەدەن، بۆیە کەس ناتوانێت بە سانایی تێبگات لەوەی داخۆ ئەم کارانە کاری شۆڕشگێڕەکانن یان هی موخابەراتین یان بۆ ڕازی کردنی یان صەفەقاتن، باشترین بەرهەمی شۆڕشەکە تێکشکاندنی دیواری ترس بوو، ئەوەی گرنگتر لە دەستوورو یاساکان ئەوەیە ئێستا گەلێکی هۆشیارو وەئاگامان هەیە، ڕاستە بە تەواوی فەرمانڕەوایی موبارەکمان نەڕووخاندووە ئەمەی ئێستا صەفقەیەکی نێوان ئەو و ئەنجوومەنی سەربازییە کە موبارەکیان قەناعەت پێهێنا تا وەلابچێت بەڵام گوشاری زۆرمان بۆ بردن تا وامان لێ کردن لە شەرمولشێخ دەریبهێنن و بەرەو دادگا ڕاپێچی بکەن، ئێستاش هەر گوشاریان بۆ دەهێنین.

*** ڕووبەڕووی هەڵوێست و بارودۆخی سەخت بوویتەوە هەر لە سەرەتای خۆپاڵاوتنت بۆ سەرۆکایەتی و هەروەها لەئاکامی بەشداربوونت لە شۆڕشەکەدا، تۆ یەکەمین ئافرەتی کە بەدرێژایی ماوەی دووری مێژوویی لە پۆستی فەرمانڕەوایەتی میسری نزیك دەبیتەوە؟**

- من لە سەرەتاوە درکم بەوە کردبوو کە خۆپاڵاوتنم بۆ سەرۆکایەتی کارێکی ئاسان نابێت، هەندێك ئەم بابەتەیان بۆ خۆیان کردە گاڵتەجاڕێتی، هەندێکیش ئیش و کاریان نەبوو لە جنێوپێدانم زیاتر، یان تۆمەتبارکردنم بە ماسۆنیەت و بەکرێگیراوی ئیسرائیلی و هەڕەشەکردنی کوشتنم و لاقەکردنم..

*** ئەی خۆت بۆچی لە گەفدانەکانت دژ بە ئەنجوومەنی سەربازی فەرمانڕەوا دەنگت بەرز دەکەیتەوە؟**

- لە یەکەم ڕۆژەوە کە چووینە مەیدانی تەحریر وتمان(( مەدەنیەت مەدەنیەت.. نا بۆ تایەفەگەری نا بۆ سەربازی)) لەو کاتەوە درکمان کردبوو بەوەی کە پێویستمان بە حوکمێکی مەدەنی هەیە، کێشەکە تەنیا پابەند نەبوو بە مەسەلەی موبارەکەوە، ئێمە لە ساڵی ١٩٥٦وە هەر لە ژێر سایەی حوکمی سەربازیدا مابووینەوە، کە وتمان مەدەنیەت مەبەستمان تەنیا لە ئەنجومەنی سەربازی نییە، بەڵکو بە سەربازیکردنی وەزیفە مەدەنیەکانی تریشمان لا مەبەستە..

*** بۆچی سەنگ و قورسایی گرفتەکان بە شانی ئەنجوومەنی سەربازی دەدەیت لە کاتێکدا ئەوانە بوون کۆتاییان بە چاخی فەرمانڕەوایەتی موبارەك هێناوە؟**

- ئێستا دۆخەکە زەحمەتترکراوە لەوە دۆخەی موبارەك حوکمی تێدا دەکرد، لە کاتی حوکمی پێشوودا من بووم کە مانم دەگرت لە پێشکەشکردنی هەواڵەکان، بەڵام ئێستا بە بێ هیچ هۆکارێکی یاسایی ڕێگە دەگرن لێم تا هەواڵەکان پێشکەش بکەم، لە کاتێکدا من لە پاڵ شۆڕش و لە بەرەی خۆیانم، ئەوانیش نەیان وتووە ئێمە دژی شۆڕشەکەین، کەچی ڕێگەیان گرت لێم تا بەرنامەیەك پێشکەش بکەم لەسەر چۆنیەتی گێڕانەوەی پارە دزراوەکانی میسر.

**کاتێك تەماشای ئیخوان موسلمینیش دەکەین ڕووی دووەمی هەمان حزبی وەتەنی پێشووی تێدا دەبینین**

*** ئایا تۆ ڕاشکاوانەتر هەڵوێستەکانت دەخەیتە ڕوو؟**

- ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت من هیچ صەفەقاتێك و ڕێکەوتنێکم لەگەڵ هیچ لایەنێك ئەنجام نەدابێت، ئێستا شاڵاوێك هەیە بۆ سەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگەر هەموومان بە ئازایەتی زیاترەوە بجووڵاینایەتەوە ڕێگریمان لە زۆر شتی خراپ دەکرد کە ڕوویاندا یان ڕوودەدەن..

*** سووربوونێکت هەیە لەسەر ئەوەی ئەنجوومەنی سەربازی بدرێتە دادگا؟**

- بەڵێ پێویستە ئەنجومەنی سەربازی لەسەر ئەو سیاسەتانەی پیادەی کردن بەرانبەر حەقی شۆڕشەکەو بەرانبەر میسر لێپرسینەوەی بەرانبەر بکرێت.

*** چۆن هەڵمەتەکەت بەڕێوە دەچێت؟**

- هەڵمەتەکە ئاسان نییە بەڵام لەسەر زەمینەی واقیعەوە زەحمەت نەبوو، هاووڵاتیانی سادە بەلایانەوە جیاواز نییە کێ هەڵدەبژێرن، گرنگ ئەوەیە پاڵێوراو ئەوە لێبکێداتەوە واتای چییە ببێت بە سەرۆك یان حاکم، لە هەموو وڵاتانی ئەورووپاو خۆرئاوا حاکمان خزمەتکاری گەلن، بیرۆکەو لۆژیکی ئەوەی بەرپرسێك گەورەی گەلەکەی بێت بوونی نییە، بەرپرسیارێتی بریتی نییە لە دیمەن و دیکۆر و کۆنترۆڵکردن.

*** بەرنامەی هەڵبژاردنت لە چی پێکهاتووە؟**

- کارەکەم زەحمەت کراوە لێم؛ کەسێك هەڕەشەی کوشتنی لەسەر بێت و لە کارەکەی دوور بخرێتەوە ناتوانێت بە ئاسانی و بە ئازادی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنیدا بجووڵێتەوە .

*** ئەو پەیامە چییە کەنیازمەندی بیگەیەنیت؟**

- دەڵێن شۆڕش لە قاهیرەو شارە گەورەکان نەچۆتە دەرەوە، بۆیە نیازمەندم لە هەڵمەتی خۆپاڵاوتنمدا ئەو شۆڕشە بگەیەنمە گوندو شارۆچکەکان، بە جەخت کردنەوە لەسەر هەرەوەزی گەل بۆ سەرخستنی ڕۆحی ئەرێنی و دووروکەوتنەوە لە خاڵە نەرێنییەکان، پێشنیازی باشم لە خەڵکەوە پێ دەگات، بەرنامەی هەڵبژاردنم لە دەوری دوو تەوەرە دەسوڕێتەوە دژایەتی گەندەڵێتی و بەرەنگاربوونەوەی هەژارێتی..

*** کێ لایەنی دارایی هەڵمەتەکەتی لە ئەستۆ گرتووە؟**

- خۆم بە بابەتی پارەوە سەرقاڵ ناکەم زیاتر پشتم بە شارەزایی بەستووە، هەموو بزاف و جووڵانەوەکانم لەسەر گیرفانی خۆمە،، ئەو هەموو پارە ڕشتنە بە حەرام دەزانم کە پاڵێوراوان پەخشان و تەخشانی پێ دەکەن.

*** چی پێشنیاز دەکەیت بۆ بارودۆخی نالەباری ئابووری؟**

- ئابووری دەستپێکی دەرچوونە بەرەو چاکسازی، چونکە کاریگەرێتی هەیە بۆ خوێندن و فێربوون و تەندروستی و گشت

خزمەتگوزارییەکانی تریش، بڕوام بەوە نییە سەرۆك کۆمار ببێتە ئامرازێك بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان و مەرج نییە بۆ هەموو شتێك رووی تێبکرێت، دەخوازم بیرۆکەی فریادڕەسێتی سەرۆك کۆتایی پێبێت و مەرجیش نییە سەرۆك لە هەموو شتێك بزانێت، چونکە ئەو سەرۆکەی چارەسەری ئەفسووناوی گشت کێشەکانی لایەو خەونەکان بونیاد دەنێت و گرفتەکان دەست نیشان دەکات لە گوفتارەکانیدا زێدەڕۆیی تێدایە، بۆیە هەمیشە بە هاوکاری تیم کارەکان رێك دەخەمەوە.

*** ئەی سەبارەت بە بێکاری چیت پێشنیاز کردووە؟**

- پرۆژە زۆرن بۆ چارەسەری بێکاری کە پێشکەشی حکومەتی پێشوش کراون بەڵام ویستی جێبەجێکردنی پێویستە.

**لە یەکەم رۆژەوە کە چووینە مەیدانی تەحریر وتمان ((مەدەنییەت مەدەنییەت.. نا بۆ تایەفەگەری نا بۆ سەربازی)) لەو کاتەوە درکمان کردبوو بەوەی کە پێویستمان بە حوکمێکی مەدەنی هەیە**

*** هەمیشە قسە لەسەر وابەستەبوون و پەرەپێدان دەکەیت وەك ئەوەی دوو کاری هاوکوف بن؟**

- ئینتیماو پەرەپێدان دوانەی یەکترن، بەهۆیانەوە شتێك پێشکەشی وڵاتەکەت دەکەیت گەر هەست بکەیت بەشێکت هەیە تێیدا، تەنیا ژمارە نیت.

*** زۆر لەسەر بەرنامەی خۆپاڵاوتنت دەدوێیت وەك ئەوەی لە پێشبڕکێدا بیت لەگەڵ ئەوانی تردا؟**

- من تەنیا ئافرەتێکم کە خۆم دەپاڵێوم و لە هێڵەکانی پێشەوەی شۆڕشدا بووم، بوونی من پێویستە، رۆژنامەکان هەواڵەکانم بڵاوناکەنەوە بۆیە ناچارم کە خۆم لەسەر بەرنامەی خۆم بدوێم..

*** بەو قسانەت دکتۆر محەمەد بەرادعیت هێنایەوە یادم، ئەم هەستەت رەنگە وات لێ بکات لە کۆتاییدا تۆش لە دیمەنەکە بکشێیتەوە؟**

- بەر لە کشانەوەی بەرادعی من قسەم لەگەڵی کرد، ئەو کەسێکی خاوەن ویژدانەو دڵم هەمیشە لای ئەوو هەروەها ئەیمەن نوورە کە زۆر بێ ئەدەبانە هێرش دەکرایە سەریان، تا ئاستی گومان خستنە سەر ئەیمەن نوور و دواتر باجی دایەوە بەوەی ئازادی خۆیی و خانەوادەی لەدەست بدات، بەرادعی هۆکاری لۆژیکی هەبوو بۆ کشانەوە بە هیوام خۆپاڵێوراوانی تریش بە دوای ئەودا هەمان هەڵوێست وەربگرن، چونکە وای دەبینێت کەشوهەوای دیموکراتی نەسازاوە بۆ هەڵبژاردن و تا ئێستا دەستوورێکمان نییە، من لەوەدا هاوڕای ئەوم، بەڵام دەخوازم هەڵبژاردن هەر ئەنجام بدرێت، هەڵمەتی خۆپاڵێویی من شتێکی ترەو جیاوازو ناوازەیە یەکەمین ئافرەتم خۆم بۆ سەرۆکایەتی دەپاڵێوم و ئەمە نزیکە لە بزاڤێکی کۆمەڵایەتی، بۆیە گرنگە چونکە گۆڕانکاری فیکری تێدایە ئەوەش کاتی زیاتری دەوێت، ئەمەش کارێکی مەحاڵ نییە.

*** شۆڕشەکەتان لێ دزرا وەك هەندێك وا لێی دەدوێن؟**

ـــ گەشبینم سەرەڕای ناهەمواری بارودۆخەکەش، ئەوەی ئازارهێنە قوربانیدانی گەنجانە بە رۆح و گیانی خۆیان و چنینەوەی بەرهەمەکەشیانە لەلایەن کەسانی ترەوە، ئەمەش دژ بە سروشتی شتەکانە..

*** ئێستا زۆر لەسەر رەتکردنەوەی هاریکاری ئەمەریکی و پاڵپشتی دەرەکی شت دەوترێت، تۆ لەم بارەوە چی دەڵێی؟**

- میسر سەربەخۆیە، هیچ کەس نایەوێت هەموو تەمەنی لەسەر هاریکاری ئەوانی تر بەسەرببات، سەرۆکی مفەوەزییەی ئەورووپی لە راگەیاندنێکیدا وتی ئەگەر سامانی میسر نەدزرایە ئەوا بەشی بژێوی چارەگێکی ئەورووپای دەکرد، بۆیە پێشتر داوام دەکرد هاریکارییەکان ببەسترێنەوە بە ئاستی جێبەجێ کردن و کاراکردنی رێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵێتی. هیچ دڵخۆش نیم بەو بارودۆخەی ئێستامان کە لەسەر هاریکاری دەرەکی بژێین.

**لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە میسر برووخێت و ناشیانەوێت ببێتە هێزێکی زەبرووەشێن لەو بڕوایەدام گرنگترین شت بۆ ئەمەریکاو خۆرئاوا ئەوەیە میسر ببێتە لایەنێك بۆ سەقامگیری**

**بڕوام بەوە نییە سەرۆك کۆمار ببێتە ئامرازێك بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان و مەرج نییە بۆ هەموو شتێك رووی تێبکرێت**

*** قسە هەیە لەسەر بڕینی ئەو هاریکارییانەی لە ئەمەریکاوە پێشکەشی میسر دەکرێت؟**

- ئەو رێکخراوە بیانیانەی رێگەیان پێدرا چاودێری هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە بکەن بۆچی ئێستا لەسەر ئەوە دەدوێین کە بوونیان ناشەرعییە بە رای من ئەوانە دەیانەوێت لەگەڵ ئەمەریکا بیکەنە ئاژاوەگێڕی چونکە دیالۆگی هەیە لەگەڵ ئیخوانەکاندا لەو بڕوایەشدا نیم وڵاتانی خۆرئاوا فشار بخەنە سەر میسر، ئێمە ئەو هێزە مەترسیدارە نین تا رووبەڕوومان ببنەوە گرفتی خۆمان هەیەو لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە میسر بڕووخێت و ناشیانەوێت ببێتە هێزێکی زەبروەشێن لەو بڕوایەدام گرنگترین شت بۆ ئەمەریکاو خۆرئاوا ئەوەیە میسر ببێتە لایەنێك بۆ سەقامگیری .

*** ئەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ هێزە هەرێمییەکانی وەك ئیران و تورکیا پێویستە چۆنی بێت؟**

- پێویستە لەسەر خاڵەکانی رێکەوتن و کەلتووری هاوبەش پێوەندی دروست بکرێت لەگەڵ سەرخستنی بەرژەوەندی باڵای میسری بۆیە پەیامەکەم لە هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەوەلیاتی ئەجینداکانم وڵاتی میسرە، بۆیە هەر لێدوانێك لەسەر کۆڕەوو پێکرانی مەسیحیەکان یان بە کافرکردنی بەهائییەکان کارێکی بێ مانایە.

*** ئەی ئەولەویاتی سیاسەتی دەرەوە کە**

**جێی بایەخت بن چین؟**

- پێویستە لە ڕووی مەبدەئەوە بە ڕووی جیهاندا بکرێینەوەو پێوەندی هاوسەنگ لەگەڵ هەمووان گرێ بدەینەوە.

*** میسری شۆڕش گرفتی زۆری لە ڕژێمی پێشووەوە بە کەڵەکەکراوی بۆ ماوەتەوە؟**

- خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەهائەدین وتی کاتێک گرفتێک بە بنبەست بگات بگەڕێن بە شوێن بەرژەوەندی، هیچ گرفتێک بێ چارەسەر نییە لەم دنیادا، بەڵام زۆرجار بە ئەنقەستەوە چارەسەرەکان ئاڵۆز دەکرێن..

*** چی دەڵێی سەبارەت بە گرفتی گەورە لە ڕووباری نیلدا؟**

- کاتێک لەتەک شاندی میللی دیبلۆماسی میسری بووم تووشی داچڵەکان هاتین کاتێک سەرۆک وەزیرانی ئەسیوبیا پێی وتین من لە حوسنی موبارەك زیاتر لە ئیسرائیل نزیک نەبوومەتەوە هەر ڕێکەوتن و دیالۆگێک ئەنجام بدرایە عومەر سلێمانی بەرێوەبەری موخابەراتی پێشووی ڕژێم لەباری دەبرد، هەروەها ئەحمەد نەزیفی سەرۆک وەزیرانی پێشوو بۆ داوەتنامەی سەرۆک وەزیرانی ئەسیوبیا خۆی لە گێلی دابوو بە شێوەیە ڕەفتارەکانی میسر لووتبەرزی تێدابووە پێشتر و پێوەندییەکان تێکدەران بوون لەگەڵ وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیادا..

*** ئەو تێکدانە بە ئەنقەست و مەبەستەوە بووە؟**

- لە هەموو وەزیفەکانی وەزارەتی دەرەوەو ناوخۆدا نەیانهێشتووە کەسانی لێهاتوو دڵسۆز بگاتە پۆستە باڵاکان بۆیە پێویستە پاکسازییان تێدا بکرێت بە تایبەتی لەوانە پاکبکرێنەوە کە لە دەرەوە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان سووک کردووە، تەنیا بە تاقە شاندێک کە لەماوەی سێ ڕۆژدا سەرۆکی ئەسیوبیامان بینی و بەڵێنی

**ئەو سەرۆکەی چارەسەری ئەفسووناوی گشت کێشەکانی لایەو خەونەکان بونیاد دەنێت و گرفتەکان دەست نیشان دەکات لە گوفتارەکانیدا زێدەڕۆیی تێدایە**

**من ناتوانم لەسەر غەزەو قودس بدوێم بێ ئەوەی لەمیسر نەدوێم، ئەگەر میسر چاك بێت هەموو وڵاتانی تریش چاوی لێ دەکەن**

ئەوەمان لێی وەرگرت کە تەواوکردنی بەنداوی نەهزە دوادەخەن تا ئەو کاتانەی میسر داموەزگاکانی بونیاد دەنێتەوە

*** بە ڕای تۆ گرنگترین بەرهەمەکانی شۆڕش لە چیدا دەبینرێتەوە؟**

- گەورەترین بەهای لەم شۆڕشەدا ئەوە بوو ماسکەکانی داماڵی، وەك ئەو قۆرییەمان لێ هاتووە کە قوڵپ دەدات و هێشتاش کاتی زیاتری ماوە بۆ ئەوەی بە تەواوی چایەکە بکوڵێت، چایی شۆڕش نەکوڵاوە ئیتر بۆچی تەماعیان لە پۆستەکانە.

*** ئەی پێوەندییە عارەبییەکانمان؟**

- من ناتوانم لەسەر غەزەو قودس بدوێم بێ ئەوەی لەمیسر نەدوێم ئەگەر میسر چاك بێت هەموو وڵاتانی تریش چاوی لێ دەکەن بۆیە پێویستە میسر لەو تەنگژەیەی ئێستای دەربکەین.

*** زۆر لە میسرییەکان گلەیی لە وڵاتانی کەنداو دەکەن و دەڵێن هەستمان پێ ناکەن؟**

- ئەمە خیتابێکی باش نییە نامەوێت بەو لۆژیکە بدوێم کاتێك چوومە ئەسیوبیا وتم لە مافە مێژووییەکان نادوێین بەڵکو مافە مرۆییەکان جێی لێدوانن هەر منالێك لە کەناری نیلدا پێویستە ئاوی خاوێنی و خۆر و کارەبای دەست بکەوێت، ناتوانم بەو شێوەیە بیربکەمەوە ئەگەر خۆم بە برای گەورە دابنێم.

*** ساڵانی ئاشتی لە بەرانبەر ئیسرائیلدا هەرشەلیکراوە، هەن پێیان وایە چاوێك بە ڕێکەوتنامەی کامپ دیڤید بخشێنرێتەوە؟**

- ئەوە هێشتا وەختی نییە، ئێمە بونیادنانی وڵاتمان لە پێشە، ئەمە پێویستە کاری سەرەکیمان بێت، ئاسایشی سینا بە زیادکردنی تانك ناپارێزرێت بەڵکو بە ئاوەدانکردنەوەیەتی.


*** ئێستا دروشمی ئاینی بەرزکراوەتەوە لە ئامانجی شۆڕش ترازاوە؟**

- منیش زۆرم پێ سەیرە پیاوانی مەسیحی و کڵێساو شێخەکانی ئیسلامی پێکەوە لە دژی شۆڕشدا وەستابوونەوە، کڵێسا پێی وابوو ڕژێمی پێشوو پارێزگاری لێ دەکات ئیسلامیەکانیش پێیان وابوو شۆڕش دەرچوونە لە فەرمانی حاکمان بە سەرکەوتنی شۆڕشەکە سوننەت و شەریعە خۆی کرد بە ناوداو دروشمی ئیسلامیە ئیسلامیەیان لێ هەڵبڕی.

*** تۆ لە سەرکەوتنی ئیسلامیەکان دەترسێیت؟**

- نیگەران نیم، ئەمەخولێکەو تێدەپەڕێت هەمووان ناچارن بەرەو پێشەوە بچن و خۆیان پەرە پێبدەن، هیچ کەسێك ناتوانێت هەموو شتەکان بە تەنیا بۆ ئەم وڵاتە بکات..

*** ئیسلام نزیکە لە دەروونی میسرییەکانەوە؟**



**ڕێگەیان لێ گرتم تا بەرنامەیەك لەسەر چۆنیەتی گێڕانەوەی پارە دزراوەکانی میسر پێشکەش بکەم**

- ئیسلام شتێکی جوانە نابێت بشێوێنرێت، زۆر هەن مەبەستیانە بەوێنەی شێواو ئیسلام نیشان بدەن، ئیسلام و هەموو ئایینەکان بەهای خێرو ماف و دادوەری و بەزەییان هەیە، بەڵام ئایین قۆرخ دەکرێت، ئومێد دەکەم ئەو پارتانەی ئیسلامیان کردۆتە دروشمی خۆیان نەبنە دیوی دووەمی حزبی نیشتمانی پێشوو.

*** هەڵسەنگاندنت بۆ ئەدای پەرلەمان چییە لە قۆناغی ڕابردوودا؟**

- زەحمەتە حوکم بدرێت لەسەری، لە کۆتاییدا پەرلەمانێکە بۆ ماوەیەکی کورت، هەست دەکەم پێویستە ڕاگەیاندن دانیشتنەکانی بخاتە ڕوو تا بیانبینین و هەڵیانسەنگێنین.